شانۆی جیهانی

# مردن و پاکیزە

لە ئینگلیزییەوە : فاروق هۆمەر

2008

PDF4Kurd



ئێریەڵ دۆرفمەن

فاروق هۆمەری ئازیز :

من لە شوێنێکەوە ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم کە لەماڵەوە دورم و سەرقاڵی سەفەرم، بۆیە دەبێت بمبەخشی ئەگەر نامەکەم کورت بێت . ئەوە شەرفێکی گەورەیە بۆ من کە ئێوە شانۆییەکەی منتان بە دڵ بوە . بە هەموو جۆرێک من پێم خۆشە بۆ خەڵکانی ئێوە و بەو زمانە شیرینەتان شانۆییەکەم بڵاوبێتەوە .

پەیامی من بۆ ئێوە زۆر سادەیە :

" ئەم شانۆییە لە دەرەنجامی ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە و لە هەمان کاتیشا ئەو هیوایەوە، نوسراوە کە خەڵکانی شیلی لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتدا هەیانبوە و من نوێژ دەکەم، لە زمانی کوردیشا بە هەمان شێوە یاریدەدەر بێ بۆ ئەوەی لە هەرێمەکەی ئێوەش هەقیقەت بە خەڵکان ببەخشێت، هەر وەک چۆن کارەکتەرەکانی شانۆییەکە لەگەڵ هەقیقەت دەجوڵێنەوە لای ئێوەش ئاوا مامەڵەی لەگەڵا بکرێت، بەوەی بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێین کە کۆتاییەک بۆ توندوتیژی دابنێین و ئەوەش تاکە ڕێگایەکە کە هەمیشە داوای دادپەروەری دەکا و لەهەمان کاتیشا بواریش بۆ قوربانی دەرەخسێنێ کە قسەی خۆی تیا بکات، بەوەی کە مردوو هەرگیز بێ دەنگ ناکرێت . من بۆ ساڵانێکی دورو درێژە ئاگام لە کێشەی کوردی هەیە و ئەو کێشەیەش جێگایەکی زۆر شایستەی لەناو دڵ و دەرونی منا داگیرکردوە، بەوەش کە شانۆییەکەتان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، مەزنترین دیاریتان بەخشیوەتە من " .

پەیامەکەی من ئەوە بوو .

زۆر مەمنون دەبم هەر کاتێکێش شانۆییەکە چاپ کرا، دانەیەکم لەو کتێبە بۆ بنێرن تا لەناو کۆ بەرهەمەکانی خۆمی دانێم و نیشانی میوانەکانمی بدەم .

ئێریەڵ دۆرفمەن

22 ی جولای 2008

پێشەکی

ئێریەل دۆرفمەن کێیە ؟

بۆ ئەوەی دۆرفمەن وەک خۆی بناسین، دەبێ لە مەنفا بدوێین، چونکە دۆرفمەن و مەنفا دوانەیەکن پێکەوە لە دایک بوون . بەرلەوەی دۆرفمەن بێتە دونیا، پیاوێک کە دواجار دەبێتە باوکی، لە شاری " ئەدیسا " کە دەکەوێتە سەر دەریای ڕەش، هەڵدێت بۆ ئەوروپا و دواجار خۆی لە ئەرجەنتین دەگرێتەوە . هەمان قەدەر ژنێک لە " کیشنەوە " هەڵدەگرێ، کە پایتەختی ماڵدۆڤە، بۆ ئەوروپا و دوای ئەوێش بۆ ئەرجەنتین . ئەم ژن و پیاوە ئاوارەیە، لە ئەرجەنتین یەکدی دەناسن و خێزانێک پێکەوە دەنێن و لە ساڵی 1942 دا یەکەم مناڵیان ناو لێ دەنێن ئێریەڵ .

ئێریەڵ، لە دایک و باوکێکی بە ئەسڵ جولەکە، دایکێکی ڕۆمانی کە بەزمانی " یودش یان سلافی " دەدوێت، باوکێکیش ئۆکرانی کە بەزمانی روسی دەدوێ، چاوی بە دونیا هەڵدەهێنێت . دایک و باوکێک کە پێشتر لە دەست چەوسانەوەی ئاینی هەڵهاتبوون بەرەو ئەرجەنتین و قەدەر زمانی ئیسپانی کە زمانی دووەمی دایک و باوکێتی دەکاتە زمانی یەکەمی ئەو مناڵە .

بەڵام ئەو مناڵە کە چۆن قەدەر دایک و باوکی لە وڵاتێکەوە بەرەو وڵاتێکی دی دەبرد، هەر لە مناڵیەوە لە چارەی دەنوسرێت کە لە وڵاتێکا ئارام نەگرێ و زۆرێک لە ژیانی لە مەنفادا بەرێتە سەر . بۆ خۆی لە شوێنێکا دەڵێ من لە ناو زمانە جیاوازەکاندا لە دایک بووم و هەر لە مناڵییەوە خۆشەویستیم بەرانبەر بە زمانە جیاوازەکان تیا خوڵقا . هێشتا تەمەنی دوو ساڵ دەبێ و نابێت، باوکی جارێکی دی لە دەست زەبر و زەنگی فاشیست لە ئەرجەنتین هەڵدێت و خۆی دەگەیەنێتە ئەمەریکا . کاتێکیش کە دۆرفمەن دەگاتە ئەوێ، جیاوازی زمان دوچاری ئازارێکی دەرونی و ئەزمونێکی سەختی دەکا و بۆ ماوەی دە ساڵ لە زمانی ئیسپانی دایدەبڕێت . ئەمەش وای لێ دەکات فێری زمانی ئینگلیزی بێ و ببێتە مناڵێکی ئەمەریکی .

دۆرفمەن هێشتا تەمەنی دوانزە ساڵ دەبێت، کە جارێکی دی باوکی، بە هۆی مەکارزیزمەوە لە ئەمەریکاوە هەڵدێت و ڕوو دەکاتە شیلی . دۆرفمەن بۆ خۆی دەربارەی ئەو ڕوداوە دەڵێ، ناچار بووم

ڕوو لە وڵاتێکی ئەمریکای لاتین بکەم کە حەزم پێی نەبوو، زمانی ئیسپانیش کە من نەمئەتوانی قسەی

پێ بکەم . بەڵام وردە وردە دۆستایەتی لەگەڵ زمانی ئیسپانی پەیدا دەکا و بە سروشتی دڵگیری شیلیش ڕا دێت . کاتێکیش کە دەبینێت، خەڵکانی ئەمریکای لاتین لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەچەوسێنەوە، ئیدی ڕق لە زمانی ئینگلیزی ئینگلیزی هەڵدەگرێ و بڕیار دەدات بۆ هەمیشە بەو زمانە نەدوێت . بەڵام دواجار هەر مەنفا ناچاری دەکات لەو پەیمانەی پەشیمان بێتەوە و زامەکانی شیلی بە زمانی ئینگلیزی بگێڕێتەوە . لە شیلی پەرە بە خوێندنی خۆی دەدات و لە ساڵی 1965 لە ئەدەبی ئەمریکای لاتینا بڕوانامەی دکتۆرا بە دەست دەهێنێ و لەو ساتەشەوە تا کاتی کودەتا لە زانکۆی شیلی وانەی ڕەخنەی ئەدەبی دەگوتەوە . لەساڵی هەفتادا هاوبەشی شۆرشی دیموکراتی شیلی دەکات کە بە هەڵبژاردن نەک بە گوولە، سلڤادۆر ئەلەندی دەکاتە سەرۆک .

## کودەتای پینۆشێیت :

دۆرفمەن، یەکێک بوو لە لایەنگرانی سلڤادۆر ئەلەندی، ئەو سەرۆکەی کە شیلییەکان بە هەڵبژاردن دەنگیان پێدابوو، لە ئیدارەکەی ئەویشا پۆستی "ڕاوێژکاری کەلتوری " سەرۆکی پێ سپێردرا بوو . بەرە بەیانی 11 گەلاوێژی ساڵی 1973 نەک هەر بەلای شیلییەکانەوە، بەڵکو بە لای هەموو دیموکراتخوازەکانی ئەمریکای لاتینیشەوە، ڕۆژێکی شووم و مەینەتبار بوو، بەرەبەیانییەک بوو کە بۆ چارەکە سەدەیەک شیلی بە تاریکی سپارد . 11ی گەلاوێژ، پەردە دادانەوەیە لەسەر ڕۆژگارێک کە مرۆڤ تیا ئازاد بوو گوزارشت لە خۆی بکات و بە ئارەزووی خۆی بدوێت . 11ی گەلاوێژ، ئەو ڕۆژەیە کە ئازادی تیا لە گۆڕ دەنرێ و شیلیش وەک پاکییزەیەک پێشکەش بە یەکێک لە سەرسەخترین دیکاتۆرەکانی سەدەی بیستەم دەکات .

هەموو هاوڕێکانی ئەو بەیانییە کوژران، ئەی چارەنوسی دۆرفمەن بە کوێ دەگات ؟

ئەو بەیانییە سلڤادۆر ئەلەندی، وەک جەنگاوەرێک بە کڵاوێکی سەربازی و ئەو بیکەسییەوە کە پێشتر فیدیڵ کاسترۆ، بە دیاری پێی بەخشی بوو لە پێش هاوڕێکانییەوە تا مردن دەجەنگێت . دۆرفمەن دەربارەی ئەو ڕوداوە دەڵێ :

" ژیان منی بەخشی، مێژوو منی بەخشی، توندوتیژی خۆی لە من بوارد و مەرگ بڕیاری دا لەگەڵ خۆیم نەبات . من ئەو بەیانییە دەبوو لە کۆشکی لامۆندێ بوومایە لەگەڵ ئەلەندی "

## ڕۆژی پەلاماری سەربازی بۆ سەر کۆشکی لامۆندێ، دۆرفمەن لە کوێ بوو؟

ئەوە بۆ خۆی پەرجوویەک بوو کە لەو ڕۆژەدا من لە کۆشک نەبووم، لە کاتێکا دەبوو لەوێ بم . ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر ئازیزما،کە ناوی کلۆدیۆ جیمینۆ بوو، کارەکانمان گۆڕییەوە، ئەو لە شوێنی من لەوێ بوو، ئەو لە جیاتی من کوژرا . ئەوە ڕێکەوتێکی زۆر سەیر بوو، ئەو ڕۆژە بەرنامەم دانا بوو کە نەچم بۆ کۆشک و وام دانابوو لە جیاتی ئەوە بچم بۆ تەلەفیزۆنی نیشتمانی و کار لەو کەسێتیە تازەیەدا بکەم کە بۆ ئیفلام کارتۆن دامهێنا بوو، بەڵام دوایی ئەوەم بۆ نەکرا و ڕام گۆڕی. لە سەرۆکایەتی لیستی دەوام کردن هەبوو، کە دەبوو لەکاتی مەترسیدا پەیوەندیان پێوە بکرایە، ئەو بەیانییە کەس پەیوەندی پێوە نەکردم، لە کاتێکا دەبوو پەیوەندیان پێوە بکردمایە . ئەوە وای کرد من ئەو بەیانییە بنووم . لەو کاتەدا نەمئەتوانی لەوە تێبگەم کە بۆچی بانگ نەکرام . پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕوداوەدا، فرناندۆ فلۆریسم بینی، ئەو کەسەی کە لێپرسراوی ئەو لیستە بوو لەو ڕۆژگارەدا و لێم پرسی بۆچی ئەو بەیانییە پەیوەندیت پێوە نەکردم ؟ فرناندۆ کەمێک وەستا و تاوێک بە خۆیا چۆوە، وەک ئەوەی بچێتەوە ناو ئەو ڕۆژگارە و گووتی، بۆیە بانگم نەکردی، چونکە دەبوو کەسێکی نزیک لەو ڕۆژگارە زیندوو بمێنێتەوە تا بتوانێ چیرۆکی شیلی بۆ دونیا بگێڕێتەوە .

هەر دۆرفمەن بۆ خۆی بەردەوام دەبێ و دەڵێ : من بڕوا ناکەم ئەوە ئیرادەیەکی ئاینی بوبێ و ئەوە خواوەند بوو بێت کە منی پاراست بێت . من بۆ خۆم کەسێکی ئایینی نیم بەڵکو وای بۆ دەچم کە ئەوە قەدەرێک بوو بێ .

ئەو پیاوەی لە قەدەری نوسرا بوو ببێتە حیکایەت خوان .

قەدەرێک ویستی دۆرفمەن بکاتە حیکایەتخوانێک و چیرۆکی مەرگ و ژیانی شیلی بگێرێتەوە . دۆرفمەن ژیا بۆ ئەوەی ژیان بە شیلی ببەخشێت، ژیا بۆ ئەوەی هەموو ئەو تاوان و کوشت و بڕەی کە لەو ڕۆژەدا و دواتریش ڕوو دەدەن بگەیەنێتە دونیا . بۆ نزیکی چارەکە سەدەیەک، دۆرفمەن، شیلی گرتە باوەش و بە دونیادا گێڕای . بۆیە کاتێک کە بەرهەمەکانی دۆرفمەن دەخوێنیتەوە، ئازار و برینی مرۆڤی شیلی تیا دەبینیتەوە . دۆرفمەن زیاتر بە شانۆیی مەرگ وپاکییزە ناوبانگێکی جیهانی وەرگرت، ئەو شانۆیەی کە بۆ زیاتر لە پەنجا زمانی زیندووی جیهان وەرگێردرا . هەر ئەو شانۆییەش بۆ کە وای کرد هەموو دونیا بڕواننە شیلی و بۆیان دەرکەوێت کە لە ڕۆژگاری پینۆشێیدا لەو وڵاتەدا چی ڕوویداوە . ئیدی لە دوای 11 گەلاوێژەوە بەرەو ئەوروپا هەڵدێت و دەچێتە هۆڵەندا و لەوێوە جارێکی دی بەرەو ئەمەریکا دەڕوات و درێژترین ماوەی ئاوارەیی، دۆرفمەن دەست پێدەکات، کە نزیکی چارەکە سەدەیەک درێژ دەبێتەوە .

ئێریەڵ دۆرفمەن، نوسەرێکی پڕ بەرهەمە و نوسینەکانی بەهەردوو زمانی ئیسپانی و ئینگلیزی بڵاو کردۆتەوە، ئەمانەی خوارەوە ناوی هەندێک لە کتێبەکانێتی:

" کەسێک بۆ داهاتوو دەنوسێت " ساڵی 1991 لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئەدەبی هاوچەرخی ئەمریکای لاتین .

" ماڵەکەم دەسوتێت " ساڵی 2002 کۆمەڵە چیرۆک .

" یادەوەرییەکانی بیابان " ساڵی 2004 یاداشت نامە، سەفەرێکە بۆ باکوری شیلی .

" نەهێشتنی ئەشکەنجە " ساڵی 2002 لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی چارەکە سەدەیەک ژیانی دیکتاتۆریەت لە شیلی .

" دواین والتز لە سانتیاگۆ " ساڵی 1988 کۆمەڵە شیعر لەسەر مەنفا .

" دوا گۆرانی بۆ مانوێل " ساڵی 1986 ڕۆمان .

" بێوەژنەکان " ساڵی 1983 شانۆ .

" خوێنەر " ساڵی 1995 شانۆ .

" مەرگ و پاکییزە " ساڵی 1991 شانۆ .

شانۆیی مەرگ و پاکییزە چۆن نوسرا :

هەشت، نۆ ساڵ بەر لە ئیستا، هێشتا ژەنراڵ ئۆگەستۆ پینۆشێیت دیکتاتۆری شیلی بوو، منیش لە مەنفا درێژەم بە ژیان دەدا، بە شێوەیەکی ئەزموونی ڕوداوێکی درامی خەریک بوو لە مێشکمدا گەڵاڵە دەبوو .

کە رۆژگارێک دواتر لام بووە ناواخنی شانۆیی " مەرگ وپاکییزە " . ماوەیەک لەمەوبەر ڕوداوێک لە ڕۆژنامەیەک سەرنجی ڕاکێشام، ڕوداوەکە باسی کابرایەکی دەکرد کە ماشێنەکەی لەسەر شا ڕێگایەک لێ خراپ دەبێت و ئەو شەوە پیاوچاکێکی نەناسراو، دەیباتەوە ماڵی خۆی . ژنەی پیاوچاک پێی وایە دەنگی کابرا، دەنگی ئەو جەلادەیە کە ساڵانێک لەمەوبەر لە زینداندا ئەشکەنجەی داوە و ئابڕوی تکاندوە ، بۆیە دەیفرێنێ و بڕیار دەدات لە ماڵەکەی خۆیدا، دادگایی بکات . ئیتر لەوەو دوا، تاو نا تاوێک لەسەری دادەنیشتم و دەستم دەکرد بە لاپەڕە ڕەش کردنەوە و پێشبینی ئەوەم دەکرد کە لەلام ببێتە ڕۆمانێک . پاشی چەند کاتژمێرێک و ڕەش کردنەوەی چەند لاپەڕەیەک کە بەری دڵیان نەدەگرتم، تووشی بێهومێدی دەبووم لێی و ئیتر بۆ ماوەیەک لێی دوور دەکەوتمەوە . لە مەسەلەکەدا سیمایەکی گەوهەری هەبوو خۆی نەئەدا بەدەستەوە . بۆ نمونە من سەرم لەوە دەرنەدەچوو کە مێردی ئەو ژنە دەبێت کێ بێت، ئەگەر ئەو مێردە بڕوا بە ژنەکەی بکات، چ هەڵوێستێک دەگرێتەبەر . ئەوەشم لە لا ڕوون نەبوو ئەو شوێنە دەبێ کوێ بێت کە ئەو ڕوداوەی تیا ڕوو دەدات، هەروەها ئەو بارودۆخە مێژووییەشم لەلا ڕوون نەبوو کە دەبوا ئەو چیرۆکەی تیا گەشە بکاو بەبار بێت، بە هەموو ئەو پەیوەندییە ئاماژەیی و نهێنیانەی کە تانو پۆی ژیانی وڵاتێک پێکەوە گرێ دەدا و ئەو جیهانە داخراو و ترسناکەش کە دەکەوێتە دەرەوەی ماڵێ ئەو ژنە .

ڕەنگە زۆر لەخۆ کردن کارێکی شیاو بێ بۆ ئەوەی ئەو منداڵە بەسەلامەتی لە هەناوی دایکی بێتە دەرەوە، بەڵام دواتر دڵنیاییەک خۆی خزاندە گیانمەوە، کە تەواوێک ئاشنای کردم بەوەی، ئەگەر کارەکتەرێک بۆ خۆی نەیەوێت لە دایک بێ، ڕەنگە زۆر لێکردن بیترسێنێ و دوریش نییە لەباری بەرێت . بۆیە دەبوو

ئەو سێینەیەم بۆ ماوەیەکی درێژتر لای خۆم بهێشتایەتەوە . تا ئەو کاتەی لەساڵی 1990 دا جارێکی دی شیلی باوەشی بە دیمۆکراسیەتدا کردەوە و دوای حەڤدە ساڵیش ژیان لە مەنفادا خۆم و خێزانەکەم سەرلەنوێ گەڕاینەوە بۆ شیلی و لەوێ جێگیر بووینەوە . ئیدی لێرەوە تێگەیشتم کە ئەو چیرۆکە دەبێت چۆن بنوسرێت . چ لەو کاتەدا و چ لە ئیستاشدا کە من خەریکی نوسینی ئەم ڕوونکردنەوەیەم، وڵاتەکەم لە دەمێکی هەستیار و پڕ مەترسیداردا دەژی و هەنگاوی لەرزۆک بەرەو دیموکراتیەت هەڵدەگرێت . ئەگەرچی پینوشێی گۆڕی ونبووە

و چی دی سەرۆکی شیلی نییە، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرۆکایەتی سوپا دەکا و کەمو زۆر کاریگەری رۆحی لەسەر هێزە سەربازییەکان ماوە، ئەگەر هاوڵاتیانی شیلی سەرکەش و یاخی بجوڵێنەوە و بکەونە کوشت و بڕی ئەو کەسانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەواداری ڕژێمی پێشوو بوون، دور نییە ترس و هەڕەشەی کوتادەیەکی تر، لەئارادا مابێت .

دەبێ فەرمانی ئەوە بدرێت کە لە ئاژاوە و بەرەنگار بوونەوە خۆ بەدوور بگیرێت . حکومەتی تازە دەبوو ڕێگەیەکی بگرتایەتە بەر بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە لایەنگری پینۆشێین و جێگا و پۆستی گرنگیان بە دەستەوەیە جارێ لە شوێنە هەستیارەکانی وەک دادوەری و ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی شارەکان و بەتایبەتیش لە دەزگای داراییدا، لەکارنەخرێن .

لە پای پاراستنی مافەکانی مرۆڤیشدا سەرۆکی بە دیموکرات هەڵبژێردراوی شیلی " پەتریشیۆ ئەیلوین " بۆ دانانی سنورێک بۆ ئەو کێشەیە، لیژنەیەکی دانا کە دواجار ئەو لیژنەیە بە " لیژنەی ریتینگ " ناسرا . کە پارێزەرێکی تەمەن هەشتا ساڵ سەرۆکایەتی دەکرد، بۆ لێپێچینەوە لە هەموو ئەو تاوان و پێشێل کارییانەی کە لەسەردەمی دیکتاتۆریەتدا ڕوویان داوە و کۆتاییان بە مەرگ هاتوە یان مردنیان لێ کەوتۆتەوە، بەڵام کارەکەی ئەوان لەوێدا سنوردار کرابوو کە ناوی تاوانباران بڵاونەکرێنەوە و هیچ سزایەکیش دەرنەکرێ .

ئەوە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ سارێژکرنەوەی برینەکانی ولاتێک کە دەمێک بوو بەدەست ئازارەکانی خۆیەوە دەینالاند، بە پێی دانپیانێکی جەماوەری، تۆقین حەقیقەتێکی ئاشکرا و ڕوون بوو، کە نەدەکرا خۆمانی لێ گێل بکەین و هەمیشە ئێمەی پێ دەناسراینەوە، بۆ خۆشی مێژوویەکی بەڵگە نەویست بوو کە بەردەوام دەرگای ڕق و تۆڵەکردنەوەی بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا والا دەکرد، هیوا دەخوازین ئەو ڕۆژگارە بەتەواوی لەیاد بکەین . لەلایەکی دییەوە دادپەروەری بۆی ناکرێ هیچ  ئەنجامێک بەدەست بهێنێ، لەکاتێکا ئەو کارەساتە ترسناکەی کەسەدان هەزار کەس لەو قوربانیانە ئەزموونیان کردوە، ئەوانەی ئەگەر چی ڕزگاریان بوە بەلام هێشتا

نازانرێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت . ئالوین بەوپەری وریاییەوە پێشڕەوی قۆناخێکی هەستیار دەکات لە نێوان ئەوانەی دەیانەوێت سەردەمی تۆقین بەتەواوی بنێژن و لەیادی کەن، ئەوانەش کە دەیانەوێت بەتەواوی پەردەی لەسەر هەڵماڵن .

من بەوپەڕی تامەزرۆیییەوە تەماشای لیژنەکەم دەکرد کە چۆن ئەو ئەرکە قورس و دژوارە جێبەجێ دەکەن . لەهەمان کاتیشا ئەوەم لەلا ڕوون بوبۆوە کە من کلیلی چیرۆکەکەی خۆمم بەردەست کەوتوە، ئەو چیرۆکەی بۆ چەندین ساڵە لە مەنفادا لەگەڵم دەژی . ئەو فڕاندن و دادگایی کردنە ئەندێشە کراوە، ناکرێت لە ولاتێکدا ڕوو بدات کە لە ژێر پۆستاڵی دیکتاتۆرییەتدا بناڵێنێ، بەڵکو لە ولاتێکدا کە لە قۆناخی پەڕینەوەدا بێ، بەرەو دیمۆکراسیەت . لە شوێنێکدا کە زۆر لە شیلییەکان لە دژی ئەو ئازارە نهێنیانە، ڕادەپەڕن و دەتەقنەوە کە ڕۆژگارێکی دورو درێژە  لە ناخیاندا پەنگ دەخواتەوە، لە کاتێکا کەسانێکی دیش هەن کە پێیان وایە نابێت پەردە لەسەر تاوانەکانیان هەڵمادرێ .
ئیدی لێرەوە هەڵسوکەوتی ئەو مێردەشمان، بۆ ڕۆشن دەبێتەوە کە ژنەکەی ئەشکەنجە دراوە و لەهەمان کاتا بۆ خۆشی پشکێکی هاوبەشی لە فڕاندنی ئەو پیاوە نەناسراوەدا بەردەکەوێت، بیکەم بە یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیەی کە لە لایەن ڕیتینگەوە سەرۆکایەتی دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان . ئەوەش گەیاندمیە ئەو بڕیارەی لە جیاتی ڕۆمانێک دەقێکی شانۆیی بنوسم . ئەو بیرۆکەیەش بۆ من ترسناک بوو، من لە

ئەزموونی نوسینی خۆمەوە، ئەوەم دەزانی کە هەندێک جار ئەو ڕەهەندە هاوکارێکی چاکە بۆ نووسەر مامەڵە لەگەڵ ڕووداوگەلێکی وا بکات کە بۆ خۆیان گەرم و گوڕن و لە مێژوویەکی تازەوە دێنەدەرێ، بەڵام ترسناکییەکەی لەوەدایە کە زیاد لە پێویست خۆی پاپەندی ڕوانینێکی دۆکۆمێنتاری، یان ڕوانینێکی واقیعی بکات کە لە ئارادایە، بەوەش تۆ ئازادی داهێنان و جیهانبینی خۆت لەدەست دەدەیت، لە جێی ئەوەی ڕێگا بە کارەکتەرەکانت بدەی ئازاد بن لەوەی بۆ خۆیان چۆنیان دەوێ ئاوا بجوڵێن و هەناسە بدەن، ڕێگایان پێ بدەی دوچاری سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێ و بێزاربوونمان بکەن، بە پێچەوانەوە هەوڵ دەدەیت کەسایەتیەکان هەر بەو جۆرە دابڕێژیتەوە کە بۆ خۆیان لە چوار دەورمان هەن .

هەروەها ئەوەشم دەزانی کە لەلایەن کەسانێکی وڵاتی خۆمانەوە لە شیلی بەرەنگاری ڕەخنەگەلێکی ئەوتۆ دەبمەوە، کە من دەمەوێت گۆمەکە بشلەقێنم و برین و کاریگەری تۆقین و ئەشکەنجەدان کەسەردەمانێکی دورو درێژە ئێمە پێوەی دەناڵێنین، بە یادی خەڵکان بهێنمەوە، لە کاتێکا کە دەبێت دەربارەی ئەو قۆناغە بە ئاگا و هوشیار بین . هەستم بەوە کرد کە دەبێت وەک هاوڵاتیەک بەرپرسیار و دونیابین بم . لەهەمان کاتیشا وەک هونەرمەندێکیش بەرپرسیاربم لە وەڵام دانەوەی ئەو هاوارە کێوییەی کە لەناخی کارەکتەرەکانمەوە دێنە دەرێ و ئەو بێدەنگیە بشکێنم کە لەسەر شانی زۆر لە هاوڵاتیە چاودێرەکانم بۆتە بارێکی قورس، بەوەی کە هیچ کێشەیەک بۆ ئەو دیموکراتیەتە تازەیە نەخوڵقێت کە خەریکە تازە دەرسکێت . ئیستاش و ئەوساش زیاد لە هەر کاتێکی دی، من بڕوام وابوە کە دیموکراتیەتێکی لاواز و تازە پێگرتوو بەوە بەهێز و پایەدار دەبێ کە ڕێگا بە خەڵکان بدرێ ئازاد بن لە گوزارشت کردن لە خۆیان و لە خەو بینین بە داهاتوویەکی جوانترەوە، هەوڵدان بۆ دوبارەنەبوونەوەی ڕابردوو بەشاردنەوەی ئەو زەرەر و زیانانە نابێت کە لێمان کەوتوە .

کاتێ کە دەستم کرد بە نوسین، بینیم کارەکتەرەکانم هەوڵ دەدەن هەمان ئەو پرسیارانە بخەنە ڕوو کە هەر هاوڵاتیەکی ئاسایی شیلی بە نهێنی لە خۆی کردوە و هەر کەسێکیش لە شوێنی خۆیەوە هەوڵی ئەوەی داوە کە هەر چۆنێک بوە دەری ببڕێت .

چۆن دەکرێت جەللاد و قوربانی لە یەک شوێنا پێکەوە بژین ؟

چۆن دەکرێ برینەکانی نیشتمانێک سارێژ بێ کە دوچاری نەخۆشی تۆقین بوە، لە کاتێکا ترس لە قسە کردن هەموو کون و قوژبنێکی ئەو نیشتمانەی داپۆشی بێت ؟

چۆن دەگەینە هەقیقەت لە کاتێکا درۆ بۆ خۆی بۆتە خوویەک ؟

چۆن دەکرێ ڕابردوویەک بە زیندوویی بهێڵینەوە بەبێ ئەوەی تیایدا زیندانی بین ؟

ئەی چۆن ڕابردوویەک لەیاد بکەین بەبێ ئەوەی مەترسی ئەوەمان هەبێت کە لە داهاتوودا دووبارە نەبێتەوە ؟

ئایا ئەوە شیاوە قوربانی بە هەقیقەت بدەین لە پێناوی زامنکردنی ئاشتیا ؟

ئەی ئاکامەکانی کپ کردنی ئەو ڕابردوە چی دەبێت ئەگەر هەقیقەت بەردەوام بە گوێماندا بچرپێنێ یان هاوارمان لێ بکات ؟

ئایا گەلان ئازادن لەوەی بەدوای یەکسانی و دادوەریدا بگەڕێن لە کاتێکا هەڕەشەی هێرشی سەربازی خۆی لە بۆسە نابێت بۆمان ؟

لە بوونی بارودۆخێکی ئاوادا دەکرێت پەنا بۆ توندو تیژی ببرێت ؟

ئێمە تاچەندێک بەرانبەر ئەوانە تاوانبارین کە لەناو ڕوداوەکاندا زۆرترین ئازاریان چەشتوە ؟

ڕەنگە زۆربەی دژوارییەکە بۆ ئەوان بێت : چۆن بەرەنگاری ئەو مەسەلانە بینەوە بەبێ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی بشێوێنین و لەهەمان کاتا کەشو هەوایەکی دیموکراتیش بخولقێنین ؟

سێ هەفتە دوای ئەوە شانۆیی مەرگ وپاکییزە ئامادە بوو، ئەو شانۆییە گەلێک کێشەی خەفەکراوی ئاشکرا کرد

کە خۆیان لەناو هەناوی میللەتی شیلیدا حەشار دابوو . بەو هۆیەوە هەڕەشەیەکی دیار و لەبەرچاوی بۆ ئاسایشی دەرونی گەل خولقاند، لەهەمان کاتا دەکرێت بزوێنەرێکیش بێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە پێناسی خۆمان بدۆزینەوە و ئەو ڕێگایانەشی پێ ڕۆشن بکەینەوە کە لە چەند ساڵی داهاتوودا دێنە پێشمان .

کۆمەڵێ پەیامی ئەندێشەی هاوچەرخ هەن، بەتایبەتی ماسمیدیا، ئەو کەناڵانەی کە جەماوەر دەخلافێنن،

بەردەوام ئەوەمان بە گوێدا دەدەن کە وەڵامی ئاسان و ئامادە و سەرپێیان بۆ زۆربەی کێشەکانمان پێیە . ئەو شێوازە ئیستاتیکیە، نەک هەر ئەزموونی مرۆڤایەتی دەشوێنێ و لەباری دەبات، بەڵکو لە بارودۆخێکی وەک شیلیدا، یان هەر وڵاتێکی دی کە بە تازەکی لە رۆژگارێکی ئاڵۆز و پڕ کێشەی گەورە هاتۆتە دەرێ، وا دەکەوێتە ڕوو کە دەرهاویشتەیەکی پێچەوانەی هەبێ و جوڵە و گەشەی کۆمەڵگا پەک بخات . هەستم بەوە کرد کە شانۆیی مەرگ وپاکییزە، بە شێوەی تراژیدیای ئەرستۆیی، هەڵگری سیمایەکی تراژیدی بێ. پارچەیەکی هونەری کە یاریدەی کۆمەڵگا دەدات لە ڕێی تۆقین و بەزەییەوە، خۆی تیا ببینێتەوە . یاوەخود بینەر ناچار بکات تا بەرەنگاری کێشە گرنگەکانی ژیانی خۆی بێتەوە و ئەمڕۆش زووتر لە بەیانی، ڕۆشنایی نەخاتە سەر ئەوا بێ لە ماڵ وێرانی شتێکی دی چاوەڕوانی ناکات . لەو ڕێگەیەوە ئاماژە کردنێکە بەوەی کە ئەو شانۆییە وەک زۆر لە نوسینەکانی دیم، چ ڕۆمان، چیرۆک، شیعر، یان وەک زۆرێک لە شانۆییەکانم، هەر بە تەنیا باسم لە شیلی نەکردوە، ئەوەندەی کە لەو کێشانە دواوم کە دەکرێ لە هەر شوێنێکی تری ئەم سەر زەمینەدا ڕوو بدەن، لە هەموو ئانو ساتێکی سەدەی بیستەم، یاوەخود لە هەر شوێنێک مرۆڤ هەبێ، یان ڕوونتر دەمەوێت بڵێم بە درێژایی هەموو کاتەکان . ئەوە هەر بە تەنیا بۆ ئەو وڵاتە نییە کە ترس دایگرتوە و پێویستە لەسەری هەرچی زووترە لەو ڕامان و ترسانەی خۆی تێ بگا و بکۆڵێتەوە . نەک هەر بە تەنیا لە کاریگەری ئەشکەنجە و تۆقین کە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ جەستەی مرۆڤایەتی و جەستەی نیشتمانی داڕزاندوە، بەڵکو لەسەر کۆمەڵێک بابەت و کێشەی تر کە هەمیشە منی داگیر کردوە . بۆ نموونە :

چی ڕوو دەدات ئەگەر ئافرەت دەستەڵات بگرێتە دەست ؟

چۆن دەکرێ ڕاستی بڵێی، لە کاتێکا ئەو دەمامکەی کە هەڵتگرتووە لەگەڵ ڕوخساری خۆتا وەک یەک بێت ؟

یادەوەری چۆن دەتوانێ تەفرەمان بدا و چۆن پێی دەکرێ بمانپارێزێ و چۆنیش لە توانایدا هەیە ڕێبەریمان بکات ؟

لەو کاتەیا کە ئەزموونی شەڕ دەکەین چۆن دەکرێ بێ گوناهی خۆمان بپارێزین ؟

چۆن لەو کەسانە ببورین کە بە جۆرێک ئازاریان داوین سارێژ کردنەوەی ئاسان نییە ؟

چۆن ئەو زمانە سیاسیە بدۆزینەوە کە تا ئیستا بەکارنەهاتوە ؟
چۆن چیرۆکێک بگێڕینەوە کە لەیەک کاتا جەماوەریش بێ و تەمومژاویش بێت ؟ چیرۆکێک کە لەلایەن خەڵکانێکی زۆرەوە بۆ تێگەیشتن ئاسان بێ و لەگەڵ ئەوەشا شێوازێکی ئەزمونگەریش بێ ؟
چیرۆکێک ئەفسانەیی بێ و لەهەمان کاتا لەبارەی ئیستای مرۆڤیشەوە بێ ؟ شانۆیی مەرگ و پاکییزە لە ساتەوەختێکدا بە ئینگلیزی دەرکەوت، کە مرۆڤایەتی بە گۆڕانکارییەکی نائاساییدا تێ دەپەڕێ، لە ساتێکا هیوایەکی زۆر مەزنمان بە داهاتوو هەیەو لەهەمان کاتیشا دڵەڕاوکێیەکی گەورەش لە ئارادایە دەرهەق ئەو داهاتوە کە دەبێ چۆن بێ و چی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێ . لەو گفتوگۆ هەنوکەییەدا زۆر کەم بیستراوە دەربارەی ئەو شوێنە داپۆشراوەی کە ئێمە لێی دەژین و دوورە لە چەقی دەسەڵاتەوە، بەڵام بەردەوامیش نزیکین لەو ناوەندەوە کە سەرچاوەی ئەشکەنجە و ئازارە و هەمیشە بەها ڕەوشتیەکان بڕیاری ئەو شتانەمان بۆ دەدەن  کە لە ئیستادا ڕوو بدەن یان لە داهاتوویەکی دی دا .  لەساتە وەختێکی وەک ئیستادا کە زەمینەی نەگبەتی لە ئاسۆدا ونە و خۆی لەبەرچاوان شاردۆتەوە، لەوە دەچێت تۆزێک، هەر ئەوەندەی دەم تەڕ کردنێک بەتەنگمانەوە بێت . من هیوا دەخوازم بیر لە پۆڵینا و جیراردۆ و ڕۆبەرتۆ بکەینەوە، بیر لە جیهان بکەینەوە، بیر لە خۆمان بکەینەوە و بڕوانین ئێمە لە کام یەکێک لەو سیانە دەچین . یەکێک لەو سیانە یان هەموویان چەندێک گوزارشتیان لە تەنیایی ژیانی ئێمە کردوە .
دوا جاریش هیوام وایە، کاتێک لەگەڵ ئەو خەڵکە دورانەدا کە لەشیلییەوە دورن و پێکەوە تەماشا دەکەین و دەچرپێنین و ئازار دەچێژین، پەی بە هەستەکانمان بەرین و ئەو دۆخە سەیرەی کە وەک موچورکەیەکی ئینسانییە و ئێمە ناومان لێناوە دانپیانان، پردێک بێ بۆ پەڕینەوە لەو جیهانە دابەش بوە .

ئێریەڵ دۆرفمەن

11 گەلاوێژی 1991

پەراوێزەکان :

مەرگ و پاکییزە : ناوی ئەم شانۆییەی دۆرفمەن لە چوارینەیەکی فرانز شۆبەرتەوە وەرگیراوە . ئەم چوارینەیە لە کلیلی ( دی ) یەوە دەست پێدەکات و لە ساڵی 1824 نوسراوە . شۆبەرت لە کاتێکا ئەو بەرهەمەی نوسیوە کە بۆ ماوەیەک تەندروستی تێک چوە . جوڵەی دووهەمی ئەم چوارینەیە لە ئاهەنگێکی خۆیەوە وەرگیراوە کە ساڵی 1817 نوسیویەتی و پیانۆ هاوبەشی تیا دەکات . ئەم چوارینەیە لە چوار بەش یان جوڵە پێک هاتوە : ئالیگرۆ، ئاندانتێی، سکێرزۆ، پرێستۆ .

( Miranda ) :

مێرەندا : دەمەوێ خوێنەر لەوە ئاگادار بکەم، کە ناوی مێرەندا مانای ئەوە دەدات کە کەسێک تاوانێکی ڕووبەڕوو کراوەتەوە، بەڵام یاسا ئەو مافەی پێداوە کە پارێزەر ڕابگرێت بۆ ئەوەی لە هەر تاوانبارکردنێکی بێ بەڵگە پارێزگاری لێ بکات، تا ئەوکاتەی تاوانەکە ڕوون دەکرێتەوە و بە بەڵگەوە دەسەلمێنرێت .

سلڤادۆر ئەلەندی : لە ساڵی 1908 دا لە ڤاڵپۆ کە شارێکی گرنگی شیلیە و دەکەوێتە سەر کەناری ئۆقیانوسی هێمن، لە دایک بوە . چل ساڵی ژیانی خۆی لە پۆستە گرنگەکانی حکومەتی شیلیدا بردۆتە سەر و لەساڵی 1970 دا هەڵبژێردراوە بە سەرۆکی شیلی و یەکەم سەرۆکی مارکسی بوە کە وڵاتەکەی بە دیموکراسی بردوە بە ڕێوە . لە 11 گەلاوێژی 1973 دا گوژراوە . هەندێکیش پیان وایە خۆی کوشتبێت .

ژەنراڵ ئۆگەستۆ

پینۆشێیت : لەساڵی 1915 دا لە ڤالْپۆ لە دایک بووە، بیست ڕۆژ بەر لە کودەتا لەلایەن سەرۆک ئەلەندییەوە کراوەتە فەرماندەی هێزەکانی سوپای شیلی و دواتر بە یاریدەی هێزی دەریایی و ئاسمانی، لە ڕێی کودەتاوە بۆتە سەرۆکی شیلی . لەسەردەمی حکومی ئەودا بە پێی ڕاپۆرتی ڕیتینگ، 3200 کەس کوژراوە . 80000 کەس بەبێ بڕیاری دادگا زیندانی کراون و ئەشکەنجە دراون و 200000 کەس لە دەست زەبر و زەنگی ئەو بەرەو مەنفا هەڵاتوون. لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە بۆ ماوەیەک زیندانی کراوە و دواتر ڕێگەی پێدراوە کە بگەڕێتەوە شیلی . لە ساڵێ 2006 کاتێک کە مردوە، 300000 شکاتی تاوانی جۆراو جۆری لەسەر بوە، بەڵام هیچیانی بەسەرا ساخ نەکرایەوە . کە مردوە خاوەنی 24 ملوێن دۆلار بوە .

پەتریشیۆ ئەیلوین : ساڵی 1918 لە دایک بوە، یەکەم سەرۆکی شیلی بوە دوای ئەوەی لەدەست دیکتاتۆرییەت ئازاد بوە .

مەکاریزم : ڕێبازێکی کۆمۆنیستی بوە لە ئەمریکا، کە سیناتۆر جۆزیڤ مەکارزی پێشرەوی بوە .

ریتینگ : راول ریتینگ جیسن، لە ساڵی 1909 بۆ 2000 ژیاوە . سیاسەتمەدار و پارێزەر بووە، لەسەردەمی سلڤادۆر ئەلەندیا باڵوێزی شیلی بوە لە بەرازییل، لە دوای ئازاد بوونی شیلیش لە دیکتاتۆر سەرۆکایەتی "لیژنەی نیشتمانی بۆ ڕاستی و ئاشتەوایی کردوە " ئەوە لیژنەیەکی نیشتمانی بوو

بۆ بە دواداچوونی ڕاستیەکان، لەساڵی 1991 دا ڕاپۆرتی کۆتایی خۆی دەربارەی هەموو ئەو تاوانانە بڵاوکردەوە کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ژەنراڵ ئۆگستۆ پینۆشێیدا لە گەلاوێژی 1973 تا 11 نەورۆزی 1990 ڕویان دابوو .

سەرچاوەکان :


1. Dorfman. *Widows (play).* Nick Hern Books Limited, 1997
2. Dorfman. *Death and the Maiden.* Fireside Book Club, main selection, Penguin, 1992.
3. Dorfman. *Mascara.* Seven Stories Press, August, 2004. reprint
4. Ariel Dorfman. *Exorcising Terror: The Incredible Unending Trial of General Augusto Pinochet.* 2002.
5. A. Dorfman. *The Resistance Trilogy.* Nick Hern Books Limited, 1998.
6. Ariel Dorfman Interview, By Danny postel, *Translated by Gregori Dolz Kerrigan and Danny Postel*. *The Spanish newspaper El Pais (October 26, 1998).*

# مەرگ و پاكییزە

ئەم شانۆییە لە ساڵی 1991دا خەڵاتی باشترین دەقی شانۆیی لە لایەن تایم ئاوتی لەندەنییەوە پێبەخشراوە

ئێریەڵ دۆرفمەن ئەم دەقە شانۆییەی پێشکەش کردوە بە :

هارۆڵد پنتەر

ماریا ئێلنا دوڤاشێڵ

منیش وەک وەرگێر پێشکەشی دەکەم بە هەموو ئەو ژن و پیاوە شۆرشگێرانەی کورد کە لەلایەن جەللادەکانی بەعسی فاشیەوە بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە دران .

کارەکتەرەکان :

پۆڵینا سالس : لە دەوروبەری چلساڵیدایە .

جیراردۆ ئێسکۆبار : مێردی پۆڵینایە، پارێزەرە، لە دەوروبەری چل و پێنچ ساڵیدایە .

رۆبەرتۆ مێرەندا : پزیشکە، لەدەوروبەری پەنچا ساڵیدایە .

کات ئیستاکەیە و شوێنیش، وڵاتێکە ڕەنگە شیلی بێت بەڵام دەشکرێت هەر وڵاتێکی تریش بێت کە لە دوای ڕۆژگارێکی دورو درێژ لە دیکتاتۆرییەت، باوەشی بۆ دیمۆکراسی کردبێتەوە .

# بەشی یەکەم

## دیمەنی یەکەم

لە نیوەی شەو تێ پەڕیوە، دەنگی هاژە و شەپۆلی دەریا دێتە گوێمان .ماڵی ئێسکۆبارە لە کەناری دەریا . بەرهەیوانێک و هۆڵێکی دانیشتن و ناندینێک کە هێشتا نانی ئێوارە لەسەر مێزی نانخواردنەکە هەڵنەگیراوە، دوو کورسی لای مێزی نانخواردنەکەوەیە . لەسەر مێزێک لەتەنیشت دیوارەکە، ئامێرێکی تۆمارکەر و چرایەک هەیە . دیوارێکی شوشەیی کە هەوای دەرەوە، پەردەکانی دەهێنێ و دەبا، هەیوانەکە و بەشی پێشەوەی ژورەکەش لێک جیا دەکاتەوە . دەرگایەک لە هەیوانەکەوە دەڕواتە سەر ژووری نوستن .

پۆڵینا سالس، لەسەر کورسیەک لە هەیوانەکە، دانیشتوە و لە ژێر تریفەی مانگەشەوا دەخواتەوە . هاڕەی ماشێنێک لەدورەوە دەبیسترێت . بە خێرایی لە جێگەکەی خۆی هەڵدەستێ و دەڕواتە ژورەکەی تر و لە پەنجەرەکەوە تەماشا دەکات . ماشێنەکە دەوەستێت، دەنگی مەکینەی ماشێنەکە دەبیسترێت . ڕۆشنایی چرای ماشێنەکە، دەکەوێتە سەر پۆڵینا . بەرەو لای مێزی تەنیشت دیوارەکە دەڕوات و دەمانچەیەک لە چەکمەجەیەک دەردەهێنێت . کە ماشێنەکە دەکوژێتەوە و گوێی لە دەنگی جیراردۆ دەبێت، ڕادەوەستێت .

جیراردۆ : ( دەنگی دێت ) دڵنیایت لەوەی کە ناتەوێ بێیتە ژورێ؟.

هەر کەمێک دانیشە ( وەڵام ڕوون نییە ) .

دەی باشە، خۆت چۆنت پێ خۆشە با وا بێ، بەرلەوەی بڕۆم یەکتر دەبینین .

من دەبێت ڕۆژی دوشەممە بگەڕێمەوە .... یەکشەممەت پێ چۆنە ؟

( وەڵام ڕوون نییە ) خێزانەکەم کۆکتێلێکی ماگاریتای وا دروست دەکات، هەموو مووی سەرت لە شوێنی خۆی بەرزئەبێتەوە . لەڕاستیا نازانم چۆن سوپاسگوزاری خۆمت بۆ دەربڕم . ( وەڵام ڕوون نییە ) دەی باشە کەواتە یەکشەممە دەتبینم .

( پێدەکەنێت ) .

( پۆڵینا کە لە پشتی پەردەوەکەوە وێستاوە دەمانچەکە دەشارێتەوە، دەنگی ماشێنەکە دەبیسترێت، چرای ماشێنەکە ماڵەکە ڕۆشن دەکاتەوە، جیراردۆ دێتە ژورەوە )

جیراردۆ : پۆڵینا؟. پۆڵینا ؟

( چاوی بە پۆڵینا دەکەوێت کە لە پشتی پەنجەرەکەوە خۆی حەشارداوە . گڵۆپەکان دائەگیرسێنێت . پۆڵینا بە هێواشی لە پشتی پەنجەرەکەوە دێتە دەرێ )

ئا ئەوە .... ؟ ئەوە بەو جۆرە لەوێدا چی دەکەیت ؟ بمبەخشە لەوەی کە زۆرم پێ چوو لە ..... من ....

پۆڵینا : ( هەوڵ ئەدات خۆی گاریگەر نیشان نەدات ) ئەوە کێ بوو ؟

جیراردۆ : ئەوە تەنیا ئەوە بوو من ....

پۆڵینا : ئەوە کێ بوو ؟

جیراردۆ : ئەوە ئە ... نە، خەمت نەبێت، شتێکی ئەوەندە گرنگ نەبوو . هەر ئەوەندە بوو ماشێنەکەم خراپ بوو .. لەبەختی خۆم ئەو کابرایە بۆم وەستا .. تایەی ماشێنەکەم پەنچەر بوو .. پۆڵینا من ناتوانم هیچ ببینم بەبێ ...

( چرایەکی دی دائەگیرسێنێت و تەماشای تاقمی نان خواردنەکە دەکات )

خۆشەویستە چکۆلانەکەم، لەوانەیە ئیستا گەلێک سارد بوو بێتەوە، وایە، خواردنەکە .....

پۆڵینا : ( زۆر هێمنە تا کۆتایی دیمەنەکە) دەتوانین گەرمی بکەینەوە . تا ئەو کاتەی شتێکمان هەبێت ئاهەنگی بۆ بگێرین، ها ئەوەتا .

( بێدەنگییەکی کورت ) هەواڵێکی خۆشت پێیە کە ئاهەنگی بۆ بگێرین، وانییە جیراردۆ ؟

جیراردۆ : ئەوە دەکەوێتە سەر تۆ .

( وچانێک . بزمارێکی گەورە لە گیرفانی چاکەتەکەی دەردەهێنێت ) .

دەزانیت ئەوە چییە ؟ ئەوە ئەو شتە حیزەیە کە تایەی ماشێنەکەمی پەنچەر کرد .
دەزانیت هەر پیاوێکی ئاسایی کاتێک کە ماشێنەکەی پەنچەر دەبێت چی دەکات ؟
دەچێت قاپی پشتەوەی ماشێنەکەی هەڵدەداتەوە و تایە سپێرەکەی دەردەهێنێت، ئەمە
لە کاتێکا ئەگەر تایە سپێرەکەشی پەنچەر نەبێ . ئەگەر شتێکی وا ڕووی دا ژنەکەی
لە بیری دەبێت تایە سپێرەکەی بۆ پەنچەری بکاتەوە، وانییە ؟

پۆڵینا : ژنەکەی . تۆ وات لێ هاتوە کە دەبێت ژنەکەت هەموو شتێکت بۆ چاک بکاتەوە .
ئەوە تۆی کە دەبێت تایەی سپێر پەنچەری بکەیتەوە .

جیراردۆ : لە ڕاستیا من ئیستا دەماخی دەمە دەمێم نییە، بەڵام ئێمە لەسەر ئەوە تەبابووین کە ...

پۆڵینا : دەبوو تۆ ئەوە بکەیت، من گوێ بە کاروباری ماڵەکە بدەم و تۆش بە کاروباری ...

جیراردۆ : تۆ دەستگیرۆییت ناوێ کەچی دوای تۆزێک ...

پۆڵینا : ... بەلایەنی کەمەوە ماشێنەکە .

جیراردۆ : ... دوای تۆزێک ناڕەزایی دەردەبڕیت .

پۆڵینا : من هەرگیز ناڕەزاییم دەرنەبڕیوە .

جیراردۆ : ئەمە گفتوگۆیەکی زۆر بێ تامە، ئێمە لەسەر چی شەڕ دەکەین ؟
من لەبیرم چۆوە لەسەر چی ....

پۆڵینا : شیرینەکەم ئێمە شەڕ ناکەین، تۆ منت بەوە تاوانبار کرد کە تایە
سپێرەکەتم بۆ پەنچەری نەکردویتەتەوە ...

جیراردۆ : تایە سپێرەکەم ؟

پۆڵینا : منیش زۆر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پێم گوتی کە من .....

جیراردۆ : ئا لەوێدا ڕاوەستە، با ئەو مەسەلەیە لێرەدا و هەر ئیستا ڕون بکەینەوە .
ئەوەی کە تۆ تایە سپێرەکەت چا نەکردۆتەوە، مەبەستم تایە سپێرەکەمانە، گفتوگۆکەمان
لەوەوە خولْقا، بەڵام شتێکی پچکۆلەی تر هەیە؛ جەکەکە .

پۆڵینا : جەکی چی ؟

جیراردۆ : وایە، جەکی چی ؟ جەکی ماشێنەکەت لە کوێ داناوە ؟ دەزانیت، بۆ بەرزکردنەوەی ....

پۆڵینا : ئەو جەکەت پێویستە کە ماشێن ڕادەگرێت ؟

جیراردۆ : ( پۆڵینا باوەشی دەکات ) ئێستا بە دۆزەخ، پێم بڵێ جەکەکەت چی لێکردوە ؟

پۆڵینا : دام بە دایە .

جیراردۆ : ( پۆڵینا بەرەڵا دەکات ) بە دایکت ؟ دات بە دایکت ؟

پۆڵینا : بەڵێ، لێی خواستم .

جیراردۆ : ئەتوانم لێت بپرسم بۆچی ؟

پۆڵینا : ئەتوانیت، لەبەرئەوەی پێویستی پێی بوو .

جیراردۆ : لە کاتێکا من ... بێگومان، ئێمە ... تۆ ناتوانیت ... ڕۆڵە، تۆ هەر وا بەئاسانی ..
ناتوانیت بێ پرس شتێکی وا بکەیت .

پۆڵینا : دایکم بە هیوای ئەوەبوو بەرەو باشوور بڕوات و زۆریشی پێویست پێ بوو، لە کاتێکا تۆ ....

جیراردۆ : لە کاتێکا من سەرم بە گۆڕی باوکم .

پۆڵینا : من وا ناڵێم .

جیراردۆ : وایە . من بروسکەیەکم پێگەیشت و دەبوو هەر زۆر بە خێرایی بەرەو شار
بەڕێ بکەوم بۆ ئەوەی سەرۆک ببینم، کە ئەوە بۆ خۆی گرنگترین کۆبونەوەیە
لە هەموو ژیانما و هەروەها .....

پۆڵینا : هەروەها چی؟.

جیراردۆ : ئەو بزمارە کوڕی قەحبەیەش لەسەر ئەو ڕێگایە کەوتبوو چاوەڕیی منی دەکرد، باش بوو
بەختم هەبوو لەوەی لەڕێی چوونم بۆ ئەوێ وام لێ نەهات .... لەو ناوەدا من بەبێ سپێر
و جەک لەو سەر ڕێگا نەفرەتیە گیرم خوارد بوو .

پۆڵینا : من دەزانم کە تۆ کەسێک هەر دەبینیتەوە کە بە هاناتەوە بێت . تۆ پێم بڵێ

ژنێکی جوان بوو ؟ . سەرنج ڕاکێش بوو ؟

جیراردۆ : من ئاگادارم کردیت کە پیاو بوو .

پۆڵینا : بە هیچ جۆرێک ئاگادارت نەکردم .

جیراردۆ : بۆچی دەبێت تۆ هەمیشە گومانی ئەوە بکەیت کە ئافرەتێک بێ ....

پۆڵینا : لەڕاستیا بۆچی ؟ بۆ خۆشم نازانم بۆچی ؟

( وچانێکی کورت )

پۆڵینا : ئەو پیاوەی کە ... ؟

جیراردۆ : کابرایەکی باش بوو، بۆ من بەخت بوو کە ئەو ....

پۆڵینا : چاوت لێیە ؟ من نازانم تۆ چۆن ئەوە دەکەی، بەڵام تۆ هەمیشە دەتوانیت بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ بیت، بۆیە هەموو شتەکان بە باشی بۆ تۆ دێن بەدەستەوە .... لە کاتێکا دایکم، زۆر دڵنیابە لەوەی ئەگەر شتێکی وا لە دایکم ڕوو بدات، ئەوا کەسانێکی هەرچی و پەرچی بۆی ڕادەوەستن .. خۆت دەزانیت کە دایکم لەو ساتو وەختانەدا توشی چ ڕەفتارێکی شێتانەی وە ....

جیراردۆ : تۆ ناتوانیت ئەو خۆشحاڵیە بهێنیتە پێش چاوی خۆت کە وام لێدەکات، بیر لەوە بکەمەوە کە دایکت بە جەکەکەی منەوە زۆر ئاسودە هەموو باشوور دەگەڕێت، لە کاتێکا دەبێت من چەند کاتژمێرێک پەکم بکەوێت ...

پۆڵینا : ئەوەندەش زیادەڕۆیی پێوە مەکە ...

جیراردۆ : چل و پێنج دەقە . چل و پێنج دەقەی تەواو . ماشێنەکان بەلاما دەهاتن و دەچوون هەر وەک ئەوەی من لەویاشدا نەبم . دەزانیت چیم کرد؟. هەر وەک پەروانەی ئاشێک، باڵەکانم بە هەموو لایەکدا دەجولاند، تا ببینم ئایا ئێمە تا ئەو ڕادەیە گیانی هاریکاریمان لە یاد کردوە ؟ لەبەختی خۆم، ئەو پیاوە - رۆبەرتۆ مێرەندا –

من بانگهێشتم کردوه بۆ ....

پۆڵینا : گوێم لێت بوو .

جیراردۆ : یەکشەمەت پێ چۆنە ؟

پۆڵینا : یەکشەمە باشە .

( وچانێکی کورت )

جیراردۆ : هەروەها ئێمە دوشەمە دێینەوە . بەلایەنی کەمەوە من . من بیرم لەوە کردەوە کە تۆ بتەوێ لەگەڵما بێیت، هەر هیچ نەبێ ئەم چەند ڕۆژی پشوە بەسەربەری ...

پۆڵینا : کەواتە سەرۆک پۆستی بۆ دەست نیشان کردی ؟

( وچانێکی کورت )

جیراردۆ : بەڵێ پۆستی بۆ دەست نیشان کردم .

پۆڵینا : ئەوە پۆستێکی باڵایە لە بوارەکەی خۆتا.

جیراردۆ : من نامەوێ ناوی بنێم باڵا، بەڵام ئەوە ڕاستە کە من گەنجترین کەسم لەناو ئەوانەدا کە ئەو پۆستی داونەتێ .

پۆڵینا : وایە . پاشی چەند ساڵێک کە تۆ ببیتە وەزیری داد، ئیتر ئەوە بۆ خۆی هەرە باڵاییە، ئەهـ ؟

جیراردۆ : ئەوە بەڕاستی ناکەوێتە سەر شانی خۆم .

پۆڵینا : ئەوەت بەو گوتووە ؟

جیراردۆ : بە کێ ؟

پۆڵینا : بەو پیاو چاکەی خۆت .

جیراردۆ : مەبەستت ڕۆبەرتۆ مێرەندایە ؟ من هێشتا کابرا بەتەواوی ناناسم، لەگەڵ

ئەوەشا من هێشتا بڕیاری ئەوەم نەداوە کە ....

پۆڵینا : تۆ بڕیارت داوە .

جیراردۆ : من پێم گووت بەیانی وەڵام دەدەمەوە، هەستم بە شەرەفێکی گەورە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا پێویستم ...

پۆڵینا : بە سەرۆک ؟ تۆ ئەوەت بە سەرۆک گووت ؟

جیراردۆ : بەسەرۆک . من پێویستم بە کاتە تا هەڵیسەنگێنم .

پۆڵینا : من هیچ شتێکی وا نابینم کە تۆ بیری لێ بکەیتەوە . دەبێت خۆت ساخ بکەیتەوە، جیراردۆ . خۆت دەزانیت دەبێ خۆت ساخ بکەیتەوە . ئەوەتا تۆ ئەو هەموو ساڵانە بۆ ئەوە ڕەنجت داوە، بۆچی خۆت وا نیشان دەدەیت کە ...

جیراردۆ : لەبەرئەوەی لە پێشا .. لە پێشا تۆ دەبێ بڵێی بەڵێ .

پۆڵینا : باشە کەواتە، بەڵێ .

جیراردۆ : ئەوە ئەو بەڵێیە نیە، کە من دەمەوێت .

پۆڵینا : ئەوە تەنیا بەڵێیەکە کە من هەمە .

جیراردۆ : من زۆری ترم لێت بیستوە .

( وچانێکی کورت )

جیراردۆ : ئەگەر من بەوە ڕازی بم، دەبێت لە پێشا دڵنیا بم لەوەی کە ئەتوانم پشت بە تۆ ببەستم، لەوەی کە تۆ هەست بە .... تۆ ئەگەر ئەو حاڵەتە سەرلەنوێ تیاتا هەڵباتەوە ، ئەوە وام لێ دەکات ... ...

پۆڵینا : دەستەوسان بی، بەڵێ، دورنییە دەستەوسان بی . تەنیا و لاواز بی . دەبێ سەرلەنوێ و جارێکی تر بمخەیتەوە ناو باوەشی پڕ مهیری خۆت .

جیراردۆ : ئەوە نا ئینسافییە .

( وچانێکی کورت )

جیراردۆ : تۆ لەبەر ئەوە ڕەخنەم لێ دەگریت چونکە من بایەخت پێ ئەدەم ؟

پۆڵینا : ئەمەشت لای سەرۆک درکاند، ئەوەی کە ژنەکەت کێشەی هەیە لەگەڵ ....

( وچانێک )

جیراردۆ : ئەو ئاگای لەوە نییە، کەس ئەوە نازانێت . تەنانەت دایکیشت ئەوە نازانێت .

پۆڵینا : بەڵام خەڵکانێک هەن ئەوە دەزانن .

جیراردۆ : من دەربارەی ئەو جۆرە خەڵکانە قسە ناکەم، هیچ کەسێک لە سەرۆکایەتی تازە ئەوە نازانێت . من دەربارەی ئەو هەقیقەتە قسە دەکەم کە ئاشکرامان نەکردوە، هەروەک چۆن تۆ هەرگیز .... هەرگیز ئێمە ئەوەمان نەکردۆتە ڕاپۆرت، ئەو شتەی کە ئەوان ... ئەوان چیبیان ...

پۆڵینا : کەواتە لە کێشەیەک دەکۆڵنەوەکە ئەنجامەکەی تەنیا مردن بێت، ها ؟

جیراردۆ : بمبەخشە، پۆڵینا، ئەوەی تۆ ...

پۆڵینا : ئەو لیژنەیەی کە تۆیان بۆ ڕاسپاردوە، هەر تەنیا لەو کەیسانە ناکۆڵێتەوە کە مردنیان لێ کەوتۆتەوە ؟

جیراردۆ : بەڵێ ، دیاری کراوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بکات، ئەو کێشانەی کۆتاییان بە مەرگ هاتوە یان مەرگی لێ کەوتۆتەوە .

پۆڵینا : تەنیا ئەو کەیسە زۆر گرنگانە؟.

جیراردۆ : نیەت ئەوەیە بۆمان بکرێت ڕۆشنایی بخەینە سەر تاوانە ناڕەواکان، هەروەها بەدکارییەکانی تریش ڕوناکیان دەچێتە سەر .

پۆڵینا : تەنیا زۆر گرنگەکان ؟

جیراردۆ : با بڵێین، ئەو کەیسانەی تر دەکەونە دواوە، یاوەخود با بڵێین گوڵبژێر دەکرێن .

پۆڵینا : دەکەونە دواوە، گوڵبژێر دەکرێن، چاکسازی تیا دەکرێن .

جیراردۆ : پۆڵینا، من نامەوێت دەربارەی ئەوە بدوێم .

پۆڵینا : هەروەها منیش نامەوێت دەربارەی ئەوە بدوێم .

جیراردۆ : بەڵام دەبێت ئێمە، من و تۆ پێکەوە دەربارەی ئەوە بدوێین، بۆچی؟. نابێ باسی بکەین ؟
ئەگەر من بڕۆم و چەند مانگی داهاتووی خۆم لەگەڵ بەڵگە و شایەت و
ڕزگاربووان و خزم و کەسوکارەکانیان بەرمەسەر .. هەرکاتێک کە من دێمەوە
ماڵێ .... بۆ خۆ ناتەوێت هەموو ئەوانە بۆ خۆم هەڵبگرم . باشە چۆن دەبێت
ئەگەر تۆ .... ئەگەر تۆ .... ( پۆڵینا لە باوەش دەگرێت ) ئەگەر بزانیت من چەندە
تۆم خۆش دەوێت . ئەگەر بزانیت چەندەم خۆش دەوێی هەر ئازارم دەدەیت ؟

پۆڵینا : ( بەگەرمی باوەشی پیا دەکات ) بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ . ئەوە ئەو بەڵێیە
نییە کە تۆ دەتەوێت ؟

جیراردۆ : ئەوە ئەو بەڵێیەیە کە من دەمەوێت .

پۆڵینا : هەوڵبدە هەموو ئەوەی ڕویداوە بیزانیت، هەموو شتێک بزانە . پەیمانی
ئەوەم پێ بدە هەموو ئەوانە بزانیت کە .....

جیراردۆ : هەموو شتێک، هەموو شتێک کە بۆمان بکرێت . هەوڵدەدەین هەموو
ئەوانە بزانین .... ( وچانێک ) تا ئەوەندەی .....

پۆڵینا : ڕێتان پێدراوە .

جیراردۆ : سنوردارە، با بڵێین ئێمە سنوردارین، بەڵام زۆر شت هەیە کە ئێمە ئەتوانین
بیکەین . . ئێمە ئەو ئەنجامەی بەدەستی دێنین بڵاوی دەکەینەوە .
هەروەها ڕاپۆرتێکی رەسمییش لە ئارادا دەبێت . ئەوەی کە ڕویداوە دەبێتە
بەڵگەیەکی سەلمێنراو کە هیچ کەسێک بۆی ناکرێ پشت گوێی بخات .

ئیدی بۆ جارێکی دی نیشتمانەکەمان هەرگیزا و هەرگیز ناکەوێتەوە ناو باردۆخێکی ئاوا سەختەوە .

پۆڵینا : ئەی دوای ئەوە ؟

( جیراردۆ بێدەنگە )

پۆڵینا : ئێوە گوێ لە خزم و کەس و کاری قوربانیەکان دەگرن، ئێوە تاوانەکان ریسوا دەکەن، ئەی چی لە تاوانبارەکان دەکەن ؟

جیراردۆ : ئەوە بۆ دادوەر دەمێنێتەوە . ئێمە وێنەیەکی هەموو دانپیانەنەکان بۆ دادگا دەنێرین و ئەوان بڕیاری خۆیان دەدەن لەسەر ئەوەی ....

پۆڵینا : دادگا؟. هەر ئەو دادگایەی کە لەماوەی حەڤدەساڵی دیکتاتۆرییەتا بۆ پاراستنی ژیانی کەسێک نقەیان لێوە نەهات ؟ ئەوانەی کە لە کێشەی تاکە زیندانییەکیان نەکۆڵیەوە؟. حاکم پیرۆڵتا، ئەوەی ئەو ژنە داماوە چوو بوە لای و پرسیاری دیار نەمانی مێردەکەی لێ کردبوو، ئەویش پێی گوتبوو : رەنگە مێردەکەت لەدەست زوڵمی تۆ ماڵی بە جێهێشتبێت و شوێن ژنێکی تر کەوتبێت ؟ ئەو دادوەرە ؟ ناوی چی لەو دادوەرە دەنێی؟. دادگا ؟ پێم بڵێ دادگا ؟

( لە کاتی قسە کردنا، پۆڵینا بە هێواشی پێدەکەنێت بەڵام وردە وردە شێتی دەیگرێت )

جیراردۆ : پۆڵینا، پۆڵینا، ئیتر بیبڕەوە . پۆڵینا .

( جیراردۆ، پۆڵینا دەکاتە باوەشی و ئەویش هێمن دەبێتەوە )

ساویلکەکەم، کیژۆڵە ساویلکەکەم، باوانەکەم .

( وچانێکی کورت )

جیراردۆ : ئەی باشە ئەگەر ئەوە تۆ بویتایە لەو سەرە ڕێیەدا تایەکەت پەنچەر بوایە، چیت
لێ بەسەر دەهات ؟ لەقەراخی ئەو ڕێگایەدا کە ئەو هەموو ماشێنە بەلاتا
تێپەڕینایە، قافڵە لەدوای قافڵە چرای ماشێن بەلاتا بێن و بڕۆن و هاواریان
بۆ بکەیت و کەسێک بۆت ڕانەوەستێت . ئەتوانی ئەوە بهێنیتە پێش چاوی خۆت کە
خۆت لە تەنیایدا ببینیتەوە، لەوێدا لەسەر ئەو ڕێگایە کە هەمووی ....

پۆڵینا : کەسێک هەر ڕادەوەستا . لەوانەیە کەسێکی وەک مێرەندا؟.

جیراردۆ : لەوانەیە . خۆ هەموو کەسێک پیاو خراپ نییە .

پۆڵینا : نا .. هەموو کەسێک نا .

جیراردۆ : من ڕۆژی یەکشەمە ئەوم داوەت کردوە بۆ خواردنەوە . ئەوەت پێ چۆنە ؟

پۆڵینا : یەکشەمە باشە .

( وچانێکی کورت )

پۆڵینا : من کە گوێم لە دەنگی ماشێن بوو، ترسام . کاتێ کە دڵنیا بووم ئەوە تۆ نیت .

جیراردۆ : بەڵام ئەوە هیچ مەترسییەکی تیا نییە ؟

پۆڵینا : نەخێر .

( وچانێکی کورت )

پۆڵینا : جیراردۆ، تۆ بە بەڵێ وەڵامی سەرۆکت دایەوە، وانییە ؟ ڕاستیەکەم پێ بڵێ جیراردۆ .
یان تۆ ئەو ئیش کردنەت لەگەڵ لیژنەکە وەک درۆیەک ڕێکخستوە ؟

جیراردۆ : من نامەوێت ئازاری تۆ بدەم .

پۆڵینا : بەسەرۆکت گوت کە تۆ بەوە ڕازیت، وانییە ؟ بەرلەوەی ڕای من
وەربگریت، وانییە ؟ من ئەمەوێت ڕاستیم پێ بڵێی جیراردۆ .

جیراردۆ : بەڵێ . من بەوم گوتوە کە بەو کارە ڕازیم . بەڵێ . بەرلەوەی پرس بە تۆ بکەم .

ڕوناکی نامێنێت

## دیمەنی دووەم

کاتژمێرێک دواتر . کەس لەسەر تەختەی شانۆ نییە . تەنها تیشکی مانگ دەبینرێ کە لە پەنجەرەکەوە دێتە ژورێ و کزتر لە دیمەنی یەکەم دێتە پێش چاو . سەر مێزی نانخواردنەکە خاوێن کراوەتەوە . دەنگی هاژەی دەریا دەبیستریت . دەنگی ماشێنێک تا بێ نزیک دەبێتەوە . هەروەها چرای ماشێنەکە ژوری دانیشتنەکە ڕۆشن دەکاتەوە و دەکوژێتەوە . دەرگای ماشێنەکە دەکرێتەوە و دادەخرێتەوە . کەسێک لە دەرگا دەدات، لە پێشا بەشێوەیەکی شەرمنانە و دواتر زۆر بێ چاو و ڕوانە . لەناوەوە چرایەک دادەگیرسێ و بە بە خێرایی تیشکەکەی نامێنێت . لەدەرگادانەکە بەردەوام دەبێ . جیراردۆ لە ژوری نوستنەکەوە بە دەستێ بیجامەوە بەرەو ژوری دانیشتن دێت .

جیراردۆ : ( بۆ پۆڵینا کە لەدەرەوەی شانۆیە ) من پێت دەڵێم کە هیچ نییە ..

خەمت نەبێ .. خەمت نەبێ ئەزیزم، من ئاگام لە خۆمە .

( جیراردۆ گڵۆپێک دادەگیرسێنێت ) ئەوە هاتم .. ئەوە هاتم .

( دەڕوات بەرەو لای دەرگاکە و دەرگاکە دەکاتەوە، ڕۆبەرتۆ مێرەندا لەدەرەوە وێستاوە )

ئۆۆۆو ئەوە تۆی، ئای خودایە . دڵت خستمە خوارەوە .

ڕۆبەرتۆ : من زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە بەم ناوەختە هاتووم . من پێم وابوو تا درەنگانی شەو دادەنیشن و ئاهەنگ دەگێڕن .

جیراردۆ : دەبێت بمبەخشیت من .. فەرموو وەرە ژورەوە .

( ڕۆبەرتۆ دێتە ژورەوە )

تەنیا ئەوەیە هێشتا ئێمە لەسەر ئەوە ڕانەهاتووین .

ڕۆبەرتۆ : لەسەر چی ڕانەهاتووین ؟

جیراردۆ : لەسەر دیمۆکراسی، بەوەی کەسێک لە نیوەی شەودا لەدەرگای ماڵەکەت بدات و ئەو کەسە هاوڕێت بێت نەک ....

( پۆڵینا دەچێتە قەراخی هەیوانەکەوە، لە شوێنێکەوە کە بۆی بکرێ گوێ لە قسەکانی هەردوکیان بگرێ بەبێ ئەوەی بیانبینێ یان ئەوان بیبینن )

ڕۆبەرتۆ : نەک یەکێک بێ لەو زۆلانە .

جیراردۆ : هەروەها ژنەکەم ئەوەی هەیە ..... کەمێک توشی دڵەڕاوکێ هاتووە . تۆ بۆ خۆت لەوە تێدەگەیت .. دەبێ تۆ ئەو ببەخشی ئەگەر بێت و ئەو ... ئەگەر بێت و توزێکیش بە نزمی قسە بکەین .

ڕۆبەرتۆ : بە دڵنیایی، بە دڵنیایی . ئەوە هەڵەی من بوو، من پێم وا بوو کە ...

جیراردۆ : بەیارمەتی دانیشە .. بەیارمەتی وا ...

ڕۆبەرتۆ : من هەر تەنیا ویستم سەردانێکی کورت بکەم بۆ .... باشە . هەر وا ڕاگوزاری بۆ ساتێک، زیاتر نەبێ لە ... بەڵام تۆ دەبێت لە خۆت بپرسیت ئەم سەردانە چاوەروان نەکراوە بۆ . باشە . من کاتێ کە بە ماشێنەکەم دەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەکەم کە دەکەوێتە سەر کەناری دەریا.

جیراردۆ : ببورە، حەزت لە خواردنەوە هەیە؟ یەکشەممەش ئێوە داوات کراون بۆ ئەوەی لە ماگاریتا بەناوبانگەکەی خێزانم هاوبەشی بکەن . بەڵام ئیستا کۆنیاکم هەیە کە کەمێک بە هەرزانتر لە بازار بەردەستم کەوتوە ..

( پۆڵینا زیاتر دێتە پێشی و گوێ دەگرێ )

ڕۆبەرتۆ : نا سوپاس، من ... باشە هەر ئەوەندەی دەم تەڕ کردنێک . من لەناو ماشێنەکەمدا گوێم لە ڕادیۆ دەگرت ... لە پڕێکا ڕایچڵەکاندم . من لە دەنگوباسا گوێم لەناوی ئێوە بوو، لە لیستی ئەو ناوەنەدا کە سەرۆک بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە هەڵیبژاردوون .
ئەوان گوتیان جیراردۆ ئێسکۆبار و من بە خۆمم گوت ئەو ناوەم بەلاوە غەریب نییە، ئەو ناوە کێیە ؟ دەی دەی، بەڵام لە کوێ، بیرم کردەوە، بیرم کردەوە، هەر کە گەیشتمە بەر دەرگای ماڵەوە، بیرم کەوتەوە ئەو ناوە کێیە . ئەوەشم بیر کەوتەوە کە تایە سپێرەکەتمان خستۆتە پشتی ماشێنەکەی منەوە . هەروەها تۆ بەیانی پێویستت بە تایە سپێرەکەت دەبێ بیخەیتەوە سەر ماشێنەکە، ڕاستیەکەشی، ئێوە حەزدەکەن ڕاستیەکەی بزانن ؟

جیراردۆ : هەر زۆر تینوی ئەوەم .
ڕۆبەرتۆ : بەخۆمم گووت .. ئەو پیاوە کارێکی زۆر گرنگ بۆ سەربەرزی نیشتمانەکەی ڕادەپەڕێنێت . ئیتر ئەم وڵاتە بۆی دەکرێ بە ئێجگاری دەرگا لەسەر ئەو پارچە پارچە بوون و بۆگەنییەی ڕابردووی خۆی دابخات . هەروەها گوتم ئەمە دواین ڕۆژەکانێتی کە لێرە بێ خەم بیباتە سەر.... خوا دەزانێت بۆ چەند مانگی تر سەرقاڵ دەبێت . ڕاستە، لەبەرئەوەی ئیتر دەبێت بەم وڵاتەدا بێن و بچن تا گوێ بۆ هەزاران کەس شل بکەن .. پێم مەڵێ کە ئەوە ...
جیراردۆ : بەدڵنیاییی ئەوە ڕاستە، بەڵام وا بە خێرایی ئەوە ڕوونادات کە ...
ڕۆبەرتۆ : هیچ نەبێ بە لایەنی کەمەوە گوتم با لە چاکردنەوەی تایە سپێرەکەتا یارمەتیت بدەم تا ناچار نەبی بڕۆیتە دەرەوە، تەلەفون بۆ تەکسی بکەیت یان بۆ ئەوانەی کە ماشێن کێش دەکەن ... مەبەستم ئەوەیە کێ لێرە تەلەفونی هەیە ...
جیراردۆ : تۆ وام لێ دەکەیت هەست بەوە بکەم کە من ....
ڕۆبەرتۆ : نا من لە خزمەتدام، ئەوەشت لەوپەڕی دڵەوە پێ دەڵێم . ئەم لێکۆڵینەوەیە یارمەتیمان دەدات کە دەرگا لەسەر بەسوێترین ڕۆژگاری مێژومان دابخەین . من لێرە

ئەم هەفتەیە بەتاڵم، دەبێت هەمومان بەدەنگتانەوە بێین .

هەر ئەوەندەی دەم تەڕ کردنێک، بەڵام ...

جیراردۆ : لەوە دەچێ بەیانی من هیچ کارێکم نەبێ .

ڕۆبەرتۆ : بەیانی ؟ تۆ دەبێت مشووری ماشێنەکەت بخۆی .. تایەی سپێریشت پێ نییە. ئەمجا دەبێت هەستیت و بەدوای منا بگەڕێیت . نا هاوڕێ، من ئەوەم پێ باشە کە بەیانی بە جەکەکەی من پێکەوە چاکی بکەینەوە .. ئەوەت بیرخستمەوە .. زانیت جەکەکەی خۆت چی لێکردوە .. دۆزیتەوە ....

جیراردۆ : ژنەکەم داویەتی بە دایکی .

ڕۆبەرتۆ : بەدایکی ؟

جیراردۆ : ئیتر تۆ خۆت ژنان دەناسی ..

ڕۆبەرتۆ : ( پێ دەکەنێت ) هەر زۆر بە باشی .. ئەوە دوایین نهێنییە .. هاوڕێم ئێمە بە دوای دۆزینەوەی دوایین سنورەکانەوەین کەچی هێشتا بۆمان نەکراوە لە ڕۆحی ئافرەت تێ بگەین . دەزانیت جارێکیان نیتشە چی نوسی ... زۆر تەواو دڵنیا نیم بەڵام پێم وابێت نیتشە بێت . " ئێمە هەرگیز بۆمان ناکرێ ڕۆحی ئافرەت بە تەواوی بەدەست بهێنین " . یان پێم وابێت ئەو نەبێت . لەگەڵ ئەوەشا دەتوانی دڵنیا بی لەوەی ئەگەر نیتشەی مەزن، لە کۆتایی هەفتەدا بە بێ جەک خۆی لەسەر لاڕێیەک ببینیایەتەوە ئەوا بە تەواوی لە رۆحی ئافرەت تێدەگەی.

جیراردۆ : بەبێ تایەی سپێریش .

ڕۆبەرتۆ : بەبێ تایەی سپێریش، هەر هیچ نەبێ بۆ ئەوەی بۆت بکرێ خۆت دەرباز بکەیت . من لە ڕاستیا لەگەڵتا دێم و بە خێرایی، لە بەرەبەیانیا هەمووی چاک دەکەین .

جیراردۆ : من وا هەست دەکەم ماندووت دەکەم .

ڕۆبەرتۆ : نامەوێت گوێم لەو قسانە بێت. من پێم خۆش بووە هەمیشە یارمەتی

خەڵکان بدەم . وەکو پێم گووتی، من پزیشکم . نازانم ئەوەم پێ گووتی یان نا ؟

بەڵام ئەوە مەخەرە مێشکتەوە کە من تەنیا یارمەتی خەڵکانی دەست ڕویشتوو بدەم .

جیراردۆ : تۆ ئەگەر دەتزانی تووشی ئەمە دەبیت، بە هەموو هێزی خۆتەوە پێت لەسەر گێچی بەنزینەکە دائەگرت، تا توشی من نەبی . وا نییە ؟

ڕۆبەرتۆ : ( پێدەکەنێ ) نا، لە قولایی دلمەوە وا دەڵێم، ئەوە هەرگیز کێشە نییە . بە پێچەوانەوە ئەوە بۆ من ئەوپەڕی شکۆمەندییە . تەماشا کە، تۆ ئەگەر هەر ئەتەوێ ڕاستیەکەی بە تەواوی بزانیت، کە بۆچی من بەم شەوە هاتووم بۆ ئێرە، هاتووم بۆ ئەوەی پیرۆزباییت لێ بکەم . تا ئەوەت پێ بڵێم کە .... کتومت تۆ ئەو کەسەیت کە ئەم وڵاتە پێویستی پێیەتی، بۆ ئەوەی بتوانی بە شێوەیەکی ڕەها هەقیقەت بۆ هەموان بخەیتە ڕوو .

جیراردۆ : ئەوەی ئەم وڵاتە پێویستی پێیەتی، دادپەروەرییە، هەرچۆنێک بووە بۆمان هەڵبکەوێت، بەشێک لەو حەقیقەتانە ئاشکرا بکەین ....

ڕۆبەرتۆ : بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، هەتا ئەگەر بۆشمان نەکرێت ئەو خەڵکانە کێش بکەینە بەردەم دادگا . هەتا ئەگەر ئەو خەڵکانە بەر ئەم یاسای لێ بوردنەش کەوتن، هەر هیچ نەبێت بەلایەنی کەمەوە ڕێگا بە خۆیان بدەن ناوەکانیان بڵاوبکرێتەوە .

جیراردۆ : ئەو ناوانە بە نهێنی دەپارێزرێن . لیژنەی لێکۆڵینەوە ڕێگا بە خۆی نادات ناوی هیچ تاوانبارێک ئاشکرا بکات یان ...

ڕۆبەرتۆ : دواجار لەم وڵاتەدا هەموو شتەکان بۆ خۆیان دەکەونە ڕوو . نەوەکانیان، نەوەی نەوەکانیان لێیان دەپرسن، ئایا ڕاستە تۆ ئەوەت کردوە، ئایا تۆ هەموو ئەو شتانەت کردوە کە ئەوان تۆیان پێ تاوانبار کردوە . ئەوان ناچار دەبن درۆ بکەن، ئەوان دەڵێن ئەوە بوختانە و کۆمونیستەکان بۆیان هەڵبەستوین و لەو جۆرە قسە بێ سەروبەرانە .

بەڵام کە ڕاستی نوسرا، هیچ لەگەڵ ڕاستیا ناوترێت . ئەو کاتە نەوەکانیان، بۆ هەتاهەتایە هەست بە بەزەیی دەکەن بەرانبەریان، هەست بە نەفرەت کردن و بە بەزەیش، لە هەمان کاتا . ئەگەرچی هیچ شتێک بەوە نابێ کە زیندانیان بکەن، بەڵام ...

جیراردۆ : لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ...

ڕۆبەرتۆ : لەوانەیە ئەگەر هاووڵاتیانی ئەم نیشتمانە جامی تورەییان پڕبوو، ئەو کاتە بتوانین ئەو لێبوردنە گشتییەش هەڵبوەشێنینەوە .

جیراردۆ : تۆ ئەزانیت ئەوە هەرگیز شیاو نییە .

ڕۆبەرتۆ : من بم هەموویان پێکەوە دەکوژم، بەڵام وەک دەبینم کە ئەوە ....

جیراردۆ : من حەز ناکەم دژایەتیت بکەم، ڕۆبەرتۆ، بەڵام بە ڕای من سزای کوشتن بە هیچ جورێ چارەسەری بۆ هیچ ..

ڕۆبەرتۆ : کەواتە من و تۆ دەبێت دژایەتی بکەوێتە نێوانمانەوە، کەسانێک هەن زۆر بە سادەیی شایەنی ئەوە نین، بژین . بەڵام من ئەوەندەی لە تۆ تێ گەیشتوم ئەوەیە کە هەست دەکەم کێشەیەکت هەبێت .....

جیراردۆ : زیاد لە کێشەیەک . بۆ دەستپێکردن، جارێ سوپا بە هەموو توانایەکی خۆیانەوە لە دژی لیژنەکە ڕادەوەستنەوە . وایان لەسەرۆک گەیاندوە کە ئەم لیژنەیە، سوکایەتی پێ کردنە و مەترسیشە، بەڵێ مەترسیە بۆ حکومەتی تازە کە پەردە لەسەر برینە کۆنەکان هەڵبداتەوە . بەڵام هەرچۆنێک بێت سەرۆک هەر بەردەوام بوو . سوپاس بۆ خوا کە ئەو گوێی بەوە نەدا . بەڵام ئێمە هەموومان لەوە دڵنیان هەر هەڵەیەکی بچکۆلە، هەر هێندەی سەرە دەرزییەک لە ئێمە ڕوو بدات، ئەو جۆرە کەسانە سواری سەرمان دەبن .....

ڕۆبەرتۆ : منیش بە تەواوی مەبەستم لەوەیە، کاتێ کە تۆ گووتت ناوەکان بە نەزانراویی دەمێننەوە. تۆ کاتێک .. ڕەنگە تۆ لەوەدا ڕاست بکەیت، لەوانەیە ئێمە لەدواجاردا نەزانین کە ئەو جۆرە خەڵکانە کێن، ئەوانە جۆرێکن لە .....

جیراردۆ : مافیا .

ڕۆبەرتۆ : بەڵێ مافیا، کۆمەڵەیەکی نهێنی پارێزن، کەسیان ناوی ئەوەکەی تریان ناڵێن و کەسیشیان پشتی یەکتری نادەن لە ئەرز . هێزەکانی سوپا ڕێگە بە هیچ ئەندامێکی خۆیان نادەن هیچ بەڵگەیەک بخەنە بەردەم لیژنەکەتان . ئەگەر ئەندامێکی لیژنەکەی ئێوە ئەوانە بانگ بکەن، گاڵتەیان بەو بانگکردنە دێت و دوریش نییە پشت گوێ نەخەن . دڵنیام تۆ لەوەیاندا ڕاست دەکەیت، ئەو شتەش دەربارەی وەچە و نەوەکانیان، بێجگە لەخەون وخەیاڵ هیچی تر نییە . لەوانەیە ئەوەش بەو شێوەیە ئاسان نەبێت کە من بیرم لێ کردبۆوە . من بەتەواوی ئاوا بیرم لە شتەکان کردبۆوە .

جیراردۆ : بەو شێوەیەش گران نییە . سەرۆک شتێکی پێ ڕاگەیاندم .... ئەوەش دەبێ لەنێوانمان دزە نەکاتە دەرەوە...

ڕۆبەرتۆ : بە دڵنیایی ...

جیراردۆ : سەرۆک پێی گووتم کەسانێک هەن ئامادەیی خۆیان نیشان داوە، ئەگەر بێتو دڵنیا بن لەوەی کە هەموو شتێک بە نهێنی دەمێنێتەوە، ئەوا دان بەهەموو شتێکا بنێن . هەر ئەوەندەی یەک کەس دووا و دانپیانانەکان دەستی پێکرد، ئیتر ناوەکان بۆ خۆیان دزە دەکەنە دەرەوە و هەر وەکو خۆشت گووتت هیچ شتێک لەم وڵاتەدا بەنەزانراوی نامێنێتەوە .

ڕۆبەرتۆ : من حەز دەکەم لەو گەشبینیەدا هاوبەشیت بکەم . بەڵام ئەترسم کۆمەڵە شتێک هەبن کە هەرگیز بە نەزانراویی بمێننەوە .

جیراردۆ : ڕاستە ئێمە سنورمان هەیە، بەڵام هێجگار بەو جۆرەش نییە . بەلایەنی کەمەوە پێشبینی ئەوە دەکەین کە جۆرێک لە پشتگیرییمان هەبێت . هەروەکو چۆن ئێمە چاوەڕوانی دادپەروەریش لە دادگاکان ناکەین ...

ڕۆبەرتۆ : هیوا دەخوازم خوا پشت و پەناتان بێ . ئەوە زۆر درەنگی کرد، ئای خودایە

ئەوە دووی شەوە . من بەیانی دێمەوە بە شوێنتا، بابڵێین لەدەوروبەری ...
کاتژمێر نۆت پێ چۆنە ؟

جیراردۆ : بۆچی لێرە نامێنیتەوە، هەرچۆنێک بێت کەسێک نییە لەماڵەوە چاوەڕێی گەڕانەوەت بێ ....

ڕۆبەرتۆ : هیچ کەسێک .

جیراردۆ : باشە، ئەگەر تۆ تەنیایت .

ڕۆبەرتۆ : تەنیا نیم . خێزانەکەم لەگەڵ مناڵەکانا ڕۆیشتون سەر لە ماڵی خەسووم بدەن، منیش حەزم لە چوونە شوێنان نییە و رقیشم لە سواری فڕۆکەیە، هەروەها چەند نەخۆشێکم هەبوون کە ....

جیراردۆ : هەر هیچ نەبێ لەو خانوەی کەنار دەریاکەتان کەس لە ماڵ نییە .
ئەی ئیتر بۆچی ....؟.

ڕۆبەرتۆ : ئەوە چاکی خۆتانە بەڵام من حەز دەکەم بە تەنیایی، تەماشای شەپۆلەکانی دەریا بکەم و گوێ لە مۆسیقا بگرم . تەماشا کە من هاتووم یارمەتیت بدەم نەک هەراسانت بکەم .
من بەیانی دێمەوە با بڵێین دەوروبەری ....

جیراردۆ : نامەوێت گوێم لە هیچ بێت، تازە ئەبێت بمێنیتەوە . پاشان چی ؟
دەبێت نیو کاتژمێر ڕێ ببڕیت ؟

ڕۆبەرتۆ : بە ڕێگای کەنار دەریاکەدا دەوروبەری چل دەقەیە، بەڵام من ....

جیراردۆ : نامەوێت هیچ بڵێی . پۆڵیناش زۆری پێ خۆش دەبێت، سبەینێش نانی بەیانیمان بۆ ئامادە دەکات .

ڕۆبەرتۆ : نانی بەیانی! ئەوە زۆر دڵخۆشم دەکات . پێم وابێت لە خانووی کەنار دەریاکەمان تەنانەت شیریشمان نەمابێت . زۆر زۆر بە ڕاستیش من گەلێک شەکەت و ماندووم ....

( پۆڵینا بە خێرایی لە هەیوانەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ژووری نوستنەکە )

جیراردۆ : دەمەوێت بپرسم کە هیچ شتێکی تر هەیە کە تۆ .... ؟

فلْچەی دەم و دان، ئەوە تاقە شتێکە کە ناتوانم بۆت دەستەبەر بکەم ...

ڕۆبەرتۆ : دوو شت هەیە کە هەرگیز ناتوانین تیا هاوبەش بین، یەکێکیان فلْچەی دەم ودانەکەتە .

جیراردۆ : ڕاستە !.

ڕۆبەرتۆ : شەو شاد .

( جیراردۆ و ڕۆبەرتۆ، هەردوکیان بە دوو لای جیاوازدا بەرەو ژووری نوستنەکانیان دەڕۆنە دەرەوە . وچانێکی کورت . بێدەنگی و تریفەی مانگەشەو )

جیراردۆ : ( تەنیا گوێمان لە دەنگێتی ) پۆڵینا، ئازیزەکەم .. ئەو پزیشکەی کە لە کەناری ڕێگاکە یارمەتی دام، ئەمشەو لێرە دەمێنێتەوە . ئازیزەکەم ؟ ئەو لێرە دەمێنێتەوە، چونکە بەیانی یارمەتیم دەدات پێکەوە ماشێنەکە چاک بکەینەوە . شیرینەکەم گوێت لێمە ؟

پۆڵینا : ( تەنیا گوێمان لە دەنگێتی، خۆی خەواڵوو نیشان دەدات ) گوێم لێتە ئازیزەکەم .

جیراردۆ : ( دەنگی دەبیسترێت ) ئەو هاوڕێمانە، بۆیە مەترسە . بەیانی دەتوانیت بەرچاییەکی باشمان بۆ ئامادە بکەیت . ...

تەنیا دەنگی دەریا لەناو تاریکیا

## دیمەنی سێیەم

پاش کەمێک دواتر، چەند گەواڵە هەورێک بەری مانگ دادەپۆشن و تێدەپەڕن . دەنگی هاژە و شەپۆلی دەریا دێت و کز دەبێت . بێدەنگی . پۆڵینا لەژێر تریفەی مانگەشەودا دەبینین، دەچێتە سەر چەکمەجەکەو دەمانچەکە و چەند پارچە قوماشێکیش کە لەوە دەچێت گۆرەوی درێژی ئافرەتان بێت، دەردەهێنێت . ژووری دانیشتن و چێشتخانەکە جێدەهێڵێت و بەرەو ئەو ژوورە دەڕوات کە رۆبەرتۆی لێ نوستوە . لەوێدا کەمێک چاوەڕێ دەکات و گوێ هەڵدەخات . دەچێتە ژوورەوە . چەند خولەکێک تێدەپەڕێ . دەنگێکی خەفەکراو دەبیسترێ و بەدوایدا گوێمان لە گریان دەبێت . پاشان بێدەنگی . لەناو ئەو نیوە رۆشناییەدا پۆڵینا دەبینین لە ژوورەکە دێتە دەرێ و بەرەو لای دەرگای ژوری نوستنەکەی خۆیان دەڕوات . دەرگاکە دەکاتەوە و کلیلی دەرگاکە لە ناوەوە لێدەکاتەوە، دەرگاکە پێوەدەداتەوە و کێلونی دەدات . بەرەو لای ژووری نوستنەکەی ڕۆبەرتۆ دەگەڕێتەوە، دەبینین شتێک لە دوای خۆیەوە ڕادەکێشێتە ژوورەوە، لەوە دەچێت لاشەیەک بێت، بەڵام تەواو دڵنیا نین . کە دیمەنەکە بەردەوام دەبێت بۆمان دەردەکەوێت لاشەیەکە . کورسیەک ڕادەکێشێ و لاشەکە دەخاتە سەر کورسیەکە و بە کورسیەکەوەی گرێی دەدات . دەچێتەوە هەمان ژوور و کە دێتەوە دەرێ، شتێکی لەگەڵ خۆی هێناوە کە لەوەدەچێت چاکەتەکەی ڕۆبەرتۆ بێت، کلیلی ماشێنەکەی لێ دەردەهێنێت . دەیەوێت ماڵەکە بە جێ بهێڵێت . لەپڕ دەوەستێت، ئاوڕ دەداتەوە بۆ ئەوەی تەماشای لاشەکە بکات، ئیستا بۆمان ڕون دەبێتەوە کە ئەوە ڕۆبەرتۆیە . دەرپێ کورتەکەی دادەکەنێت و دەیخاتە ناو دەمی ڕۆبەرتۆوە و لەزگەیەک دەدات لە دەمی .

پۆڵینا ماڵەکە بەجێ دەهێڵێت . گوێمان لە داگیرسانی ماشێنەکەی رۆبەرتۆ دەبێت . چرای ماشێنەکە هەڵدەبێت، دیمەنەکە ڕوناک دەبێتەوە و ئەو ڕۆشناییە بەهێزە ڕۆبەرتۆ مێرەندامان نیشان دەدات کە بە توندی بە گوریسێکەوە بەستراوەتەوە و لە هۆش خۆی چوە و دەمی ئاخنراوە . ماشێنەکە دەڕوات .

تاریکی

## دیمەنی چوارەم

هێشتا سپێدە دەمی نەداوە، ڕۆبەرتۆ چاوەکانی دەکاتەوە و دەیەوێت هەستێت، بۆی دەردەکەوێت کە شەتەک دراوە . خۆی دەهێنێ و دەبات تا خۆی ئازاد بکات . پۆڵینا بە دەمانچەکەیەوە لەبەردەمیا دانیشتوە . رۆبەرتۆ بە نیگایەکی پڕ لە تۆقینەوە لێی دەڕوانێت .

پۆڵینا : ( زۆر بە هێمنی ) بەیانیت باش، دکتۆر مێرەندا، وانییە ؟ دکتۆر مێرەندا .

( دەمانچەکەی پێ نیشان دەدات و بەدەم یاری کردنەوە ڕووەکەی دەکاتە لای ئەو )

پۆڵینا : هاوڕێیەکم هەبوو لە زانکۆ، ناوی مێرەندا بوو، ئانا ماریا مێرەندا.
خۆ تۆ هیچ خزمایەتیەکتان نییە لەگەڵ ئەو مێرەندایەی، سان ئاستبن دا، خزمایەتیتان هەیە ؟ ئەو کچە مێشکێکی زۆر گەورەی هەبوو، یادەوەرییەکی زۆر باشی بۆ لەبەرکردنی زانیاری هەبوو، ئێمە ئەومان بە ئینسایکلۆپیدیا خنجیلانەکەی خۆمان بانگ دەکرد . من نازانم ئەو چی لێ بەسەرهات، لەوانەیە ئیستا خوێندنی پزیشکی تەواو کردبێ و بوبێتە پزیشکێک، هەر وەک تۆ . من دانیشتگام تەواو نەکرد .... دکتۆر مێرەندا، من لەسەر خوێندنەکەم بەردەوام نەبووم، با بزانین تۆ ئەتوانی ئەوە هەڵبێنیت کە من بۆچی لەسەر خوێندنەکەم بەردەوام نەبووم، من زۆر دڵنیام کە ئەوە خۆماندوو کردنێکی زۆری ناوێ تا بزانی بۆچی .
من بەختەوەر بووم کە جیراردۆ لە ژیانما بوو . ئەو ... باشە، من نامەوێت

بڵێم ئەو بە دڵنیاییەوە چاوەڕوانی منی دەکرد ... بەڵام با ئەوە بڵێین کە ئەو منی خۆش دەویست، بۆیە من هەرگیز نەگەڕامەوە بۆ زانکۆ .

ئەوە بۆ من بەختێکی باش بوو، لەبەرئەوەی من هەستم بە .... باشە، تۆقین وشەیەکی پڕ بە پێستی خۆی نییە، وا باشترە بڵێین ترسێک لە تێگەیشتنی خوێندنی پزیشکی . من زۆر دڵنیا نەبووم لە هەڵبژاردنی پیشەیەک بۆ خۆم، بەڵام هەر وەکو دەگوترێت، خۆ ژیان بەتەواو نەکردنی خوێندن دوایی نەهات .

بۆیە من پێم وابوو کە شتێکی باش نییە جارێکی تر دەست بکەمەوە بە خوێندن ...

تۆ بۆ خۆت ئەوە دەزانیت، ئەوەم لێ پرسە وەرگیرامەوە لە خوێندن یان نا . ماوەیەک لەمەوبەر ئەوەم خوێندەوە کە ئیدی سوپا دەسەڵاتی بەدەستەوە نەماوە، بۆیە زانکۆ ڕێگەی بەو قوتابیانە داوە کە دەرکراون، جارێکی دی بگەڕێنەوە بۆ خوێندن .

بەڵام ئەوەتا من لەجیاتی ئەوەی بەرچاییتان بۆ ئامادە بکەم، خەریکی قسەکردنم، وا نییە ؟ بەرچاییەکی بەتام ؟ ئیستا تۆ حەزت لە.... پێم بڵێ، ساندویچی گۆشتی بەراز، وانییە؟

ساندویچی بەراز لەگەڵ مایۆنیز . مایونیزمان نییە، بەڵام گوشتی بەرازمان هەیە .

جیراردۆش حەزی لە گۆشتی بەرازە . من ورده ورده ئارەزوەکانی تریشت دەزانم، ببورە لەوەی کە مایونیزمان نییە . هیوام وایە ڕێگەم پێ بەیت تاوێکی تریش وا بمێنیتەوە، هەر هیچ نەبێ ئەوەندەی قسەکانم تەواو دەکەم . تۆ دەبێ قسەی خۆت هەبێ دکتۆر، لەوە دڵنیابە .

هەرچونێک بێت من نامەوێت ئەو دەمگرەیە لابەم، هەر وەک خۆت ناوت لێ نابوو، دەمگرە، وانییە ؟ هەر هیچ نەبێت تا جیراردۆ لە خەو هەڵدەستێت . بەڵام دەبێت بۆ خۆم خەبەری بکەمەوە .

ئەوەم پێ گووتی کە لەسەر جادەوە تەلەفونم بۆ گەراج کرد تا بێن بە شوێن جیراردۆیا و ماشێنەکەی بۆ چاک بکەنەوە . ڕەنگە بەمزوانە بێن .

( دەڕوات بەرەو لای ژوری نوستنەکە و دەرگاکە دەکاتەوە )

زۆر زۆر ڕاستیەکەی، تۆ زۆر پەشۆکاو دیاریت .

( کاسێتێک لە گیرفانی دەردەهێنێت ) من ڕێگام بە خۆم دا کە ...

ئەمە لە ماشێنەکەت دەربهێنم ...

پێت چۆنە دکتۆر، تا من بەرچاییەک ئامادە دەکەم، بەرچایەکی بەتام و خۆش

هەندێک گوێ لە شۆبەرت بگرین؟. مەرگ و پاکییزە ؟

( کاسێتەکە دەخاتە ناو تۆمارەکەوە . گوێمان لە چوارینەی ژێداری

مەرگ و پاکییزەی شۆبەرت دەبێت )

دەزانیت بۆ دواپین جار، کەی بوو من گوێم لەو پارچە مۆسیقایە بوو ؟

ئەگەر جاروبار لە ڕادیۆشەوە لێ درابێت، ئەوا من بەخێرایی کوژاندومەتەوە .

لەگەڵ ئەوەشا کە جیراردۆ ئەو هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی

هەیە، من هەوڵ دەدەم زۆر نەچمە دەرەوە . ئەگەر هاتوو

بیکەن بە وەزیر، ئەوا دەبێت بڕۆین و بەدەم ئەو خەڵکەوە کە لە خوارو

ژووری وڵاتەوە، دێن بۆ پیرۆزبایی، پێبکەنین و تەوقەشیان لەگەڵا بکەین .

بەڵام هەمیشە دوعا دەکەم کە شۆبەرتی نەخەنە سەر .

جارێکیان ئێمە بۆ شێوی ئێوارە لەگەڵ .... لەگەڵ .. ئا

کەسانێکی پایەبەرز بووین، وا ڕێکەوت، بانووەکە سۆناتایەکی

پیانۆی شۆبەرتی خستە سەر، من بیرم لەوە دەکردەوە هەستم و بیکوژێنمەوە

یان ئێمە هەستین و شوێنەکە بە جێ بهێڵین ؟ بەڵام جەستەم بڕیاری ئەوەی

بۆ دام و هەر لەوێدا و لەوکاتەدا هەستم بە نەخۆشییەکی کتوپڕ و بێ ئامان

کرد، ئیدی ئەوە بوو جیراردۆ بردمیەوە ماڵێ و ئەوانمان لەوێ جێهێشت

بۆ خۆیان گویّ لە شۆبەرت بگرن . بەڵام کەسیان هەستیان بەوە نەکرد بۆچی من وا
نەخۆش کەوتم، من هەمیشە نوێژ بۆ ئەوە دەکەم کە دەچمە هەر
شوێنێک، هیچ بەرهەمێکی شوبەرت لێنەدەن . شتێکی سەیرە، وانییە، هەر
وەک ئەوەی کە بووە . من دەمەوێت بڵێم، بەڵێ لە ڕاستیا دەمەوێت بڵێم، ئەو تا
ئیستاش پەسەندترین ئاهەنگسازی منە، هەر وەکو ئەو هەستە بەشکۆو غەمگینییەی
بەژیان . بەڵام من هەمیشە پەیمانم بەخۆم دابوو، کە هەر دەبیّ کاتێک بێت ئەوی تیا
بگەڕێنمەوە ناو ژیان، لە ناو گۆڕەوە بیهێنمە دەرەوە تا بدوێت و لەگەڵمان دانیشێت و
لەگەڵ تۆدا پێکەوە گوێی لیّ بگرین. من دەمزانی لەوەدا بەهەڵەدا نەچووم، ئەوە منم ....
لێرە بەدواوە دەبیّ کۆمەڵێک شت جیّ گۆڕکیّ بکات، وانیە ؟ من بە تەواوی گەیشتبوومە لێواری
ئەوەی کە هەموو بەرهەمەکانی شۆبەرت فڕیّ بدەمە ناو تەنەکەی خۆڵەوە، شێتییە ! ها .
( دەنگی بۆ جیراردۆ، هەڵدەبڕیّ ) ئازیزەکەم، ئەو چوارینەیە ناسک نییە ؟
( بۆ رۆبەرتۆ ) من ئیستا بۆم دەکرێت جارێکی تر گویّ لە شۆبەرتەکەی خۆم
بگرمەوە، هەروەها وەک جارانیش بچمەوە بۆ کۆنسێرت .
تۆ دەزانیت شۆبەرت کەسێکی هەتیوباز بوە؟. بێگومان تۆ زۆر باش
ئەوە دەزانیت . کاتێک کە تۆ مەرگ وپاکییزەت لێدەدا
چەندین جار خۆت ئەوەت بۆ دوبارە کردومەتەوە .
ئەو کاسێتە تازەیە، دکتۆر . وابزانم هەموو ساڵێک دانەیەکی تازە
دەکڕیتەوە بۆ ئەوەی هەمیشە بە خاوێنی گوێت لە دەنگەکەی بیّ ؟

( جیراردۆ لە ژوری نوستنەکەوە دێتە ژوریّ، خەواڵوە )
بەیانیت باش ئازیزم . ببورە کە هێشتا بەرچایی ئامادە نییە .

( کە جیراردۆ دەردەکەوێت، رۆبەرتۆ هەوڵدانێکی لاوازانە نیشان دەدات تا خۆی بکاتەوە، جیراردۆ بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە تەماشای دیمەنەکە دەکات )

جیراردۆ : پۆڵینا ! ئەوە چییە ؟ ئەوە ناو لێ دەنێی ..... رۆبەرتۆ .... دکتۆر مێرەندا.

( بەرەو لای رۆبەرتۆ دەڕوات )

پۆڵینا : دەستی لێوە نەدەیت .

جیراردۆ : چۆن ؟

پۆڵینا : ( بەدەمانچەکەی دەیترسێنێت ) دەستی لێوە نەدەیت .

جیراردۆ : ئەو هەرایە چییە لێرە ڕوو دەدات، ئەوە چ شێتییەکە ....

پۆڵینا : ئەوە خۆیەتی .

جیراردۆ : لایبە .. ئەو دەمانچەیە دور خەرەوە.

پۆڵینا : ئەوە خۆیەتی .

جیراردۆ : کێ ؟

پۆڵینا : ئەوە دکتۆرەکەیە .

جیراردۆ : کام دکتۆر ؟

پۆڵینا : ئەو دکتۆرەی کە شۆبەرتی لێدەدا .

جیراردۆ : ئەو دکتۆرەی کە شۆبەرتی لێدەدا ؟

پۆڵینا : دکتۆرەکە .

جیراردۆ : چۆن دەزانیت ؟

پۆڵینا : بەدەنگیا .

جیراردۆ : بەڵام تۆ هەر خۆت نەبووی کە... تۆ پێت گوتم کە ....

ئەوەی تۆ پێت گووتم لە ماوەی ئەو هەفتانەدا ...

پۆڵینا : چاوم داپۆشرابوو، بەڵێ . بەڵام خۆ من دەمتوانی گوێم لە شت بێت .

جیراردۆ : تۆ نەخۆشیت .

پۆڵینا : من نەخۆش نیم .

جیراردۆ : تۆ نەخۆشیت .

پۆڵینا : کەواتە باشە، من نەخۆشم . بەڵام من ناتوانم نەخۆش بم و دەنگیش بناسمەوە . لەگەڵ ئەوەشا کاتێ کە هەستێکمان لەدەست دەدەین، ئەوانی دی بەهێزتر و تیژتر دەبن . وانیە دکتۆر مێرەندا ؟

جیراردۆ : یادەوەرییەکی ناڕۆشن بۆ دەنگی کەسێک هیچ شتێک ناسەلمێنێت، پۆڵینا . ئەوە چەندو چونی پێ ناوێت .

پۆڵینا : ئەوە دەنگی ئەوە . هەر کە دوێ شەو هاتە ئێرە من خێرا دەنگیم ناسیەوە . بە پێکەنینەکەیدا. هەندێ دەستەواژەی تایبەتی بەکار دەهێنا .

جیراردۆ : بەڵام ئەوانە نابنە ....

پۆڵینا : بۆ نمونە " هەر ئەوەندەی دەم تەڕ کردنێک " ی زوو زوو بە کار دەهێنا . ئەوە بۆ من کیفایەتە . بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە کاتژمێرێک تێنەپەڕیوە من گوێم لە دەنگی نەبوبێت . هەر هەمان دەنگ بەردەوام لێمەوە نزیک بووە، لەپاڵ گوێمەوە بووە، ئەو دەنگەی کە تێکەڵ بوە بە لیکی دەمی، تۆ پێت وایە من دەتوانم دەنگی ئەوم لەبیر بچێتەوە ؟

( لاسایی دەنگی رۆبەرتۆ و پیاوێکی تر دەکاتەوە )

" کەمێکی تریش ئەشکەنجەی دە . ئەو سۆزانییە دەتوانێ بەرگەی تاوێکی تریش ئەشکەنجە دان بگرێت . لێی دە "

" تۆ دڵنیایت دکتۆر ؟ ئەی ئەگەر ئەو سوک و سەلیمە مرد بەسەرمانا ؟ "

" ئەو هێشتا لەهۆش خۆی نەچوە . تۆزێکی تریش ئەشکەنجەی دە "

جیراردۆ : پۆڵینا، بەیارمەتی، من داوات لێدەکەم کە ئەو دەمانچەیەم بدەیتێ .

پۆڵینا : نەخێر .

جیراردۆ : تا تۆ ڕووی ئەو دەمانچەیە بکەیتە من، مەحاڵە بتوانین پێکەوە گفتوگۆ بکەین .

پۆڵینا : بە پێچەوانەوە، هەر ئەوەندەی من ڕووی دەمانچەکەم لەسەر تۆ لابرد، هەموو گفتوگۆیەک بۆ خۆی هەڵدەوەشێتەوە . من ئەگەر دەمانچەکەم داگرت تۆ هێزی خۆت بەکاردەهێنیت تا خۆتم بەسەرا فەرز بکەیت .

جیراردۆ : پۆڵینا، من دەمەوێت ئەوە بزانیت، ئەوەی کە تۆ دەیکەیت ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە .

پۆڵینا : خراپ، ها ؟ چارەسەری نییە، وانییە ؟

جیراردۆ : بەڵێ، لەوانەیە .... چارەسەری نەبێ . دکتۆر مێرەندا من دەبێت داوای بەخشین لە تۆ بکەم بۆ .... ئەوەی خێزانەکەم پێی ....

پۆڵینا : چۆن جورئەت دەکەیت داوای بەخشین لە کەسێکی ئاوا بۆگەن بکەیت . ئەو دەستانەی دەبینیت، ئەو دەستانەی کە لەوێیە ...

جیراردۆ : پۆڵینا بیکەرەوە .

پۆڵینا : نەخێر .

جیراردۆ : کەواتە من دەیکەمەوە .

( بەرەو لای رۆبەرتۆ دەڕوات . لە پڕێکا گوللەیەک لە دەمانچەکەی پۆڵیناوە دەردەچێت . دیارە کە نازانێت چۆن دەمانچە بەکاربهێنێت، کاتێ کە هەردوو پیاوەکە بە سەرسوڕمانەوە

لە گوللەکە دەکشێنەوە بۆ خۆشی هەروەها . جیراردۆ هەنگاوێک دەچێتەوە دواوە و
ڕۆبەرتۆش بێ هیوا دەبێت )

پۆڵینا، ئاگات لە دەمانچەکە بێ . ڕەنگە گوللەی لەبەرا بێ . ئەو دەمانچەیەم بدەرێ .
( بێ دەنگی ) تۆ ناتوانی وا بکەیت .

پۆڵینا : تۆ کەی دەست لەوە هەڵدەگریت کە بەردەوام داوام لێ نەکەیت چی بکەم و
چی نەکەم " تۆ ناتوانی ئەوە بکەیت " . " تۆ ئەکرێ ئەوە نەکەیت " .
" ئەکرێ ئەوە بکەیت " . کردم و تەواو .

جیراردۆ : تۆ ئەوە بەرانبەر پیاوێک دەکەیت کە هەردوکمان دەزانین تەنیا گوناهێکی
ئەوەیە کە .... تاکە شتێک بۆ ئەوەی تۆ ئەم کابرایەی پێ تاوانبار بکەیت بەردەم
دادوەرە، بەڵێ بەردەم دادوەرە . بەڵێ چەندە گەندەڵ و ماڵخراپ و بودەڵە بێ .
تەنیا شتێک کە تۆ ئەوی پێ تاوانبار بکەیت ئەوەیە کە لەسەر ڕێگا بۆ کەسێک
وەستاوە و بە دەمیەوە چووە یاریدەی بدات، من لە کێشەیەکدا بووم و گەیاندومیەتە
ماڵەوە و دوچاری .....

پۆڵینا : من ئەوەم لە بیر چۆوە پێت بڵێم . هاکە تاوێکی تر، پیاوێک لە
گەراجەکەوە هات بە شوێنتا .

جیراردۆ : چۆن ؟

پۆڵینا : ئەم بەیانییە زووە کە چووم ماشێنی پیاوچاکەکەی هاوڕێت بشارمەوە، لە نزیک
تەلەفونێکی سەرجادەوە وەستام و پەیوەندیم کرد بە گەراجێکەوە
و ئاگادارم کردن کە بێن ماشێنەکەمان بۆ چاک بکەنەوە .
بۆیە باشتر وایە بچیت خۆت ئامادە بکەیت هاکە گەیشتنە جێ .

جیراردۆ : تکات لێدەکەم پۆڵینا دەکرێ ڕەفتارێکی ئاقڵانە بنوێنی، وات
لێت هاتوە وەک ....

پۆڵینا : تۆ ئاقڵانە هەڵسوکەوت بکە . ئەوان هیچ شتێکیان بەرانبەر تۆ نەکردوە .

جیراردۆ : بەرانبەر من کردویانە، بێگومان بەرانبەر منیش کردویانە ..
بەڵام ئێمە ئیستا کێبەڕکێ لەسەر ئەوە ناکەین کە زەبروزەنگ لێرە
هەبوە یان نا، نەفرەت لەوە ... با هەوڵ بدەین مرۆیانە رەفتار بکەین .
هەتا ئەگەر ئەم کەسە، ئەو دکتۆرەش بوو بێت کە ئەو کارەساتە ترسناکەی
لێوەشابێتەوە ... ئەوە نابێت، هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کە وای لەگەڵ
بکرێ، بەڵام با بڵێین ئەم کابرایە ئەو بووە ... هەتا لەو کاتەشا، تۆ ئەو مافەت
نییە لەوەی کە ئاوا بیبەستیتەوە . ئازیزەکەم، تەماشا بکە چیت کردوە، پۆڵینا .
بیر لە ئاکامەکەی بکەرەوە .

( دەنگی لۆری ماشێن کێشکەر لەدەرەوە دەبیسترێت، پۆڵینا بەرەو لای دەرگاکە
ڕادەکات و نیوەی دەرگاکە دەکاتەوە و هاوار دەکات )

پۆڵینا : ئیستا دێت، ئیستا دێت .

( دەرگاکە پێوە دەدا و کلۆمی دەکات، پەردەکە داداتەوە و تەماشای جیراردۆ دەکات )
خێرا برۆ خۆت بگۆڕە . ئەوە ماشێن کێشکەرەکەیە . تایە سپێرەکەشت لەدەرەوەیە .
من جەکەکەی ئەویشم برد .

جیراردۆ : جەکەکەی ئەویشت دزی ؟

پۆڵینا : بەوجۆرە دەکرێت، دایکم ئەوەی ئێمە هەڵگرێت بۆ خۆی .

( وچانێکی کورت )

جیراردۆ : تۆ بیرت لەوە نەکردۆتەوە کە من دەتوانم هانا بۆ پۆلیس بەرم ؟

پۆڵینا : گومانم لەوە هەیە کە وا بکەیت . تۆ زۆر بڕوات بە تواناکانی خۆت هەیە لە باوەر پێهێنانی خەڵکی دا . لەگەڵ ئەوەشا دەمەوێت ئەوە بزانیت ئەگەر پۆلیس لووت بژەننە ئەم کارەوە ئەوا من یەکسەر گوللەیەک دەنێم بەتەوقی سەری ئەو پیاوەوە . ئەوە دەزانیت، دەیزانیت وا نییە ؟ ئەمجا دەمانچەکە ئەخەمە ناو دەمی خۆمەوە و پەلە پیتکەکەی ڕادەکێشم .

جیراردۆ : ئای کیژۆڵەکەم، کیژۆڵەکەم . تۆ .... ئەوت بۆ ناناسرێتەوە. نازانم چۆن دەتوانیت ئاوا ڕەفتار بکەیت، ئاوا بەو جۆرە بدوێی ؟

پۆڵینا : دکتۆر مێرەندا، بۆ مێردەکەمی ڕوون بکەرەوە کە تۆ چیت بە من کردوە، کە من ئاوا ... شێت بووم .

جیراردۆ : من دەمەوێت بە دڵنیایی پێم بڵێی کە تۆ دەتەوێت چی بکەیت ؟

پۆڵینا : هەر من نا، من و تۆ . جیراردۆ ئێمە، من و تۆ . دەبێت هەر لێرەداو هەر ئەمڕۆش، ئەم دکتۆرە دادگایی بکەین . یاوەخود دەبێ لیژنەی لێکۆڵینەوە بەناوبانگەت ئەو کارە ئەنجام بدات ؟

ڕوناکی نامێنێت

کۆتایی بەشی یەکەم

# بەشی دووهەم

## دیمەنی یەکەم

نیوەڕۆیە، ڕۆبەرتۆ لەهەمان جێگەی خۆیەتی، پۆڵینا پشتی تێکردوە و لەپەنجەرەکەوە تەماشای دەریا دەکات . بەنەرمی خۆی دەجوڵێنێ، هەر وەک ئەوەی قسەی بۆ بکات .

پۆڵینا : کاتێکیش ئازادیان کردم .. دەزانیت بۆ کوێ چووم ؟ نەچوومەوە بۆ ماڵی باوکم .. خێزانی ئێمە لەو کاتەدا خێزانێکی مێشک پووچ و پیاوسالاری بوون، لەو دەمەشا من هیچ پەیوەندییەکم بەوانەوە نەمابوو . ناو بەناو دایکم دەبینی ... ئەوە شتێکی سەیر نییە کە من هەموو ئەو شتانە بۆ تۆ دەگێرمەوە، هەر وەک ئەوەی تۆ ئەو کەسە بیت، کە دەبێ من هەموو ناخی خۆمی بۆ هەڵبرێژم، لە کاتێکا کۆمەڵێ شت هەن کە من نەک هەر بە جیراردۆم نەگوتوە، بەڵکو بەخوشکەکەشم نەگوتووە، تەنانەت لای دایکیشم باسم نەکردوە . دایکم لە داخا خۆی دەکوژێ ئەگەر بزانێ من چیم لێ بەسەرهاتوە . لە کاتێکا دەتوانم بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو شتانە بۆ تۆ باس بکەم کە من هەستی پێ دەکەم، یان ئەوشەوەی ئازادیان کردم هەستم بەچی دەکرد ... پێویست ناکات ئەوەت بۆ باس بکەم کە من لە چ بارودۆخێکدا بووم، تۆ بۆ خۆت بەرلەوەی ئازادم بکەن، پشکنینی تەواوت بۆ ئەنجام دام، وانەبوو ؟ ئێمە ... لێرە زۆر ئاسودەین، لێرە ئاوا ئاسودەنین ؟ هەر وەک ئەوەی دوو خانەنشین کراو بین و خۆمان دابێتە بەر خۆر .

( ڕۆبەرتۆ ئاماژەیەک دەکات هەر وەک ئەوەی بیەوێت قسە بکات یان خۆی بکاتەوە )

برسیتە ؟ باوەڕ ناکەم لە هیچت کەم بێت، هەر ئەوەندەیە کەمێ سەبر کە تا جیراردۆ دەگەڕێتەوە ماڵێ .

( لاسایی دەنگی پیاوێک دەکاتەوە )

برسیتە ؟ دەتەوێت شتێک بخۆیت ؟ هەر ئیستا شتێکت پێدەدەم بیخۆیت، قەحبە .
ئیستا شتێکی گەورەت دەدەمێ کە هەست بەخۆشی بکەیت و برسێتیەکەت لە بیر بەرێتەوە .

( دەنگی ئاسایی پۆڵینا )

تۆ هیچ شتێک لەبارەی جیراردۆوە نازانیت، وانییە ؟ مەبەستم ئەوەیە تۆ هەرگیز هیچ شتێکت نەزانیوە . من هەرگیز ناوی ئەوم نەهێنا . تۆ .. هاوڕێکانی تۆ بێگومان پرسیاریان لێ کردم . " تۆ بەو ناوگەڵە بۆگەنەتەوە، ژنە خنجیلەکە، پێمان مەڵێ کەسێک نییە سوارت بێ، ها ؟ وەرە پێمان بڵێ، ژنە خنجیلەکە، کێ دەتگێت " بەڵام من هەرگیز ناوی جیراردۆم پێ نەگوتن . بەڵام سەیر ئەوەیە شتەکان گەیشتنە کوێ . ئەگەر من ناوی جیراردۆم پێ بگوتنایە، ئیستا ئەو بۆ هیچ لیژنەیەکی لێکۆلینەوە هەڵنەدەبژێرا و لەوانەشە ناوێک بوایە لەو ناوانەی کە دەبوو پارێزەرێکی تر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکردایە، ئەوسا منیش دەبوو بەرەو ڕووی ئەو لیژنەیە بوومایەتەوە و پێم بگوتنایە کە من چۆن جیراردۆم ناسیوە ... لەڕاستیا من لە دوای کودەتای سەربازی ئەوم ناسی، کە یارمەتی خەڵکانمان دەدا پەنا ببەنە بەر باڵوێزخانەکان .....
لەگەڵ جیراردۆدا ژیانی خەڵکانمان دەپاراست بەوەی کە بە قاچاخ ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتمان دەکردن تا نەکوژرێن . من زۆر ئازا و چاونەترس بووم و ئامادە بووم هەموو شتێک بکەم، من نەمئەتوانی باوەڕ بەوە بهێنم کە لەو ڕۆژگارەدا تۆزە ترسێک چییە لە گیان و لەشی منا نەبوو . بەڵام ئیتر ئەوە بوو بە تەڵەکەوە بووم . ئەو شەوەی کە ئازادیان کردم، باشە، چووم بۆ ماڵی جیراردۆ و دەستم کرد بە دەرگا لێدان . هەر لێم دا و

لێم دا، هەر وەک چۆن تۆ دوێنێ شەو لە دەرگات ئەدا . کاتێک جیراردۆ بە دەنگمەوە هات زۆر نائارام و پەشۆکاو بوو ...

( لەدەرەوە دەنگی ڕاوەستانی ماشێن دێت، دەنگی کردنەوە و پێوەدانی دەرگای ماشێنەکە دێ . پۆڵینا دەچێتە سەر مێزەکە و دەمانچەکە دەگرێت بە دەستیەوە . جیراردۆ دێتە ژورەوە )

پۆڵینا : چی ڕوویدا؟. تایەی ماشێنەکەت ساز کردەوە ؟

جیراردۆ : پۆڵینا هەرچیت پێ دەڵێم دەبێ گوێم لێ بگریت .

پۆڵینا : بە دڵنیایی گوێت لێ دەگرم، بۆ من تا ئیستا گوێم لێ نەگرتوویت ؟

جیراردۆ : من دەمەوێت پێکەوە دانیشین و هەروەها دەمەوێت گوێم لێ بگریت .

( پۆڵینا دادەنیشێت ) تۆ دەزانیت کە من بەشێکی زۆری ژیانم تەرخان کردوە بۆ پاراستنی یاسا، ئەگەر تاکە شتێک کە وای لێ کردبم لە دژی رژێمی پێشوو ڕاپەڕم ...

پۆڵینا : دەتوانیت پێیان بڵێی فاشست..

جیراردۆ : قسەم پێ مەبڕە . ئەگەر تاکە شتێک کە وای لێ کردبم لە دژی ئەوان ڕاپەڕم ئەوە بوو کە ئەوان کۆمەڵێک ژن و پیاویان تاوانبار کرد بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان هەبێ و گوێشیان بە هیچ بەڵگەیەک نەدا و هیچ بوارێکیشان بۆ نەهێشتنەوە کە داکۆکی لە خۆیان بکەن . بۆیە ئەگەر ئەو کابرایە وەک پیشەی ڕۆژانەشیان هاوبەشی لە قەلاچۆ کردنی خەڵکیشا کردبێت، بۆی هەیە داکۆکی لە خۆی بکات .

پۆڵینا : بەڵام جیراردۆ من بە هیچ جۆرێک نیازم نییە ئەو مافەی لێ زەوت بکەم، من هەموو ئەو کاتەت پێ دەبەخشم کە تۆ پێویستت پێیەتی بۆ ئەوەی لەگەڵ داوالێکراودا، پێکەوە قسەی تیا بکەن . تەنیا ئەوە بوو من چاوەڕوانی گەڕانەوەی تۆ بووم، بۆیە دەکرێت ئێمە بە شێوەیەکی جوان و گونجاو دەست پێ بکەین .

( ئاماژە دەکات بۆ جیراردۆ کە خەریکە دەمی رۆبەرتۆ دەکاتەوە، ئەمجا دەست بۆ تۆمارەکە دەبات )

دکتۆر پێویستە بزانیت هەموو ئەوەی کە دەیڵێت لێرەدا تۆمار دەکرێت .

جیراردۆ : ئای خودایە، پۆڵینا، دەمت داخە ! رێگای پێ بدە ئەوەی پێی خۆشە بیڵێ .

( وچانێکی کورت، پۆڵینا تۆمارەکە دائەگیرسێنێت )

رۆبەرتۆ : ( دەکۆکێ، وشەکان لە قورگییەوە بە شێواوی دێنە دەرێ ) ئاو .

جیراردۆ : چی ؟

پۆڵینا : داوای ئاو دەکات، جیراردۆ .

( جیراردۆ بە خێرای دەچێت پەرداخێ پڕ دەکات لە ئاو و بۆ رۆبەرتۆی دەهێنێت و دەیکات بە دەمیەوە، رۆبەرتۆ کە ئاوەکە دەخواتەوە دەنگی لێوە دێت )

هیچ شتێک وەک خواردنەوەی ئاوی پاک نییە، وانییە دکتۆر ؟

ئەشکەنجەت دەدام تا بەزۆر میزەکەتم پێ بخۆیتەوە .

رۆبەرتۆ : ئەوە شتێکە بەخشینی بۆ نییە ئیسکۆبار، من تا لەژیانا مابم هەرگیز تۆ نابەخشم .

پۆڵینا : پەلەمەکە، پەلەمەکە . دکتۆر ئا لەویادا راوەستە . باجارێ بزانم ئەم شتە ئیش دەکات .

( دەست دەنێ بە چەند دوگمەیەکدا و پاشان گوێمان لە دەنگی رۆبەرتۆ دەبێت )

دەنگی رۆبەرتۆ لە تۆمارەکەوە : ئەوە شتێکە بەخشینی بۆ نییە ئیسکۆبار، من تا لەژیانا مابم هەرگیز تۆ نابەخشم .

دەنگی پۆڵینا لە تۆمارەکەوە : پەلەمەکە، پەلەمەکە . دکتۆر ئا لەویادا راوەستە . باجارێ بزانم .

( پۆڵینا تۆمارەکە ڕادەگرێت )

پۆڵینا : ئامادەی . هەموو شتێک زۆر بە باشی تۆمار دەکات . ئێمە پێش هەموو شتێک
بڕیاری لێ بووردنمان لەبەردەمایە. ئەوە ڕای دکتۆر مێرەندایە کە لێبوردنی نییە ..
ئەو تا لە ژیانا مابێت هەرگیز لێ بوردن ناچێتە سەر زمانی ... هەڵواسینی کەسێک
بۆ چەند کاتژمێرێک و لێ سەندنەوەی مافی قسەکردن لەو کەسە بۆ چەند کاتژمێرێک .
رازیت، یان زیاترت دەوێ ؟

( جارێکی دی دەست بە دوگمەکەدا دەنێت )

رۆبەرتۆ : من تۆ ناناسم، خانم . من لەمەوبەر بە درێژایی هەموو ژیانم تۆم نەبینیوە .
بەڵام دەتوانم پێت بڵێم : تۆ زۆر نەخۆشیت، تاڕادەیەک کە توشی شیزۆفرینیا بویت ..
بەڵام تۆ ئێسکۆبار، بەڕێزم خۆ تۆ نەخۆش نیت . تۆ کەسێکی پارێزەریت و داکۆکی
لە مافەکانی مرۆڤ دەکەیت و کەسێکیت کە لەلایەن دامودەزگای سەربازیی گۆڕ بە
گۆڕەوە چەوسێنراویتەوە، هەروەها منیش وەک تۆ بووم . بەڵام بارودۆخی تۆ
جیاوازە، تۆ بەرپرسیاریت لە هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە دەینوێنیت، ئەوەی کە
پێویستە بیکەیت ئەوەیە کە هەر ئیستا بە زوویی بمکەیتەوە . من دەمەوێت ئەوەش
بزانیت، هەر چرکەیەک کە تێ دەپەڕێت، وات لێ دەکات لەم سوکایەتی پێکردنەدا
هاوبەش بیت و دەشبێت باجی ئەو کارو کردەوانەت وەرگریتەوە کە ....

پۆڵینا : ( دەمانچەکە دەخاتە سەر سەری ) تۆ کێی هەڕەشە دەکەیت ؟
رۆبەرتۆ : هەڕەشەم نەکردوە ...
پۆڵینا : بەڵێ هەڕەشەت کرد، با ئەوەت لەلا ڕوون بێت دکتۆر کە سەردەمی هەڕەشە کردن

بەسەر چوو . سەرسەریانە ڕەنگە لە دەرەوە ئێوە فەرمان دەربکەن، بەڵام لێرەدا و لە ئیستادا من فەرماندارم . ئەوەت لە لا ڕوونە ؟

رۆبەرتۆ : من دەبێت بچم بۆ ئاودەست خانە .

پۆڵینا : میزت دێت یان گوو ؟

جیراردۆ : ئای خودایە، پۆڵینا ! دکتۆر مێرەندا ئەو بە هەموو ژیانی بەو جۆرە قسەی نەکردوە .

پۆڵینا : دکتۆر بۆ خۆی لەسەر ئەو زمانە ڕاهاتوە ... وەرە دکتۆر . هی پێشەوە یان هی دواوە ؟

رۆبەرتۆ : هەر بە پێوە .

پۆڵینا : قاچەکانی بکەرەوە، جیراردۆ . من بۆ خۆم دەیبەم .

جیراردۆ : بە دڵنیایی تۆ نایبەیت، من خۆم دەیبەم .

پۆڵینا : من بۆ خۆم دەیبەم . بەو جۆرەش تەماشام مەکە . ئەوە خۆ یەکەم جاری نییە، جیراردۆ، کە لەبەردەمی مندا شتەکەی دەربهێنێت . وەرە دکتۆر، هەستە سەرپێ، نامەوێت میزەکەت بکەیت بەسەر فەرشەکەمدا .

( جیراردۆ قاچەکانی دەکاتەوە، ڕۆبەرتۆ بە هێواشی و بە ئازاراوە بەرەو لای ئاودەستەکە دەڕوات و پۆڵینا دەمانچەکەی لەسەر پشتی ڕاگرتوە . جیراردۆ تۆمارەکە دەکوژێنێتەوە . پۆڵینا و رۆبەرتۆ پێکەوە دیارنامێنن . پاشی کەمێک گوێمان لە خوڕەی میزکردنی رۆبەرتۆ دەبێت و بە دوایدا دەنگی ڕاکێشانی ئاودەستەکە . لەو دەمەدا جیراردۆ بە شێوەیەکی شێتگیرانە دێت و دەڕوات . پۆڵینا و رۆبەرتۆ پێکەوە دەگەڕێنەوە ) .

پۆڵینا : جارێکی تر بیبەستەرەوە .

( جیراردۆ دەست دەکات بە بەستنەوەی قاچەکانی رۆبەرتۆ )

جیراردۆ، توندتر شەتەکی دە !

جیراردۆ : پۆڵینا، بەرگەی ئەوەم پێناگیرێت، دەبێت من و تۆ قسە بکەین .

پۆڵینا : کێ ڕێگەی لێ گرتوویت ؟

جیراردۆ : بە تەنیا .

پۆڵیــنا : بۆچی ؟ دکتۆر هەموو شتێکی لەبەردەم مندا باس دەکرد، ئەوان ...

جیراردۆ : ئازیزم، پۆڵینای ئازیز، تکات لێ دەکەم ئەوەندە دڵڕەق مەبە . کە شتێکی تایبەتمان دەبێت دەمەوێت بەتەنیا قسەت لەگەڵ بکەم .

( جیراردۆ و پۆڵینا پێکەوە دەچنە هەیوانەکە . لەو کاتەی ئەوان پێکەوە دەدوێن، رۆبەرتۆ هەوڵ دەدات قاچی بکاتەوە )

جیراردۆ : ئەتەوێت چی بکەیت ؟ ژنەکە تۆ ئەتەوێت بەم هەڵسوکەوتە شێتانەیەوە چی بکەیت ؟

پۆڵینا : هەروەک پێشتریش پێم گووتی، دادگایی بکە.

جیراردۆ : دادگایی بکەم، مەبەستت لەوە چییە کە دەڵێی دادگایی بکە ؟ ئێمە ناتوانین لاسایی شێوازەکانی ئەوان بکەینەوە . ئێمە جیاوازین لەوان . هەوڵدان بۆ تۆڵە کردنەوە بە هیچ جۆرێک نەریتی ئێمە نییە ....

پۆڵینا : ئەوە تۆڵە کردنەوە نییە . من هەموو ئەو گرنتیانەی پێ دەدەم کە ئەو بە منی نەداوە . هەر ئەو نا، خۆشی و هەموو ... هاوڕێکانی .

جیراردۆ : هەموو .. هاوڕێکانی .. بەتەمای بچیت هەموویان بفڕێنیت و بیانهێنیت بۆ ئێرە و هەموویان ببەستیتەوە و ....

پۆڵینا : من دەمەوێت ناوی هەموویان بزانم، بۆچی نابێت ؟

جیراردۆ : ... دوای ئەوە ئەچیت بۆ ئەوەی بی .....

پۆڵینا : بیانکوژم ؟ بیکوژم ؟ خۆ ئەو منی نەکوشتوە، بڕوا ناکەم ئەوە ئینسافانە بێت کە ....

جیراردۆ : پێم خۆشە شتێک هەیە بیزانی پۆڵینا، هەروەها دەبێت منیش بکوژیت، من ئاگادارت دەکەم لەوەی ئەگەر نیازت هەیە ئەو بکوژیت، دەبێت لە پێش ئەوا من بکوژیت .

پۆڵینا : ئەتوانیت تۆزێک هێمن بیتەوە؟. من بە هیچ جۆرێک نیازم نییە بیکوژم، بە دڵنیاییی
تۆش ناکوژم ..... بەڵام تۆ قەت بڕوات بە من نەکردوە .

جیراردۆ : باشە دوای ئەوە، ئەتەوێت چی لەگەڵ بکەیت ؟ چی لێ دەکەی ؟ ئەتەوێت ...
چی بکەیت ؟ بیر لە چی دەکەیتەوە ... هەموو ئەو شتانە بە خاتری ئەوەی پێش
پانزە ساڵ لەمەوبەر کەسێک .....

پۆڵینا : کەسێک چی ؟ ئەوان چییان لە من کرد، جیراردۆ بیڵێ ....
( وچانێکی کورت ) تۆ هەرگیز نەتویستوە ئەوە بڵێی . ئیستا بیڵێ . ئەوان ..

جیراردۆ : ئەگەر تۆ بۆ خۆت نەیڵێیت، من چۆن ئەتوانم بیڵێم ؟

پۆڵینا : ئیستا بیڵێ .

جیراردۆ : من تەنیا ئەوە دەزانم کە خۆت یەکەم شەو پێت گووتم، کاتێک ...

پۆڵینا : ئەوان ...

جیراردۆ : ئەوان ..

پۆڵینا : پێم بڵێ، پێم بڵێ .

جیراردۆ : ئەوان .. ئەشکەنجەیان دای، ئەوی تریان خۆت بیڵێ .

پۆڵینا : ئەوان ئەشکەنجەیان دام. دوای ئەوە چی تر ؟ چی تریان لێ کردم جیراردۆ ؟
( جیراردۆ بەرەو لای دەڕوات و باوەشی دەکات )

جیراردۆ : ( بەچرپەوە بۆ پۆڵینا ) ئەوان ئابڕوویان تکاندی .

پۆڵینا : چەند جار ؟

جیراردۆ : زیاد لە جارێ .

پۆڵینا : چەند جار ؟

جیراردۆ : تۆ هەرگیز باست نەکردوە . تۆ گووتت کە من نەمبژاردوە .

پۆڵینا : ئەوە ڕاست نییە .

جیراردۆ : چی ڕاست نییە ؟

پۆڵینا : ئەوەی کە من نەمبژاردوە . من هەمیشە بژاردوومە . من دەزانم چەند جار بووە .

( وچانێکی کورت )

ئەو شەوە جیراردۆ کە من هاتم بۆ لای تۆ، کاتێ کە بۆم باس کردیت، ئەو دەمەی کە بۆم گێڕایتەوە، تۆ سوێندت خوارد چی لەوان دەکەیت ئەگەر هاتوو ئەوانت دۆزییەوە ؟ "ڕۆژێک دێت، گوڵەکەم، ئەو سەگە زۆڵانە کێش دەکەینە بەردەم دادگا . ئەوسا چاوەکانت بە ئاسودەییەوە دەتروکێنیت " .... من دەقاو دەق دەستەواژەکەتم بە بیردێتەوە، لەبەرئەوەی بەلای منەوە لە شیعر دەچوو . " بە ئاسودەییەوە چاوەکانت لەسەر هەر یەک لە ڕوخسارەکانی ئەوان دەتروکێنیت، کاتێ کە گوێ لە بەسەرهاتەکەت دەگرن . دەبینیت کە هەر دەبێت ئەنجامی بدەین، دەبینی چۆن ئەنجامی دەدەین " . دە پێم بڵێ خۆشەویستەکەم من ئیستا بچم بۆ لای کێ ؟

جیراردۆ : ئەوە پانزە ساڵ بەر لە ئیستا بوو .

پۆڵینا : پێم بڵێ کێ گوێ لەو تۆمەتانە دەگرێت کە من بەرەو ڕووی ئەو دکتۆرەی دەکەمەوە، کێ جیراردۆ ؟ لیژنەکەی تۆ ؟

جیراردۆ : لیژنەکەی من ؟ کام لیژنەیە ؟ سوپاس بۆ تۆ، ئێمە تەنانەت ڕەنگە هەر بۆشمان نەکرێت لەو جۆرە تاوانانە بکۆڵینەوە کە..... ئەو کاتە منیش دەست لەکار دەکێشمەوە .

پۆڵینا : بۆ ساتێکیش لەگەڵ خۆت ڕاستگۆ نەبوویت، تەماشا ناوچەوانت چۆن پڕی بووە لە گرژ، وای لێ کردویت کە دە ساڵ لە خۆت گەورەتر بنوێنیت . خەڵک وێنەکەت لە ڕۆژنامەدا دەبینن و باوڕ بە خۆیان ناکەن کە تۆ گەنجترین ئەندامی لیژنەکە بیت .

جیراردۆ : تۆ کەڕیت ؟ من تەنیا هەر ئەوەم پێ گووتیت کە دەست لەکار دەکێشمەوە .

پۆڵینا : من تێ ناگەم بۆچی ؟

جیراردۆ : تۆ تێ ناگەیت بۆچی، بەڵام هەموو خەڵکانی ئەم وڵاتە تێ دەگەن بۆچی، بەتایبەتی هەموو ئەوانەی کە ناخوازن هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەک لەمەڕ ڕابردووەوە بکرێت، تێ دەگەن

بۆچی . ئەندامی سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە دەبێت کەسێک بێ نمونەی ژیری و نوێخوازی بێ .

پۆڵینا : ئێمە لەبەر پاپەند بوونی زۆرمان بە ژیرییەوە خەریکە بەرەو خنکان دەچین .

جیراردۆ : ئەوە چ ڕەوای هەقە، ئەندامێکی سەرۆکایەتی لیژنە، بۆ خۆی ڕێگە بدات کەسێکی بەستەزمان لە ماڵەکەیدا ببەستریتەوە و ئەشکەنجە بدرێ ... تۆ دەزانی کە چۆن ڕۆژنامەگەری خزمەتی بە دیکتاتۆرییەت کرد، دەزانی ئەوانە چۆن ئەو ڕوداوە دەقۆزنەوە بۆ لاوازکردن و دوور نییە بۆ شکست پێ هێنانی لیژنەکەش .

( وچانێکی کورت )

دەتەوێت جارێکی تر ئەو کەسانە بگەڕێنەوە بۆ دەسەڵات ؟ تۆ ئەتەوێ بیانترسێنیت بۆ ئەوەی هەلیان بۆ برەخسێ بگەڕێنەوە، تا دڵنیا بن لەوەی کە ئێمە زیانیان پێ ناگەیەنین ؟ تۆ ئەتەوێ ئەو ڕۆژگارە بگەڕێتەوە کە بڕیاری مەرگ و ژیانی ئێمە بەدەست ئەو جۆرە کەسانەوە بوو ؟ لەبەر ئەوە تۆ ئەگەر بتەوێت بەو کارە هەستیت، ئەوا تەنیا ئەو ئاکامە بەدەست دەهێنیت . پۆڵینا، ئەو پیاوە ئازاد بکە . داوای بەخشین لەو هەڵەیەی خۆت بکە و ئازادی بکە . من قسەم لەگەڵی کردوە، لە ڕووی ڕامیارییەوە لەوە دەچێت پیاوێک بێت بتوانین بڕوای پێ بکەین یاوەخود ئەو ....

پۆڵینا : ئۆی پیاوە داماوەکەم، تۆ بە هەموو فرت و فێڵەکانی ناو کتێب تەفرە دەخۆیت، وانییە ؟

جیراردۆ من پەیمانم پێداویت، ئەوەش لەلای من زۆر پیرۆزە، ئەم دادگا تایبەتە نە بۆ خۆت نە بۆ لیژنەکەت، هیچ زەرەرو زیانێکی بەدواوە نابێت . تۆ بەڕاستی پێت وایە من کارێکی وا دەکەم کە کێشە بۆ لیژنەکە بخوڵقێنم، ڕاتانگرم لە دۆزینەوەی لاشەی ئەو زیندانیانەی کە کەس نازانێت لە کوێن . خەڵکانێک کە ملیان بەدارا کراو کەس نازانێت لەکام کوچە و مەملەکەت بەکۆمەڵ نێژران . بەڵام ئەندامانی ئەو لیژنەیە تەنیا مامەڵە لەگەڵ مردوەکانا دەکەن، لەگەڵ ئەوانەی کە ناتوانن قسە بکەن . بەڵام من دەتوانم قسە بکەم .. ئەوە ساڵانێک تێپەڕی کە من تەنیا وشەیەک چییە

لەدەمم نەهاتۆتە دەرێ، تەنانەت ورتەیەکیش چییە دەربارەی ئەو شتانەی کە من لە ناخی خۆما پەنهانم کردووە لە دەمی من نەهاتۆتە دەرێ ، سالأنێکە من لەناو ئەو دۆزەخەی خۆما دەژیم .. بەلأم من نەمردووم، پێم وابوو مردووم، بەلأم من زیندووم و دەتوانم بدوێم، نەفرەت لە ... هەر لە ڕێی خوادا ڕێگەم بە با قسەی خۆم بکەم و تۆش لەگەڵ لیژنەکەی خۆت درێژە بە کاری خۆت بدە و بڕوام پێ بکە، کاتێ من ئەمەت پێ دەڵێم، بڕوام پێ بکە بە هیچ جۆرێک ڕێگا نەدەم، کەس هیچ شتێکی لەبارەوە بزانێت .

جیراردۆ : تەنانەت لەو حاڵەتەشا من هەر دەست لەکار دەکێشمەوە، گوێ نادەم بەوەی چی دەبێ یان نابێت .

پۆڵینا : لەوکاتەشا کە هیچ کەسێک هیچی لەبارەوە نەزانێت، تۆ هەر دەست لەکار دەکێشیتەوە ؟

جیراردۆ : بەڵێ .

پۆڵینا : بەهۆی ژنە شێتەکەتەوە، ئەوەی شێت بوو لەبەرئەوەی بەبێ دەنگی مایەوە و ئیستاش شێت بوە لەبەرئەوەی ئەتوانێت قسە بکات ؟

جیراردۆ : کۆمەڵێ هۆی تریش هەیە، بەڵێ، ئەوەیە، ئەگەر ڕاستی بەلای تۆوە مانایەکی هەبێت .

پۆڵینا : ئەوە سەرلەبەری هەقیقەتەکەیە، هە؟.

( وچانێکی کورت ) ئەتوانیت دەقیقەیەک ڕابوەستیت .

( دەچێتەوە ژورەکەی تر و بۆی دەردەکەوێت کە رۆبەرتۆ خەریکە خۆی ئازاد دەکات . کاتێ کە چاوی بە پۆڵینا دەکەوێت، بەخێرایی لە هەوڵدان دەوەستێت . پۆڵینا جارێکی دی شەکەتی دەداتەوە، لەکاتێکا تۆنێکی هەناسەی پیاوانەی لێوە دێت )

" میوانداری ئێمەت بەدڵ نییە ها؟. ئەتەوێ زوو لێرە مەرەخەس بی، قەحبە؟.

ئازیزەکەم، تۆ ئەوەندەی لەگەڵ منا ئاسودەیت، ئەوەندە لەدەرەوە ئاسودە نابیت .

پێم بڵێ کە بیرم دەکەیت .. هەر هیچ نەبێ ئەوەم پێ بڵێ "

( پۆڵینا بە هێواشی دەست دەهێنێ بەسەر و سکی رۆبەرتۆدا وەک ئەوەی یاری لەگەڵا بکات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ هەیوانەکە )

پۆڵینا : ئەوە هەر دەنگی نییە کە من دەیناسمەوە، جیراردۆ . هەروەها پێستیشی دەناسمەوە . بۆنیشی دەناسمەوە، جیراردۆ . من پێستیشی دەناسمەوە .

( وچانێکی کورت )

وای دابنێ من دەتوانم لەودیوو سێبەری گومانەکانمەوە ئەوە بسەلمێنم کە ئەو دکتۆرەی تۆ تاوانبارە ؟ ئەگەر واش بێ هەر داوام لێ دەکەیت ئازادی بکەم ؟

جیراردۆ : بەڵێ . ئەگەر ئەو تاوانبار بێت، ئەوە زیاتر هۆکارە بۆ ئەوەی ئازادی بکەیت . بەو جۆرە لێم مەڕوانە : پێشبینی ئەوە بکە چی ڕوودەدات ئەگەر هەر کەسێک لە شوێنی خۆیەوە بەو شێوەیەی تۆ هەڵس و کەوت بکات . تۆ لەلایەن خۆتەوە بەوە ڕازی دەبێ هەر کەسێ هەستێ و دەست بکا بە سزادانی خەڵکی . لە کاتێکا دنیایەک خەڵکانی تر هەن لەم وڵاتەدا کە چەندەها کێشەی لەو جۆرەی تۆیان هەیە و ڕەنگە لە دواجارا دەروویەک هەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئەو خەڵکانە خۆیان لە شتێکەوە دەگلێنن .... کە بە گەڕانەوەی تەواو بۆ دیموکراسی هەموو ئەوانە چارەسەر دەبێ .

پۆڵینا : کەس خۆی لە هیچەوە ناگلێنێت !. کەسیش بە تەواوی لەوە دڵنیا نییە !.

جیراردۆ : تاکە ڕێگایەک بۆ ئەوەی دڵت ئاو بخواتەوە ئەوەیە کە بیکوژیت، لەو کاتەشا نەک هەر بە تەنیا خۆت تێوە دەگلێنیت، بەڵکو لەگەڵ خۆشتا منیش تێوە دەگلێنیت . ڕێگای بە با بڕوات، پۆڵینا . لە پێناوی وڵاتەکەماندا، لە پێناوی خۆماندا .

پۆڵینا : ئەی من ؟ من شوێن چی کەوتوم ؟ لێم بڕوانە، لێم ورد بەرەوە !

جیراردۆ : بەڵێ من لە تۆ دەڕوانم، ئازیزم . تۆ هێشتا دیلیت، تۆ هێشتا لەگەڵ ئەواندا لە ژێر زەمینێکی داخراوا ژیان دەبەیتە سەر . ئەوە بۆ پانزە ساڵ دەچێت تۆ هیچ گۆڕانکارییەکت لە ژیانی خۆتا نەکردوە، هەر لە شوێنی خۆتا ماویتەوە . من خەمی تۆمە، ئێمە هەر کاتێک هەلی ئەوەمان بۆ هەڵکەوتبێت سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە تۆ زامە کۆنەکان دەکولێنیتەوە.... ئیستا کاتی ئەوە نییە کە ئێمە ....

پۆڵینا : لێ بووردن ؟ تۆ داوام لێدەکەیت کە لێیان ببورم .

جیراردۆ : من داوای ئەوەت لێدەکەم پۆڵینا کە خۆت لەوان ئازاد بکەی .

پۆڵینا : ڕێگای بدەم هەروا بە ئاسانی بۆی دەرچێ، دەتوانێ پاش چەند ساڵێکی تر دەرکەوێتەوە .

جیراردۆ : ڕێگەی بە با بڕوات، بە هیچ جورێک ناخوازێ جارێکی تر دەرکەوێتەوە .

پۆڵینا : ئێمە لە دەرەوە چاومان بە چاوی بکەوێتەوە و بەدەمیەوە پێبکەنین، ئەو خاتوونە میهرەبانەکەیمان پێ بناسێنێ و بەدەمیەوە پێبکەنین، تەوقەیان لەگەڵا بکەین و بۆ دڵنەوایی کردنیان باسی ئەوەیان لەگەڵا بکەین کە دنیا چەند جوانە و .....

جیراردۆ : پێویست ناکات بە دەمیەوە پێبکەنین، بەڵام بەڕاستی دەبێت وا بێت، ئەوە ئەو هەقیقەتەیە کە ئێمە دەبێت لێی نەترسین و جارێکی دی باوەش بە ژیانا بکەینەوە، بەڵێ .

( وچانێکی کورت )

پۆڵینا : تەماشا کە جیراردۆ، من پێشنیار دەکەم کە لەسەر شتێک سازش بکەین .

جیراردۆ : من نازانم تۆ باسی چی دەکەیت .

پۆڵینا : سازشکردن، ڕێکەوتن، گفتوگۆکردن . هەموو شتێک لەم وڵاتەدا بە ڕێکەوتنی گشتی ساز کرا وانەبوو ؟ ئەوە نییە ئەم قۆناخی گواستنەوەیە هەمووی دەربارەی ئەوەیە ؟ ئەوان ڕێگامان پێدەدەن دیمۆکراسیمان هەبێت، بۆ خۆشیان قۆرخی سەرچاوەکانی ئابوری و هێزە سەربازییەکان

بکەن ؟ ئەم لیژنەیە لە هەموو تاوانەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵام کەسێک لەئارادا نییە سزایان بدات ؟ تا ئەو شوێنەی هەموو ئەو شتانەی دەتەوێت مەیڵێ، ئازادیت هەیە هەرچی دەڵێی بیڵێی ؟ ( وچانێکی کورت )

کەواتە دەتوانی ئەوە ببینی کە من ئەو کەسە بێباکە نیم، یا سۆزدارە نیم، یان ... نەخۆش، بۆیە پێشنیار دەکەم کە بسازێین . تۆ دەتەوێت ئەو کابرایە ئازاد بێت بەبێ ئەوەی هیچ ئازارێک بدرێ و منیش دەخوازم ... دەتەوێ گوێت لێ بێت کە من چی دەخوازم ؟

جیراردۆ : من حەز دەکەم بزانم کە تۆ چی دەخوازی .

پۆڵینا : کاتێ دوێ شەو من گوێم لەدەنگی بوو، کتوپڕ ختوورەیەک خۆی خزاندە ناو مێشکمەوە، بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە بیرم لەچی کردۆتەوە هەمووی هاتەوە پێش چاوم، تۆ کاتێ کە بەو ڕوانینەی خۆت منت خوێندەوە کتومت دەستت خستە سەر برینەکانی من، ڕاستە .

دەزانی بیرم لە چی دەکردەوە، ئەوەی ئەوان بەسەر منیاندا هێنا، هەر بەهەمان شێواز، چرکە بە چرکە و سوێ بە سوێ چیان لێ کردووم، ئەوەیان بەسەردا بهێنمەوە . بەتایبەتی بەرانبەر بەو، بەرانبەر بە دکتۆر . لەبەرئەوەی ئەوانی دی ڕاستە زۆر دڕندەبوون، .... بەڵام ئەو شوبەرتی لێ دەداو باسی زانستی دەکرد و تەنانەت جارێکیش وتەیەکی نیتشەی هێنایەوە .

جیراردۆ : نیتشە ؟

پۆڵینا : من تەواو لە خۆم تۆقی بووم، لەوەی کە دەبێت رقێکی زۆر لەناو خۆما هەڵگرم .... بەڵام ئەوە تاکە دەروازەیەک بوو بۆ ئەوەی کە شەوان چاومی پێ بچێتە خەو، تاکە دەروازەیەک بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا بچمە دەرەوە بۆ ئاهەنگی خواردنەوە، سەرەڕای ئەو هەقیقەتەی کە بۆم نەکراوە خۆم لەو پرسیارە بدزمەوە، ئەگەر هاتوو یەکێک لە هاتووەکان ... لەوانەیە هەر هەمان کەس نەبێت، بەڵام یەکێک بێ لە هاوکارەکانی ئەوان .. هەوڵدەدەم بەسەر خۆمی نەهێنم و وەک تۆ دەڵێی پەنا بۆ ئەو پێکەنینە نەفرەتیە بەرم، باشە من دەمەوێت بەردەوام درێژە بەو پێکەنینە بدەم ... باشە، چاوم ڕێشکەو پێشکە دەکات و ئەوە دێتە پێش چاوم کە خەریکم کەللەسەریان

دەخەمە ناو سەتڵی پیسابیەکەی خۆیانەوە، یان لە کارەبایان دەدەم، یان لەو کاتەی کە لەسەر جێگای نوستن لەگەڵ تۆدا سەرگەرمی خۆشەویستیم و دەگەمە ئەوپەڕی ڕاچەنین، ئەو تارمایی و خەیاڵانە لێم نابنەوە و دێنەوە ناو یادەوەریم، ئیدی ناچار دەبم بەسەر خۆمیان نەهێنم، بەڵێ خۆمیان لێ نەبان بکەم . تۆ نازانیت لەو کاتانەدا من بیر لە چی دەکەمەوە، تا ئەوە نەهێنیتە سەر خۆت کە هۆکاری ئاسودە نەبوونی من پەیوەندی بە تۆوە هەیە.. ئۆی جیراردۆ ؟

جیراردۆ : ئای ئازیزەکەم، پۆڵینای ئازیز .

پۆڵینا : بۆیە هەر گوێم لە دەنگی بوو، بیرم لەوە کردەوە تاکە شتێک کە دەمەوێت لەگەڵی بکەم ئەوەیە کە دەبێ ئابڕووی بتکێنم، کەسێک بیگێت، ئەوە ئەو شتە بوو کە من بیرم لێ کردەوە، تا بۆ تاکە جارێکیش بێت بزانێت کە ... بەڵام من ناتوانم ئابڕووی .... بیرم لەوە کردەوە کە تۆ بەو کارە هەستیت .

جیراردۆ : لەویا ڕاوەستە، پۆڵینا .

پۆڵینا : دوای ئەوە بە خۆمم گووت، ئەوە بۆ تۆ دژوار ئەبێت کە تۆ بخزێیتە ناو کارێکی واوە، لەگەڵ ئەوەشا دەبێت تۆ بەر لەوە ئارەزووت بۆ کارێکی وا هەبێت کە ....

جیراردۆ : پۆڵینا، بێ دەنگ بە .

پۆڵینا : ئەمجا وتم بۆ پەنا نەبەینە بەر بەکارهێنانی دەسکی گسکێک، بەڵێ، گسک، جیراردۆ، دەسکی گسک . بەڵام دوای ئەوە بۆم دەرکەوت کە ئەوە ئەو شتە نییە کە من خوازیاریم ... سزایەکی جەستەیی . دەزانی لە ئاکامدا لەسەر چی گیرسامەوە، تاکە شتێک کە من دڵم پێی ئاو دەخواتەوە ؟ ( وچانێکی کورت )

دەمەوێت دان بە هەموو شتێکا بنێت، دەمەوێت بەرانبەر ئەو ئامێری تۆمارکەرە دانیشێت و بۆم بگێڕێتەوە کە چی لێ کردووم ... نەک ئەو هەقیقەتانە، هەر تەنیا بۆ من، بەڵکو بۆ هەموو دونیای بگێڕێتەوە ... دوای ئەوەش هەموو ئەو زانیاریانەم بە ناو و بە ڕۆژ و وەک

چۆن ڕووی داوە، ئاوا بە درێژی، بە خەتی خۆی بۆ بنوسێت و بۆم ئیمزا بکات و من کۆپییەکی بۆ هەتا هەتایی بۆ خۆم لێ هەڵبگرم . ئەوە ئەو شتەیە کە من دەمەوێت .

جیراردۆ : دوای ئەوەی دانی بە هەموو شتێکا نا، ڕێگەی پێ دەدەیت بڕوات .

پۆڵینا : ڕێگەی پێ دەدەم بڕوات .

جیراردۆ : لەوە زیاتر هیچی ترت لێ ناوێت ؟

پۆڵینا : بە هیچ جۆرێک .

( وچانێکی کورت )

پۆڵینا : ئەگەر دانپیانانەکەی مێرەندام بە دەستەوە بێت، هەم تۆ ڕەها دەبی و دەتوانی لەناو لیژنەکەدا درێژە بە کارەکانی خۆت بدەیت، هەم ئەویش بوێری ناکا کە دار و دەستەکەیمان بە گژا بکا و کێشەیەکمان بۆ بنێتەوە . لەبەرئەوەی دڵنیا دەبێت ئەگەر زیان بە من یا بە تۆ بگەیەنێت، ئەوا هەر بۆ ڕۆژێ دواتر، دانپیانانەکەی لە هەموو ڕۆژنامەکان بڵاو دەبێتەوە .

جیراردۆ : چاوەڕوانی ئەوە لە من دەکەیت بڕوات پێ بکەم کە دوای ئەوەی دانی بە هەموو شتێکا نا، ڕێگەی پێ دەدەیت بڕوات ؟ چاوەڕوانی ئەوە لەو دەکەیت کە بڕوات پێ بکات هەر دوای ئەوەی دانی بە هەموو شتێکا نا، مێشکی ناپژێنیت ؟

پۆڵینا : بڕوا ناکەم ئێوە هیچ کامێکتان ڕێگەیەکی ترتان لەبەر دەمدا بێت . تەماشا کە جیراردۆ، تۆ دەبێت هەوڵ بدەیت ئەو سەرسەرییە وا لێ بکەیت کە بترسێت ... پێی بڵێ من ماشێنەکەیم شاردۆتەوە، چونکە خۆم ئامادە کردوە بۆ ئەوەی بیکوژم . تاکە ڕێگایەک بۆ ئەوەی کە نەیکوژم ئەوەیە کە دان بە هەموو شتێکا بنێ . پێی بڵێ کەس نازانێت کە دوێنێ شەو هاتووە بۆ ئێرە، بۆیە هیچ کەسێک بۆی ناکرێت بیدۆزێتەوە . لە پێناوی ژیانی خۆیا، هیوام وایە بتوانی قایلی بکەیت .

جیراردۆ : بتوانم قایلی بکەم ؟

پۆڵینا : ئەوە زۆر باشترە لەوەی کە ئابڕووی بتکێنم .

جیراردۆ : بێگومان کێشەیەک هەیە کە بڕواناکەم بیرت لێ کردبێتەوە، پۆڵینا .

ئەی ئەگەر کابرا هیچی نەبوو لێی بترسێت؟.

پۆڵینا : جیراردۆ، پێی بڵێ ئەگەر دان بە ڕاستیا نەنێت، ئەوا دەیکوژم .

جیراردۆ : ئەی باشە ئەی ئەگەر تاوانبار نەبوو ؟

پۆڵینا : من پەلەم نییە. پێی بڵێ دەتوانم بۆ مانگێکیش چاوەڕوانی بکەم تا

دان بە هەموو شتێکا دەنێت .

جیراردۆ : پۆڵینا تۆ گوێ لە من ناگرییت، ئەو دان بە چیا بنێ ئەگەر کابرا بێ تاوان بێت .

پۆڵینا : ئەگەر بێ تاوان بێت، ئەوا بەڕاستی کەلەی دەتەقێنم .

ڕوناکی نامێنێت

## دیمەنی دووهەم

دەمی نانخواردنی نیوەڕۆیە، جیراردۆ و ڕۆبەرتۆ، لەسەر مێزی نانخواردن پێکەوە دانیشتوون. ڕۆبەرتۆ، شەتەک دراوە، بەڵام ئەمجارە تەنیا دوو دەستی لە پێشەوە، بەستراوەتەوە . جیراردۆ تازە لە دانانی قاپی شۆربا، بۆتەوە . پۆڵینا لە هەیوانەکەوە تەماشایان دەکات، دەتوانێ بیانبینێت، بەڵام گوێی لێیان نییە . ڕۆبەرتۆ و جیراردۆ بۆ ماوەیەک بێ دەنگ لە خواردنەکە ورد دەبنەوە .

جیراردۆ : دکتۆر مێرەندا، ئێوە برسیتان نییە .

ڕۆبەرتۆ : ڕۆبەرتۆ، من ناوم ڕۆبەرتۆیە، بەیارمەتی هەر وەک چۆن یەکەمجار بە سادەیی بانگت کردم هەروا ... بەیارمەتی .

جیراردۆ : دکتۆر مێرەندا، من پێم باشترە هەر وەک موشتەرییەکی خۆم، مامەڵەت لەگەڵا بکەم . ئەوە زیاتر یارمەتیم دەدا . پێم وایە دەبێ شتێک بخۆی .

ڕۆبەرتۆ : برسیم نییە .

جیراردۆ : ڕێگەم بە ...

( کەوچکەکە پڕ دەکات لە شۆربا و وەک منداڵ، دەیکات بە دەمیەوە . بە دەم قسە کردنەوە جار جار خواردن دەکات بەدەمی ڕۆبەرتۆوە، بۆ خۆشی نان دەخوات ) .

ڕۆبەرتۆ : خێزانەکەت شێتە . تۆ دەبێت بمبەخشی جیراردۆ کە ئەوەت پێ دەڵێم، بەڵام خێزانەکەت ...

جیراردۆ : نان ؟

ڕۆبەرتۆ : نا سوپاس .     ( وچانێکی کورت )

دەبێت بچێ چارەسەری دەرونی وەرگرێت بۆ ....

جیراردۆ : بۆ ئەو بارودۆخە سەختەی خێزانمی تیایە، دکتۆر، ئێوە باشترین چارەسەرن .

( بە پارچە دەسرێک دەم و پلی رۆبەرتۆ خاوێن دەکاتەوە )

رۆبەرتۆ : بە تەمایە بمکوژێت .

جیراردۆ : ئەگەر دان بە ڕاستیا نەنێیت، دەتکوژێت .

رۆبەرتۆ : بەڵام من لە خۆمەوە چی بڵێم ؟ چ بڵێم کە من .... ؟

جیراردۆ : لەوانەیە تۆ بزانیت دکتۆر، هێزە نهێنییەکانی رژێم هەندێکجار پزیشکیان بەکار دەهێنا وەک ... رێ نیشاندەر لە کاتی ئەشکەنجەدانا .

رۆبەرتۆ : لیژنەی پزیشکی تا ڕادەیەک بەم دواییانە بەو بارودۆخەی زانی، بە پێی توانای خۆشی ئەوەندەی بۆی لوا بێت هەوڵی داوە لەو کارانە بپێچێتەوە .

جیراردۆ : ئەو پێی وایە تۆ ئەو پزیشکە بوویت کە ... بەڵام لەگەڵ ئەوەشا تۆ ئەو هەلەت بۆ رەخساوە کە ئەوە ڕەت بکەیتەوە ....

رۆبەرتۆ : من چۆن ئەوە ڕەت بکەمەوە ؟ بۆ ئەوە دەبێت دەنگی خۆم بگۆڕم تا بۆی بسەلمێنم کە ئەوە دەنگی من نییە ... مەگەر تەنیا ئەوە دەنگمە کە منی توشی نەفرەت کردوە، ئەو هیچ بەڵگەیەکی تری نییە، شتێک نییە کە ...

جیراردۆ : هەروەها پێستت . ئەو تێبینی پێستی کردویت .

رۆبەرتۆ : پێستم ؟

جیراردۆ : هەروەها بۆنت .

رۆبەرتۆ : ئەوە ئەندێشەکانی مێشکێکی دەردەدارە . ئەو لەوانەیە پەلاماری هەر پیاوێکی تریشی بدایە کە لەو دەرگایەوە، ئاودیوو بوایە و بهاتایەتە ژورێ ....

جیراردۆ : لە بەختی ڕەشت تۆ لەو دەرگایەوە ئاودیو بووی .

رۆبەرتۆ : تەماشا بکە، جیراردۆ، من پیاوێکی هێمنم . هەر کەسێک تەماشام بکات بۆی دەردەکەوێ کە من پیاوی توندوتیژ نیم .. هەر جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی، من تووشی دەرداری دەکات . من هاتم بۆ خانوەکەم لە کەناری دەریا، تا کەمێک لە نزیک کەناری دەریاوە پیاسە

بکەم و لە شەپۆلەکانی وردببمەوە، تا بەردی بەنرخ بدۆزمەوە و گوێ لە ئاوازی مۆسیقا بگرم ....

جیراردۆ : شۆبەرت ؟

رۆبەرتۆ : هیچ شەرمێکی تیا نییە گوێ لە شۆبەرت بگرم، من هەروەها حەزم لە ڤیڤالدی و مۆزارت و تێلیمانە . من دوێنێ هەستێکی گەمژانەم هەبوو بۆ ئەوەی کە شۆبەرت لەگەڵ خۆم بهێنم بۆ کەناری دەریا، بەڵام لەوەش گەمژانەتر ئەوە بوو کە بۆ تۆ وەستام ... جیراردۆ، من توشی ئەم هەرایە بووم هەر لەبەر ئەوەی بە دەنگ کەسێکی شێتەوە چووم کە لە نزیک ماشێنە پەککەوتووەکەیەوە ئاماژەی سەیر و سەمەرەی دەنواند ... ئیستا کەوتۆتە سەر تۆ کە لێرەم قوتار بکەیت .

جیراردۆ : دەزانم .

رۆبەرتۆ : ئەژنۆکانم ئازارم دەدەن، پشتم، باسکەکانم . دەتوانیت کەمێک بۆم شل بکەیتەوە، تا ...

جیراردۆ : رۆبەرتۆ، من دەمەوێت لەگەڵتا ڕاستگۆ بم . تەنیا یەک ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی ژیانی خۆت بکڕیتەوە ...

( وچانێکی کورت ) پێم وایە ئەویش ئەوەبێت ... دڵنەوایی بکەین .

رۆبەرتۆ : دڵنەوایی بکەین .

جیراردۆ : هێمنی بکەینەوە، دڵی ڕابگرین، تا هەست بەوە بکات کە ئێمە ... کە تۆ ملت داوە بۆ ئەوەی هاریکاری بکەیت ...

رۆبەرتۆ : نازانم چۆن دەتوانم هاوکاری بکەم، تۆ خۆت بخەرە ئەم شوێنە سەیرەی ...

جیراردۆ : دڵنەوایی بکە، وای لێ بکە باوڕ بەوە بهێنێت کە تۆ ...

رۆبەرتۆ : وای لێ بکەم باوڕ بهێنێت کە من ...

جیراردۆ : پەیمانی داوە بە من، ئەگەر بێت و تۆ .... دانت بە شتەکانی خۆتا نا، ئەو ئامادەیە بۆ ئەوەی ...

ڕۆبەرتۆ : من هیچ شتێکم نییە کە دانی پیا نێم !

جیراردۆ : من پێم وایە هەوڵ بدەیت کە هەندێک شت ڕێک بخەیت . ئەوە تاکە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی کە تۆی پێ ببەخشێ . ئەگەر ...

ڕۆبەرتۆ : ( دەنگی بە تورەییەوە بەرزدەکاتەوە ) ئەو هیچ داوایەکی لە دژی من نییە تا داوای لێ بوردنی لێ بکەم . من هیچ شتێکم نەکردوە تا دانی پیا بنێم . لەوە تێ دەگەیت ؟

( کە گوێی لە بەرزبونەوەی دەنگی ڕۆبەرتۆ دەبێت، پۆڵینا لەسەر کورسییەکەی کە لە هەیوانەکە دانیشتوە، رادەپەڕێ و بەرەو لای ئەوان دێت )

ڕۆبەرتۆ : لە جیاتی ئەوەی ئەو پێشنیارە بێ ئابڕوانە بخەیتە بەردەم من، باشتر وایە بچیتە دەرێ ئەو ژنە شێتەی خۆت ڕازی بکەی، دەستباری ئەو هەڵسوکەوتە گوناهبارانەیەی خۆی بێ، بەر لەوەی ماڵت وێرانت کاو پیشەکەت لە دەست بچێ یان بتخەنە زیندانەوە، یاوەخود توشی شێتیت بکات . بڕۆ وای پێ بڵێ، یان ناوێریت لە ماڵەکەی خۆتا فەرمانێک دەربکەیت ؟

جیراردۆ : ڕۆبەرتۆ، من ....

( پۆڵینا لە هەیوانەکەوە دێتە ژورێ )

پۆڵینا : هیچ کێشەیەکت هەیە، شیرینم ؟

جیراردۆ : هیچ کێشەیەک نییە .

پۆڵینا : بەڵام تۆزێک پەرێشان تۆم بینی . ( وچانێکی کورت )

باشە، دەبینم هەردوکتان شۆرباکەتان تەواو کردوە . کەواتە کەس ناتوانێت بڵێت کە من چێشت لێنەرێکی باش نیم، یان کەیبانوویەکی ناوازە نیم، کەس دەتوانێت ؟ کەواتە دکتۆر ئەم کەیبانووە ناوازەیە دەبێت فنجانێک قاوەشتان بۆ بهێنێت ؟ هەر ئەوەندەی دەم تەڕ کردنێک . من لەو باوڕەدانیم دکتۆر لێرە قاوە بخواتەوە . دکتۆر من بۆ تۆ قسە دەکەم . تۆ بڵێی دایکت

هەرگیز فێری ئەوەی نەکردبیت کە یەکێک قسەت بۆ دەکات .....

ڕۆبەرتۆ : دایکم مەهێنەرە ناو ناوانەوە، من ڕێگەت پێ نادەم کە بە هیچ جۆرێک ناوی دایکم بهێنیت .

( وچانێکی کورت )

پۆڵینا : تۆ ڕاست دەکەیت، زۆر بەداخەوەم کە ئەوە بۆ یەکەم جارە کە لەسەر شتێک لەگەڵ تۆدا هاوڕا بم . دایکت بەرپرسیار نییە لەو ڕەفتارانەی کە تۆ دەینوێنیت . من نازانم بۆچی هەمیشە پیاوان هێرش بۆ دایکان دەهێنن لە جیاتی ئەوەی ... بۆچی هەمیشە دەڵێن کوری قەحبە، دەبوو ئەو قەحبەیە بۆ باوکان بوایە کە ئەوان منداڵەکانیان بۆ یەکەم جار فێری .....

جیراردۆ : پۆڵینا بەیارمەتی دەتوانی ئێرە چۆڵ بکەیت تا بۆمان بکرێت لێکۆڵینەوەکەی خۆمان درێژە پێ بدەین ؟ بە یارمەتی خۆت دەکرێت ئەو چاکەیەم لەگەڵا بکەیت ؟

پۆڵینا : هەر ئەو چاکەیە، دەیان چاکەتان لەگەڵا دەکەم . دەی پیاوان من بەجێتان دێڵم تا بۆتان بکرێ کێشەکانی جیهان چارەسەر بکەن .

( دەڕوات و ئاوڕێک دەداتەوە )

ئۆی، خۆشەویستەکەم، ئەگەر ویستی میز بکات، هەر ئەوەندە ئاماژەیەکم بۆ بکە من بە ڕاکردن دێم .

( دەگەڕێتەوە بۆ هەمان شوێن لە هەیوانەکە و تەماشا دەکات )

ڕۆبەرتۆ : ژنەکەت بە تەواوی شێتە .

جیراردۆ : کاتێک کە مرۆڤە شێتەکان دەسەلاتیان دەبێت، تۆ دەبێت دڵنەواییان بکەیت . ئیستا تەنیا دڵنەوایی بۆ ئەم ئەوەیە کە دان بە شتەکانی خۆتا بنێیت . ...

ڕۆبەرتۆ : بەلام من دان بە چیا بنێم ..

جیراردۆ : ڕەنگە ئەوە ئازادی کات لەو ئەندێشانەی کە تەنگی پێ هەڵچنیوە، من چۆن بزانم چی لە مێشکی خەڵکاندا دەگوزەرێ لە پاش ئەوەی کە ئەوان ... بەلام پێم وایە

من تێدەگەم چی لە مێشکی ئەوا خۆی ئەخواتەوە، لەبەرئەوەی هاوکات بوو لەگەڵ ئەو گفتوگۆیەی کە دوێنێ شەو لە نێوان من و تۆدا روویدا، دەربارەی خەڵکانی ئەم وڵاتە کە دەیانەوێ گوزارشت لە هەموو ئەو شتانە بکەن کە بەسەرماندا هاتووە .

رۆبەرتۆ : بەڵام ئەی تۆ ؟

جیراردۆ : من چی ؟

رۆبەرتۆ : دوای ئەوە تۆ دەتەوێت چی بکەیت ؟

جیراردۆ : دوای چی ؟

رۆبەرتۆ : تۆ بڕوا بەو دەکەیت، وا نییە ؟

جیراردۆ : ئەگەر من هەستم بەوە بکردایە کە تۆ تاوانباریت، پێت وا بوو ئاوا لە یەکبینە لێی بپاڕامەوە تا ژیانت ....

رۆبەرتۆ : هەر لە سەرەتاوە تۆ لەگەڵیا پەیمانت بەستوە کە ئەو ڕۆڵی کەسێکی خراپ یاری بکا و تۆش ڕۆڵی کەسێکی باش و ....

جیراردۆ : مەبەستت لە باش چییە ...

رۆبەرتۆ : ئێوە نمایش دەکەن، ئەو ڕۆڵی دڕندە و تۆش پیاوچاک، تا بزانیت لەو ڕێگەیەوە بۆت دەکرێت وا لە من بکەیت کە دان بە شتەکانا بنێم . هەر ئەوەندەی دانیشم پیا نا، تۆ بۆ خۆت، نەک ئەو، تۆ هەر بۆ خۆت دەمکوژیت . هەر پیاوێک، هەر پیاوێکی جوامێر بەو کارە هەڵدەستێت ئەگەر کەسێک ئابڕووی ژنەکەی تکاندبێت، من بۆ خۆم وا دەکەم ئەگەر کەسێک ئابڕووی ژنەکەمی تکاند بێت . هەردوو گونی دەردەهێنم . کەواتە پێم بڵێ : تۆ پێت وایە من ئەو دکتۆرە هیچ و پوچەم کە .... وا نییە ؟

( وچانێک . جیراردۆ هەڵدەستێت ) بۆ کوێ دەچیت ؟

جیراردۆ : من دەچم دەمانچەکە دەهێنم و کەلەی هیچ و پوچت بۆ دەکەم بە هەزار پارچەوە .

( وچانێکی کورت و تا بێت توڕە و توڕەتر دەبێت ) بەڵام لە پێشا کوڕی قەحبە من

بە قسەی تۆ دەکەم و هەردوو گونت بۆ دەتەقێنم، ئەی فاشستی هیچ و پوچ . پیاوی جوامێر دەبێ وابکات، وا نییە ؟ پیاوی پاڵەوان مێشکی خەڵکان دەکەن بە هەزار پارچەوە و پەلاماری ژنانێک دەدەن کە لەسەر تەختی نوستن بەستراونەتەوە و ئابڕووی دەتکێنن . نەک وەک من، گەمژە و زەرد هەڵگەڕاو و هیچ لەبارا نەبوو، لەبەرئەوەی من داکۆکی لە کوڕی قەحبەیەک دەکەم، کە شەرەفی ژنەکەمی شکاندوە و ژیانی لێ وێران کردوە . پێم بڵێ چەندجار سواری ژنەکەم بووی ؟ چەند جار، سەگی زۆڵ ؟

رۆبەرتۆ : جیراردۆ، من ....

جیراردۆ : جیراردۆ ڕۆیشت . ئیستا من لێرەم . من لێرەم ئەوەی کە دەڵێ زللەیەک بە زللەیەک و شەقێک بە شەقێک، باشە، ئەوە فەلسەفەی ئێمە نییە ؟

رۆبەرتۆ : من تەنیا گاڵتەم لەگەڵا کردیت، ئەوەتە ....

جیراردۆ : بەڵام من گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە نابێت دەستی خۆم بە خوێنی سەرسەرییەکی وەک تۆ پیس بکەم کە ....

رۆبەرتۆ : تەنیا گاڵتەیەک بوو ...

جیراردۆ : ... لە کاتێکا کەسێکی تر لێرە بێت کە زیاتر چێژ لە ئازاردان و مەرگی تۆ وەربگرێت ؟ بۆچی لەو خۆشییە بێبەشی بکەم ؟ من هەر ئیستا ئەو بانگ دەکەم تا هەر خۆی بێت و مێشکی بۆگەنی تۆ بکات بەهەزار پارچەوە .

رۆبەرتۆ : مەڕۆ . بانگی ئەو مەکە .

جیراردۆ : من چی دی ماندوو بووم لەو ناوبژییەی نێوانتان . تۆ ناتوانیت لەو تێبگەیت و ناشتوانی دڵنەوایی بکەیت .

رۆبەرتۆ : جیراردۆ من ئەترسم .

( جیراردۆ ئاوڕی بۆ دەداتەوە، تۆنی قسەکانی دەگۆڕێت )

جیراردۆ : هەروەها منیش .

رۆبەرتۆ : ڕێگەی پێ مەدە بمکوژێت .  ( وچانێکی کورت )
دەتەوێت بڕۆی چی پێ بڵێیت ؟

جیراردۆ : ڕاستیەکەی پێی دەڵێم، ئەوەی پێ دەڵێم کە تۆ ناتەوێ هاوکاری بکەیت .

رۆبەرتۆ : من دەمەوێت بزانم چیم لەگەڵ ئەودا کردوە، تکایە تێبگە لەوەی کە من نازانم
دان بە چیا بنێم . ئەگەر من ئەو کابرایە بم، دەمەوێت هەموو ... وردەکارییەکان
بزانم، بەڵام من هیچ شتێک نازانم، باشە کەوایە .... ئەگەر هەڵەیەک بکەم، ئەو
وا تێ دەگا من .... من پێویستم بەیارمەتی تۆ هەیە، تۆ دەبێت هەموو ئەو شتانەم
پێ بڵێی تا من بتوانم ... هەڵی ببەستم، لەسەر ئەو شتانە هەڵی ببەستم کە تۆ پێم دەڵێی .

جیراردۆ :  تۆ داوام لێ دەکەیت ژنەکەم فریو بدەم ؟

رۆبەرتۆ :  من داوات لێ دەکەم ئیسکۆبار، ژیانی پیاوێکی بێ تاوان بپارێزیت . تۆ بڕوا دەکەی
بەوەی کە من بێ تاوانم، وانییە ؟

جیراردۆ :  تۆ زۆر پێویستت بەوەیە کە ڕای من دەربارەی خۆت بزانیت ؟

رۆبەرتۆ : بێگومان پێویستم پێیەتی . خێزانەکەت کەسێکی شارستانی نییە، بەڵام تۆ
کەسێکی شارستانیت . ئەو ئەندامی نوێنەرایەتی ئەو لیژنەیە نییە، بەڵام تۆ
ئەندامیت .

جیراردۆ : ( خەمناک و بێزارە ) نا ئەو ئەندام نییە ... کێ ڕێگای پێداویت ئەو هەڵسەنگاندنە بکەیت . ئەو تەنیا ...    ( دەیەوێت بڕوات )

رۆبەرتۆ : چاوەڕێ بکە . دەتەوێت بۆ کوێ بچیت ؟ دەرۆیت چی پێ بلێییت ؟

جیراردۆ : دەچم پێی دەڵێم کە تۆ دەتەوێت میز بکەیت .

ڕوناکی نامێنێت

کۆتایی بەشی دووهەم

# بـەشی سێهەم

## دیمەنی یەکەم

کەمێک پێش داهاتنی ئێوارەیە . پۆڵینا و جیراردۆ لەدەرەوە لە هەیوانەکەدان، ڕوویان لە دەریایە . ڕۆبەرتۆ لە ژورەوەیە و هێشتا بەستراوەتەوە . جیراردۆ ئامێری تۆمارکەرەکەی لە باوەشدایە .

پۆڵینا : من تێ ناگەم بۆچی ؟

جیراردۆ : من دەبێت ئەوە بزانم .

پۆڵینا : بۆچی ؟

( وچانێکی کورت )

جیراردۆ : پۆڵینا، من خۆشم دەوێیت . من دەمەوێت لە دەمی خۆتەوە ئەوەم گوێ لێ بێت . ئەوە ڕەوای هەق نییە پاشی ئەو هەموو ساڵە، ئەو کەسە بۆ خۆی بێت و ئەوەم پێ بڵێ، دەریش بکەوێت کە ئەو کەسە خۆیەتی، ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم .

پۆڵینا : لەکاتێکا ئەگەر خۆم پێتی بڵێم، ئەتوانی بەرگەی ئەوە بگیریت .

جیراردۆ : ئەتوانم بەرگەی بگرم، باشترە لەوەی ئەو بێت و پێم بڵێ .

پۆڵینا : من ئەوەم پێ گووتویت جیراردۆ، ئایا ئەوە بەس نییە ؟

جیراردۆ : پانزە ساڵ لەمەوبەر ئەوەت پێ گووتم و پاشان ....

پۆڵینا : تۆ چاوەڕێت دەکرد من لەوێ لەبەردەم ئەو لەش فرۆشەدا شتەکانت بۆ بگێڕمەوە ؟ ئەو لەش فرۆشە بە نیوە ڕووتی لە ژووری نوستنەکەت دەرپەڕییە دەرێ و هاواری لێ دەکردی بۆچی ئەوەندەت پێ چووە و نەگەڕاویتەوە بۆ لای، تۆش چاوەڕوانت دەکرد من ...

جیراردۆ : ئەو لەش فرۆش نەبوو .

پۆڵینا : ئەو دەیزانی من لە کوێ بووم ؟ بێگومان دەیزانی . قەحبەیە .

دەبێ ئەو پیاوە چ پیاوێک بێ کە ژنەکەی بەتەواوی بۆی نەکرێت

داکۆکی لە خۆی بکات، ئەهـ ؟

جیراردۆ : پۆڵینا، جارێکی تر ئەو خەڕەکە نارێسینەوە .

پۆڵینا : تۆ خۆت ئەو کەسە بووی دەستت پێ کردەوە .

جیراردۆ : من چەند جار دەبێ ئەوەت بۆ .... ؟ ... من دوو مانگ هەوڵم دا کە تۆ بدۆزمەوە .

دوایی، ئەو کچەی هاوڕێت هات بۆ لام و گووتی من دەتوانم هاوکاریت بکەم .

دوو پێکمان خواردەوە و ئیتر. ئای خودایە، ئیتر منیش مرۆڤم .

پۆڵینا : لەو دەمەیا کە من ژیانی تۆم ئەپاراست، لەو دەمەیا کە ناوی تۆ لە ناخی منا پارێزراو

بوو و بۆ جارێکیش لە دەمی من نەهاتە دەرێ ... لێی بپرسە، لە مێرەندا بپرسە ئەگەر

من بە هیچ جورێ، تەنانەت لەژێر لێویشەوە ناوی تۆم هێنا بێت، لە کاتێکا تۆ ...

جیراردۆ : تۆ بۆ خۆت منت بەخشی، تۆ منت بەخشی، ئیتر چەند جاری تر دەبێت ئەم قەوانە

لێ بدەینەوە ؟ ئەو رابردووە پڕ لە خەمگینی و پەرێشانییە، ئێمە دەکوژێت . با

لەبیری بەرینەوە .... با واز لە قسە کردن لەسەر ڕابردوو بهێنین، با ئەو لاپەڕانە

بە ئێجگاری داخەین و جارێکی تر بە هیچ کلۆجێ، بە هیچ کلۆجێ، هەڵی نەدەینەوە .

پۆڵینا : بەخشین و لەبیربردنەوە، هە ؟

جیراردۆ : بەخشین بەڵێ، لەبیربردنەوە نا . لە دوای بەخشین دەتوانین جارێکی تر سەر لە نوێ

دەست پێ بکەینەوە . هێشتا زۆر شتی تر هەیە لە پێناویا بژین، گوڵەکەم ....

پۆڵینا : چیت لە من دەوێ، دەتەوێ لەبەردەم ئەو کچەیا قسە بکەم ؟ پێت بڵێم کە چییان

لێ کردم، لەبەردەم ئەوا پێت بڵێم کە من .... ؟ چەند جار ؟

جیراردۆ : چەند جار چی ؟

پۆڵینا : چەند جار تۆ لەگەڵیت ڕابوارد ؟

جیراردۆ : پۆڵینا ...

پۆڵینا : چەند جار ؟

جیراردۆ : ڕۆڵە ...

پۆڵینا : چەند جار لەگەڵیت کرد ؟ چەندجار، چەندجار ؟ من پێت دەڵێم، تۆش پێم بڵێ .

جیراردۆ : ( بەبێ هومێدی رایدەوەشێنێت و ئەمجا باوەشی دەکات ) پۆڵینا، پۆڵینا، دەتەوێت تێکم بشکێنیت ؟ ئەوە ئەو شتە نییە کە تۆ دەتەوێت ؟

پۆڵینا : نەخێر .

جیراردۆ : باشە، تۆ بەوە دەتەوێت تێکم بشکێنیت . دەتەوێت بمخەیتە هەڵوێستێکی واوە کە دەرچوونم لێی نەبێت . دەتەوێت ونم بکەیت، ئەوە ویست و ئارەزووی تۆ نییە ؟

پۆڵینا : دەمەوێت بزانم کە چەندجار لەگەڵ ئەو سۆزانییەدا نوستیت ؟

جیراردۆ : پۆڵینا، ئەوە لەگەڵ منا مەکە .

پۆڵینا : ئەوە یەکەم شەوت نەبوو، جیراردۆ وانییە ؟ تۆ بەر لەوەش ئەوت بینیوە، وایە ؟ ڕاستیم دەوێت، جیراردۆ ؟

جیراردۆ : تۆ دەزانیت دوور نییە مرۆڤ بەدەم زانینی زۆری ڕاستیەکانەوە بمرێت ؟

پۆڵینا : چەندجار جیراردۆ ؟ تۆ پێم بڵێ، منیش پێت دەڵێم .

جیراردۆ : دوو جار .

پۆڵینا : ئەوە ئەو شەوە . ئەی پێش ئەو شەوە ؟

جیراردۆ : ( بە کپی ) سێ جار .

پۆڵینا : چۆن ؟

جیراردۆ : ( دەنگی بەرز دەکاتەوە ) سێ جار .

پۆڵینا : خاتوونێکی خۆش بوو ؟ تۆ زۆر حەزت لێی بوو ؟ ئەویش حەزی لێ بوو . ئەو دەبێ
زۆری چێژ لێ وەرگرتبێت ئەگەر بۆ ئەوە هاتبێتەوە کە .....

جیراردۆ : تۆ ئەزانیت چی بە من دەکەیت ؟

پۆڵینا : ئەوە سارێژ نابێت ها ؟ چارەسەری نییە .

جیراردۆ : ( بێ هومێدانە ) لەوە زیاتر چیت لە من دەوێت ؟ ئێمە لەدەست دیکتاتۆرییەت
قوتار بووین، قوتار بووین و وا خەریکە خۆمان بەدەستی خۆمان یەکتری تووشی
دەردێک دەکەین کە ئەو سەگە زۆڵانە بۆیان نەکرا بەسەرمان بێنن ؟ تۆ ئەوەت
دەوێ وا نییە ؟

پۆڵینا : ( بە کپی ) نەخێر .

جیراردۆ : تۆ ئەتەوێت بە جێت بهێڵم ؟ تۆ ئەوەت دەوێ وانییە ؟ تۆ ئەتەوێ لەو دەرگایە
بچمە دەرێ و جارێکی تر نەتبینمەوە ؟ ئای خودای گەورە، تۆ ئەوەت دەوێ ؟

پۆڵینا : نەخێر .

جیراردۆ : ئەوە ئەو ئاکامەیە کە تۆ چاوەڕوانی دەکەی .

( وچانێکی کورت )

من وەک منداڵێک لەبەر دەستی تۆدام، هیچ شتێکم نییە پارێزگاری لە خۆمی پێ بکەم .
من لەبەردەم تۆدا ڕووت و قوتم، هەر وەک ئەو ڕۆژەی کە لەدایک بووم . وەک چۆن لەگەڵ
ئەو پیاوەدا جوڵایتەوە، دەتەوێ ئاواش لەگەڵ منا بجوڵێیتەوە .

پۆڵینا : نەخێر .

جیراردۆ : تۆ دەتەوێ من ... ؟

پۆڵینا : ( نەرم ) من دەمەوێ تۆ . تۆ . من دەمەوێت تۆ لەناخی منا زیندوو بی . من دەمەوێت کاتێ
لەسەر جێگای نوستن خۆشەویستیم لەگەڵ دەکەیت هیچ تارماییەکی دیم لەگەڵ نەبێت و
دەمەوێت تۆ لە لیژنەکەدا پارێزگاری لە ڕاستی بکەیت . هەروەها دەمەوێ لەو هەوایە

هەڵمژی کە من هەناسەی تیا دەدەم . من دەمەوێت بتوانم جارێکی تر لەگەڵ تۆدا بم و پێکەوە گوێ لە شۆبەرت بگرینەوە ....

جیراردۆ : باشە پۆڵینا، باشە، باش .

پۆڵینا : ... هەروەها دەمەوێ ئێمە منالێک هەڵگرینەوە و دەمەوێت سات بە سات خەمت هەڵگرم هەر وەک چۆن تۆ لەدوای ئەو شەوەوە خەمی منت هەڵگرت ...

جیراردۆ : جارێکی تر باسی ئەو لەشفرۆشەی ئەو شەوە مەکەرەوە . ئەگەر لەسەر ئەوە بڕۆیت و باسی ئەو شەوە بکەیت، ئەوا تۆ ... بەوە دەمکوژیت . تۆ ئەوەت دەوێ ؟

پۆڵینا : نەخێر .

جیراردۆ : کەواتە ئەوەم پێ دەڵێیت ؟

پۆڵینا : بەڵێ .

جیراردۆ : هەر هەمووی ؟

پۆڵینا : هەر هەمووی .

جیراردۆ : ئەوە دەروازەیەکە، بۆ ئەوەی کە هەردوکمان لەو گێژاوە ڕزگارمان بێت .... بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە یەکدی بشارینەوە .

پۆڵینا : ئەوە تاکە ڕێگایەکە .

جیراردۆ : ئەوە تۆمار دەکەم، تۆ پێت ئاساییە خۆشەویستم ئەوە تۆمار بکەم ؟

پۆڵینا : تۆماری کە .

( جیراردۆ پەنجە دەنێ بە تۆمارەکەدا )

جیراردۆ : وای دابنێ کە ئیستا تۆ بەرانبەر بە لیژنەکە دانیشتویت .

پۆڵینا : من نازانم چۆن دەست پێ بکەم .

جیراردۆ : لە ناوی خۆتەوە دەست پێ بکە .

پۆڵینا : ناوی پێش شووکردنم پاوڵینا سالسە . ئیستا من شووم کردووە بە جیراردۆ

ئێسکۆبار، کە پارێزەرە . بەڵام لەو کاتەدا ...

جیراردۆ : مێژووەکەی .

پۆڵینا : شەشی مانگی ئاپریلی ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتاو پێنج بوو، هێشتا شووم نەکرد بوو . من لە شەقامی سان ئەنتۆنیۆ بەتەنیا دەڕۆیشتم ....

جیراردۆ : هەتا دەتوانی لە گێڕانەوەکەتا وردبین بە .

پۆڵینا : دوا نیوەڕۆ بوو لە دەوروبەری دوو چارەک دا بوو، لەو کاتەدا کە من خەریک بوو دەگەیشتمە گۆشەی شەقامی هورفەنێس، لە دوامەوە گوێم لە .... سێ پیاو لە ماشێنێک دەرپەڕینە دەرەوە، یەکێک لەوان لە دواوە دەمانچەکەی خستە سەر پشتم و گووتی " یەک وشەت لەدەم بێتە دەرەوە، خانم مێشکت دەکەین بە هەزار پارچەوە " . ئەو ئەوەی بە گوێچکەمدا سرپاند ... هەناسەی بۆنی سیری لێدەهات . من بۆ خۆم سەرم سوڕمابوو لەوەی کە بۆچی لەو ساتەدا سەرنجم چۆتە سەر ئەو شتە وردانە، ئەو نانەی نیوەڕۆ خواردوویەتی، بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن بە هەموو ئەندامەکانی لەشی ئەو خواردنەی هەزم کردوە کە من ئەوانە لە وانەی شیتەڵکاریا دەخوێنم . دوای ئەوە من لۆمەی خۆمم دەکرد، لەوەی کە دواتر من دنیایەک کاتم بەدەستەوەیە بۆ بیر کردنەوە لەو شتانە . بۆچی لەو کاتەدا من هاوارم نەکرد، من دەمزانی ئەگەر ئەوەت لێ ڕوو بدات دەبێت هاوار بکەیت، بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت کە ئەو کەسە کێ بوو .... ناوی خۆت بەدەنگی بەرز بڵێی و هاوار کەیت من ناوم پۆڵینا سالسە و ئەوا خەریکە دەمفڕێنن . ئەگەر هەر لە چرکە ساتی یەکەمدا فریای خۆت نەکەویت، ئەوا ئیتر تیا چوویت، من زۆر بە ئاسانی خۆم دا بەدەستیانەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بەرەنگارییەک بنوێنم، هەر بە خێرایی بە گوێم کردن . من لە هەموو ژیانما هەمیشە کەسێکی گوێ ڕایەڵ بووم .

( ڕوناکی بە هێواشی کز دەبێت )

ئەو دکتۆرە لەناو ئەو کەسانەدا نەبوو کە سەرتا منیان فڕاند، من بۆ یەکەم جار دکتۆر مێرەندام دوای سێ ڕۆژ ناسی کە .... ئەوە ئەو کاتە بوو کە دکتۆر مێرەندام تیا ناسی .

( ڕۆشنایی بە هێواشی نامێنێت و دەنگی پۆڵینا لەناو تاریکییەکەدا بەردەوام دەبێ، تەنیا ئامێری تۆمارکەرەکە بە تریفەی مانگ شەو دەدرەوشێتەوە )

لەسەرەتادا پێم وابوو، ئەو ژیانم دەپارێزێت، زۆر کەسێکی ناسک بوو، زۆر ... ئینسان بوو . دوای ئەوەی کە بەدەست ئەوانی دییەوە حاڵم خراپ بوو، کاتێک کە بۆ سێ ڕۆژ خواردنت نەخواردوە، کاتێک هەموو ئازای گیانت تێک شکاوە، کاتێک ... پاشان، لە پڕێکا گوێم لە چوارینەی شۆبەرت بوو . بە هیچ جۆرێک بۆم ناکرێت وەسفی ئەو ساتە وەختە بکەم کە لەو تاریکیەدا گوێت لەو ئاوازە ناسکە دەبێت، هەست بە چی دەکەیت .

( لە تاریکیدا، گوێمان لە دەنگی رۆبەرتۆ دەبێت کە تێکەڵ بە دەنگی پۆڵینا دەبێت، لەگەڵ پارچەی دووهەم لە چوارینەی مەرگ و پاکییزە )

دەنگی رۆبەرتۆ : دەمەوێت مۆسیقا لە ئارادا بێت، چونکە بۆ سەرکەوتنی رۆڵەکەم زۆر یاریدەم دەدات . هەر وەک خۆیان پێی دەڵێن رۆڵی کەسێتیەکی پیاوچاک . دەمەوێت شۆبەرتیان بە گوێ ئاشنا کەم چونکە ئەوە شێوازێکی سەرکەوتوە بۆ ئەوەی زیندانییەکان بڕوام پێ بکەن . هەروەها دڵنیاشم لەوەی کە ئەوە دەروازەیەکە بۆ ئەوەی کەمێک لە ئازارەکانیان کەم کاتەوە . ئێوە دەبێ بڕوام پێ بکەن کە ئەوە شێوازێکە بۆ ئەوەی ئازارەکانی زیندانی کەم بێتەوە . نەک هەر تەنیا بە بە مۆسیقا، بەڵکو بە هەموو ئەو شتانەی تریش کە من لەگەڵیانا دەیکەم .

ئا بەو جۆرە هەر لەسەرەتاوە زیندانییەکان لێم نزیک دەبنەوە .

( هەر وەک ئەوەی مانگ لە پشتی هەورەوە بێتە دەرێ ڕۆشنایی زیاتر دەبێت .

کات شەوە، دەنگی رۆبەرتۆ لە تۆمارەکەوە دێت کە دان بە ڕاستیەکاندا دەنێ .

ئاوازی شۆبەرتیش بە هێواشی دەبیسترێت )

زیندانییەکان لەبەر دەستیانا دەمردن، ئەوان ئاگاداریان کردم کە پێویستیان بە کەسێکە هاوکاری گیراوەکان بکات، کەسێک کە بتوانێ بڕوای زیندانییەکان بۆ خۆی راکێشێت. من برایەکم هەبوو کە ئەندامی ئاسایشی نهێنی بوو . شەوێک هات و پێی گوتم "تۆ دەتوانی تۆڵەی باوکم لە کۆمۆنیستەکان بکەیتەوە" . هەر ئەو رۆژەی کە جوتیارەکان لە لاس تۆلتیکاس زەوییەکەی باوکمیان زەوت کرد، ئەو تووشی جەڵدەی دڵ بوو . جەڵدەی دڵ، دوچاری ئیفلیج بوونی کرد ... ئیدی توانای قسە کردنی لە دەست دا، چەندین کاتژمێر لە من ورد دەبۆوە و بە چاوەکانی پێی دەگوتم "شتێک بکە" بەڵام ئەوە وای لێ نەکردم کە مل بەو کارە بدەم . بەڵکو تەواوی هەقیقەتەکە ئەوە بوو کە من لە پێناوی مرۆڤایەتیا خۆم خستە بەر ئەو کارە . ئێمە لە جەنگا بووین دژی کۆمۆنیستەکان . پێم وابوو ئەوان دەیانویست خۆم و خێزانەکەم بکوژن .

ئەوان دەیانویست رژێمێکی دیکتاتۆری دامەزرێنن . لەگەڵ ئەوەشا ئەوان هەقی خۆیان بوو لە زینداندا پێویستیان بە هەندێک چارەسەری پزیشکی بێت . هەتا ڕادەیەک ئەوە بە شێنەیی ڕوویدا کە من بۆ خۆشم نەمزانی چۆن ئاوا خزامە ناو کارێکەوە کە وام لێهات لە زۆر پرۆسەی کاریگەرا هاوبەشی بکەم . ئەوان ڕێگایان پێدام کە لەکاتی ئەشکەنجەدانا لەوێ دانیشم، کاری من ئەوە بوو ئاگاداریان بکەم لەوەی کە زیندانیەکان تا چەندێک لەشیان بەرگەی ئەشکەنجە و لێدانی تەزووی کارەبا دەگرێ . لەسەرەتادا من بە خۆمم دەگووت، ئەوە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ژیانی خەڵکان بپارێزم و هەرواشم کرد . هەندێ جار داوام لێدەکردن کە لێدانی زیندانیەک ڕاگرن چونکە بەرگەی ناگرێت و ڕەنگە بمرێت، بۆ خۆشی وا نەبوو . من زۆر بە سادەیی دەمویست زیندانییەکان لەوە بپارێزم کە ئەشکەنجەی زۆر نەدرێن . بەڵام دوای ئەوە تۆزە تۆزە من دەستم کرد... ئەو چاکە خوازییەی کە لەناو منا بوو گۆڕا بۆ ئەوەی کە چێژی لێ وەربگرم. ئەو دەمامکی چاکە خوازییە بە شێنەیی خۆی لێ دەشاردمەوە، خۆی لێ دەشاردمەوە و خۆی لێ ون دەکردم، ئیدی ئەوە بوو هەڵخلیسکامە ناو ئەو زۆنگاوەوە، لەو

کاتەشدا ئەوە بوو پۆڵینا سالسیان هێنا، کات تێپەڕی بوو .. هەموو شتێک لە گرێژەنە دەرچوو بوو . ( ڕۆشنایی بە هێواشی کز دەبێت )

ڕۆبەرتۆ : .... کات درەنگ بوو . جۆرێک لە ... دڕندەیی باڵی بەسەر ژیانما کێشا بوو . ئیدی وای لێ هات بوو ئەوەی کە من بە هەقیقی دەمکرد، وەک یارییەکی بۆ من لێ هاتبوو . کەوتبوومە ناو دوو ڕێیانێکەوە، کە بەشێکی بریتی بوو لە نەخۆشی و بەشێکی تریشی بریتی بوو لە هەقیقەتی زانستی . ئەم ژنە بەرگەی چەند دەگرێت ؟ لەوانی تر زیاتر یان کەمتر ؟ توانا سێکسیەکانی چۆنە ؟ ئایا ئەگەر تەزووی کارەبای لێ بدرێ، تواناى سێکسیەکانی دەپوکێتەوە یان نا ؟ ئایا لەناو بارودۆخێکی ئاوادا دەگاتە ڕاچەنینی سێکسی یان نا ؟ ئەو بە تەواوی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی تۆوە، دەتوانی بە ئارەزووی خۆت ئەوەی دەتەوێ و ئەوەی لە مێشکدایە لەگەڵیا بیکەیت .

( ڕۆشنایی بەردەوام بەرەو کز بوون دەچێت و دەنگی ڕۆبەرتۆ لە ناو نیوە تاریکییەکەدا هەر دەبیسترێت، تۆمارەکە لەژێر ڕۆشنایی مانگەشەودا دەدرەوشێتەوە )

هەموو ئەو شتانەی کە لە ئەزەلەوە کۆمەڵگا لێی حەرام کرد بوویت، هەموو ئەو شتانەی کە دایکت بە گوێتا دەچرپێنێت کە لێیان دوور بکەویتەوە و نەیانکەیت. ئیدی وای لێ دێت لەگەڵ ئەو خاتوونەیە خەونی پێوە دەبینیت، لەگەڵ هەموو خاتونەکانی تریشا . " دەی دکتۆر " پێیان دەگووتم : " بڕوا ناکەین گوشتی خۆڕایی ڕەت بکەیتەوە، ڕەتی دەکەیتەوە ؟ " یەکێک لەوانە دەکەوتە گاڵتەکردن پێم . وابزانم ناوی ... ئەوان پێیان دەگووت ستود .. ئەوە ناوی ئەسڵی خۆی نەبوو، من بە هیچ جورێک ناوی ڕاستی خۆیم نەزانی . " دکتۆر، بۆ خۆیان حەزیان لێیەتی " ستود پێی دەگووتم : " ئەو لەشفرۆشانە هەر هەموویان حەزیان لێیەتی، ئەگەر تۆزێک ئەو مۆسیقا شیرینەی خۆشتیان بۆ لێ بدەیت

ئەوا ئەوەندەی تریش حەزیان پێی دەبێت " . ئەو ئەوەی لەبەردەم ژنەکانا پێ دەگووتم، لەبەردەم پۆڵینا سالسا ئەوەی دەگووتم . من، ئیدی من لە دوایدا ... بەڵام کەس لەژێر دەستی منا نەمردوە، هیچ یەکێک نە لە ژنان، نە لە پیاوانیش .

( ئیستا بەرە بەیانییە، دونیا ڕۆشن دەبێتەوە . روبەرتۆ ئازادە، لەبەردەم ئەواندا لەسەر چەند لاپەڕەیەک خەریکی نوسینەوەی قسەکانی خۆیەتی لە تۆمارەکەوە، کۆمەڵێک لاپەرە لەسەر مێزەکەیە . پۆڵینا و جیراردۆ تەماشای دەکەن ) .

دەنگی رۆبەرتۆ : ( لە تۆمارەکەوە ) ئەوەندەی بە بیرم بێتەوە، من هاوبەشیم کردوە لە لێکۆڵینەوەی نەوەند و چوار زیندانی، کە یەکێک لەوانە پۆڵینا سالس بووە . من تەنیا دەتوانم ئەوەندە بڵێم . داوای لێبوردنیش دەکەم .

( لەو کاتەدا کە رۆبەرتۆ خەریکی نوسینە، جیراردۆ تۆمارەکە دەکوژێنێتەوە )

رۆبەرتۆ : ..... لێبوردن .

( جیراردۆ جارێکی دی تۆمارەکە دەکاتەوە )

دەنگی رۆبەرتۆ : من هیوا دەخوازم کە ئەم دانپیانانە ئەوە نیشان بدات کە من زۆر پەشیمانم و دەشمەوێت وڵاتەکەمان بگاتە ئارامی و ئاشتی ....

( جیراردۆ تۆمارەکە دەکوژێنێتەوە )

جیراردۆ : ئەو بەشەت نووسی ؟ کە دەڵێی وڵاتەکەمان بگاتە ئارامی و ئاشتی ؟

( جیراردۆ جارێکی دی تۆمارەکە دەکاتەوە )

دەنگی رۆبەرتۆ : .... ئیدی دەبێت من درێژایی هەموو ژیانم لەگەڵ ئازاری ئەو نهێنییە ترسناکەدا

بەسەر بەرم . بڕوا ناکەم لە دونیادا سزایەک هەبێت لەو ئازارە قورستر بێ

کە ئازاری ویژدان تا ئەبەد بە شوێنتەوە بێ و بەردەوام ئازارت بدات .

ڕۆبەرتۆ : ( بەدەم نوسینەوە ) ... سزایەک .... ویژدان .

( جیراردۆ تۆمارەکە دەکوژێنێتەوە، ساتێک بێدەنگی )

ئیستا چی بکەم ؟ دەتەوێت ئیمزای بکەم ؟

پۆڵینا : لە پێشا ئەوە بنوسە کە ئەمەت بە ئازادی خۆت نوسیوە، بەبێ ئەوەی هیچ

کەسێک زۆری لێ کردبیت یان ئازاری دابیت .

ڕۆبەرتۆ : ئەوە ڕاست نییە .

پۆڵینا : دکتۆر وابزانم حەزت لە ئازاردانی هەقیقییە، ها ؟

( ڕۆبەرتۆ دوو دەستەواژە لە خوارەوە دەنوسێت، نیشانی جیراردۆی دەدات کە سەری بە

بە قایل بوون بۆ دەلەقێنێت . ڕۆبەرتۆ ئیمزای دەکات . پۆڵینا تەماشای ئیمزاکە دەکات،

لاپەڕەکان کۆ دەکاتەوە، کاسێتەکە لە تۆمارەکە دەردەهێنێت، کاسێتێکی تری دەخاتە سەر و

دەست دەنێ بە دوگمەی تۆمارەکەدا . لە تۆمارەکەوە گوێمان لە دانپیانانەکەی ڕۆبەرتۆ دەبێت )

دەنگی ڕۆبەرتۆ : ( لە تۆمارەکەوە ) دەمەوێت مۆسیقا لە ئارادا بێت، چونکە بۆ سەرکەوتنی

ڕۆڵەکەم زۆر یاریدەم دەدات . هەر وەک خۆیان پێی دەڵێن ڕۆڵی کەسێتیەکی

پیاوچاک . دەمەوێت شۆبەرتیان بە گوێ ئاشنا کەم چونکە ئەوە شێوازێکی

سەرکەوتوە بۆ ئەوەی زیندانییەکان بڕوام پێ بکەن . هەروەها دڵنیاشم لەوەی

کە ئەوە دەروازەیەکە بۆ ئەوەی کەمێک لە ئازارەکانیان کەم کاتەوە .

جیراردۆ : پۆڵینا، ئیتر تەواو .

دەنگی ڕۆبەرتۆ : ( لە تۆمارەکەوە ) . ئێوە دەبێ بڕوام پێ بکەن کە ئەوە شێوازێکە بۆ ئەوەی

ئازارەکانی زیندانی کەم کاتەوە.

جیراردۆ : ( جیراردۆ تۆمارەکە دەکوژێنێتەوە ) ئەوە تەواو بوو .

پۆڵینا : بەڵێ، تا ڕادەیەک تەواو.

جیراردۆ : ئیتر لەو باوەڕەدا نیت کە کات ...

پۆڵینا : ڕاستە، ئێمە ڕێکەوتنمان هەیە .

( پۆڵینا، هەڵدەستێتە سەر پێ و بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوات، بەقوڵی هەناسەی خاوێنی دەریا هەڵدەمژێ ) .

پۆڵینا : ئەندێشەی ئەوە بکە، من دەمەوێت لەم بەرەبەیانییەدا چەند کاتژمێرێک لێرەدا بەرمە سەر و لەو شتانە ورد ببمەوە کە تێپەڕین و دوێ شەو شەپۆلەکانی دەریا لەگەڵ خۆی بردنی . لەو تارماییانە ورد ببمەوە و لە خۆم بپرسم تا ئیستا لە کوێ بوون، جارێکی دی دەیانەوێ لە دەریاوە بێنەوە دەرێ یان نا . ئەی بۆ لەمەودوا . ئەی بۆ لەمەودوا .

جیراردۆ : پۆڵینا !

پۆڵینا : ( لەناکاو ئاوڕ دەداتەوە ) من ئاسودەم کە دەبینم تۆ هێشتا پیاوێکی خاوەن هەڵوێستی . هیوام وایە کە توانیبێتم باوڕت پێ بهێنم، ئیستا تۆ ئەوەت لێ ڕوون بۆوە کە ئەو بەڕاستی تاوانبارە . من دەمەوێت ڕازیت بکەم بەوەی کە نەیکوژیت .

جیراردۆ : من ڕۆحی خۆم بە کوشتنی کەسێکی وا بۆگەن ناکەم .

پۆڵینا : ( کلیلی ماشێنەکەی بۆ هەڵدەدات ) ڕاست دەکەیت . بڕۆ ماشێنەکەی بۆ بهێنە .

( وچانێکی کورت )

جیراردۆ : ئەتوانم بە تەنیا لەگەڵ تۆ بەجێی بهێڵم ؟

پۆڵینا : تۆ بۆ خۆت نەتگووت کە لە من دڵنیایت؟.

( وچانێکی کورت )

جیراردۆ : باشە، باش . من دەچم ماشێنەکە دەهێنم ... ئاگات لە خۆت بێت .

پۆڵینا : هەروەها تۆش .

( جیراردۆ بەرەو دەرگاکە دەڕوات )

پۆڵینا : ئۆی .. بیرت نەچێت جەکەکەی بۆ بگەڕێنیتەوە .

جیراردۆ : ( هەوڵ دەدات پێبکەنێت ) تۆش بیرت نەچێت کاسێتەکەی شۆبەرتی بۆ بگەڕێنیتەوە .
تۆ کاسێتێکی خۆتت هەیە .

( دەڕواتە دەرەوە، پۆڵینا لێی دەڕوانێت . رۆبەرتۆ خەریکی کردنەوەی قاچی خۆیەتی )

رۆبەرتۆ : ئەگەر پێت ئاسایی بێت، دەمەوێت بچم بۆ ئاودەست . پێم وایە ئیتر هیچ
پێویست نەکات کە تۆ لەگەڵم بێیت ؟

پۆڵینا : مەجوڵێ، دکتۆر . هێشتا بابەتێکی پچکۆلانە ماوە کە قسەمان لەسەری نەکردوە .

( وچانێکی کورت )

ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر خۆش دەبێت . تۆ خۆت دەزانیت تاقە شتێک هەیە کە هێشتا
پشت گوێمان خستوە، دکتۆر . تەنیا شتێک کە دەمەوێت ئەویش بپێکم بۆ ئەوەی رۆژەکەم
بەتەواوی بێ وێنە بێت . ( وچانێکی کورت )
بۆ ئەوەی بتکوژم . بۆ ئەوەی بتوانم کاتێ گوێ لە شۆبەرت دەگرم، بیر لەوە نەکەمەوە کە
تۆش لەگەڵما گوێی لێ دەگریت، بەوەش ڕۆژەکەم لێ تاڵ بکەیت و شۆبەرتەکەم لێ قێزەون
بکەیت، وڵاتەکەم و مێردەکەشم لا ناشرین بکەیت . من ئەوەم دەوێت .

ڕۆبەرتۆ : خانم، مێردەکەت کە لێرە ڕۆیشت بڕوای پێ کردیت کە تۆ ... تۆ پەیمانت دا ...
پۆڵینا : بەڵام من کاتێک ئەو پەیمانەم دایە ... هێشتا گومانم هەبوو ... گومانێک هەر ئەوەندەی
دەم تەڕ کردنێک ... کە تۆ ئەو پیاوە نەبیت . چونکە جیراردۆ لەوەدا تەواو ڕاستی دەکرد .
کە داوای بەڵگەی لێ کردم، بەڵگەی ئاشکرا و ڕوون .... باشە، هەروەها لەوەشا ڕاستی دەکرد
کە کێ دەڵێ تۆ دان بە ڕاستیا دەنێی ... من لەوەدا بە هەڵەدا چوو بووم . بەڵام کاتێک من گوێم
لە دەنگی تۆ بوو، دواین گومانیشم لا ڕەوییەوە . بەڵام ئیستا دەزانم و دڵنیام کە تۆ ئەو پیاوەیت .
ئەگەر ڕێگا بە تۆ بدەم بژیت، ئەوا هەرگیز ناتوانم لەگەڵ خۆما بە ئاشتی بژیم .
( ڕووی دەمانچەکەی تێ دەکات )
یەک خولەکت بەدەستەوەیە، دکتۆر بۆ ئەوەی نوێژی تیا بکەیت .
( ڕۆبەرتۆ بە شێنەیی لە جێی خۆی بەرز دەبێتەوە )

ڕۆبەرتۆ : مەمکوژە . من بێ تاوانم .
پۆڵینا : تۆ دانت بە هەموو تاوانەکانی خۆتا نا .
ڕۆبەرتۆ : ئەو دانپیانانە، خانم ... هەمووی هەڵەیە .
پۆڵینا : مەبەستت لە هەڵە چییە ؟
ڕۆبەرتۆ : ئێمە پێکەوە هەڵمان بەست .
پۆڵینا : هەمووی بەلای منەوە ڕاستە، بەداخەوە هەمووی بەو جۆرەیە کە بەسەر منا هاتوە .
ڕۆبەرتۆ : مێردەکەت فێری کردم کە چی بنوسم . من هەندێکیانم هەڵبەستوە، وایە هەندێکیان
لەلایەن منەوە دروست کراوە، بەڵام زۆربەی هەر ئەو شتانە بو کە مێردەکەت لە دەمی خۆتی
وەرگرتوە، لەو هەقیقەتانەوە کە ئەو دەزانێت بەسەر تۆدا هاتوە . ڕێگام پێ بدە بڕۆم .
ئەو بەوە قایلی کردم کە ئەوە تاکە ڕێگەیەکە، کە تۆ ناتەوێت بمکوژیت و منیش دەبوو ...
تۆ دەبێت ئەوە بزانیت کە لە ژێر هەڕەشەدا من هەموو ئەو شتانەم گووتوە، بەڵام خاتوو

ئێسکۆبار من هیچ گوناهێکم نییە، خودا بەو سەرەوە ئاگای لەوەیە کە ....

پۆڵینا : پەنا مەبەرە بەر خودا، دکتۆر، تۆ قەت لە ژیانتا لە خۆتت پرسیوە خودا هەیە یان نا . ستود

رۆبەرتۆ : چی ؟

پۆڵینا : تۆ چەند جارێک لە دانپیانانەکەدا باسی ستودت کردوە . لەوە دەچێت پیاوێکی زەبەلاح بوو بێت و هەموو گیانی ماسولکە بوو بێت، نینۆکاکانی پەنجەی دەکرۆشت، وا نییە . ئەو ستودە نەفرەتیە نینۆکەکانی پەنجەی دەکرۆشت .

رۆبەرتۆ : من هەرگیز ئەو پیاوەم نەدیوە کە تۆ باسی دەکەیت . ئەو ناوە مێردەکەت پێی دام . هەموو ئەو شتانەی کە من گووتومە، مێردەکەت ڕێی پێ نیشان داوم کە ئاوا ڕێکی بخەم . کە گەرایەوە لێی بپرسە .

پۆڵینا : من پێویستم بەوە نییە لێی بپرسم . من دەزانم کە ئەو کاری وای لێ دەوەشێتەوە . من دەزانم قسەکانی منی بۆ دانپیانانەکانی تۆ بەکارهێناوە . ئەو لەو جۆرە کەسانەیە کە هەمیشە خۆی بە هوشیارتر لە کەسانی تر دەبینێت، ئەو هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە ژیانی خەڵکان بپارێزی . من لۆمەی ئەو ناکەم . لەبەر ئەوەیە کە خۆشم دەوێت . ئێمە هەر یەکەمان لەبەر خاتری یەکتری، درۆمان لەگەڵ یەکترا کردوە . ئەو بە خاتری من، هەڵیخەڵەتاندوم . منیش بە خاتری ئەو، درۆم لەگەڵی کردوە . بەڵام من تاکە کەسێکم کە لەو نێوەدا بە سەرکەوتویی دێمە دەروە . من ناوی "بەد "م پێ گووتبوو، دکتۆر . من ناوێکی هەڵەم پێ دابوو تا بزانم تۆ ناوەکە ڕاست دەکەیتەوە . ئەوە بوو تۆ ناوەکەت ڕاست کردبۆوە . تۆ ناوی "بەد "ت ڕاست کردبۆوە و بۆ خۆت کردبووتەوە بە ناوە ڕاستییەکە، کە ناوی ستود بوو . ئەگەر تۆ بێ تاوان بوویتایە ....

رۆبەرتۆ : من پێت دەڵێم کە مێردەکەت بوو ئەو .... گوێبگرە . بەیارمەتیت گوێبگرە . لەوانەیە ئەو بیری لەوە کردبێتەوە کە ستود دەبێت ناوی پیاوێکی وا بێت کە لەوە بچێت ... من نازانم بۆچی ئەو .... لە خۆی بپرسە . لە خۆی بپرسە .

پۆڵینا : ئەوە تەنیا هەڵەیەک نییە کە تۆ ڕاستت کردۆتەوە . گەلێکی تریش ... گەلێ درۆی تریش .

ڕۆبەرتۆ : درۆی چی، کام درۆیە ؟

پۆڵینا : من لەناو گێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆمدا بۆ جیراردۆ گەلێک درۆی پچکۆلە و جیاوازی پچکۆلەم دروست کردبوو، کە تۆ زۆربەی ئەوانەت ڕاست کردبۆوە . پیلانەکەم چۆن دانابوو، وا دەرچوو . تۆ زۆر ترسا بووی لەوەی کە هیچ هەڵەیەک نەکەوێتە ناو قسەکانتەوە . ... بەڵام من لەبەر ئەوە ناتکوژم کە تۆ تاوانباریت، دکتۆر . بەڵکو لەبەرئەوە دەتکوژم کە تۆ بەتەواوی لە کردەوەکانی خۆت پەشیمان نەبویتەتەوە . من دەتوانم لە کەسێک ببورم کە بەتەواوی پەشیمان بوبێتەوە، کەسێک کە لەناو هەموو ئەوانەی هەڵەیان کردوە، هەستێتە سەرپێ و بڵێ من هەموو ئەو هەڵانەم کردوە، بەڵام جارێکی تر هەڵەی وا دوبارە ناکەمەوە .

ڕۆبەرتۆ : لەوە زیاتر چیت دەوێ ؟ تۆ لە هەموو ئەو قوربانیانەی کە لەم وڵاتەدا هەن زیاترت بۆ کراوە . ( دەکەوێتە سەر ئەژنۆ ) لەوە زیاتر چیت دەوێ ؟

پۆڵینا : ڕاستیم دەوێت، دکتۆر . ڕاستیم پێ بڵێ و ئیتر من ڕێگات پێ دەدەم بڕۆیت . پەشیمان بەرەوە و ئیتر من ڕێگەت پێ دەدەم بڕۆیت . دە چرکەت بۆ دائەنێم . یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، کات خەریکە تەواو دەبێت . حەوت . بیڵێ !

( ڕۆبەرتۆ هەڵدەستێتە سەر پێ )

ڕۆبەرتۆ : نەخێر . نامەوێت . لەبەرئەوەی ئەگەر من دان بە هەموو شتێکیشا بنێم تۆ هێشتا دڵت ئۆخەی ناکات و لە دواجاردا هەر دەمکوژیت . کەواتە فەرموو بمکوژە . من ڕێگە بە خۆم نادەم هیچ ژنێکی نەخۆش ئاوا مامەڵەم لەگەڵا بکات . ئەگەر دەتەوێت بمکوژیت، فەرموو ڕامەوەستە . بەڵام تۆ پیاوێکی بێ تاوان دەکوژیت .

پۆڵینا : هەشت .

ڕۆبەرتۆ : کەسێک لە ڕابردوودا هەڵەی ناشرینی بەرانبەر تۆ کردوە، ئیستاش تۆ هەمان هەڵە

بەرانبەر بە من دەکەیتەوە . سبەینێ کەسێکی تریش هەمان شت .... دوبارە دەکاتەوە و بەردەوام دەبێ . من مندالْم هەن، دوو کورٍ و کچێک . ئایا دەبێت ئەوانیش پانزە سالْی ژیانی خۆیان تەرەخان بکەن بە گەڕان بە دوای تۆدا تا بتدۆزنەوە ؟ ئەمجا ئەوەش ....

پۆلْینا : نۆ .

رۆبەرتۆ : ئۆی پۆلْینا، ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە زەبرو زەنگ ڕابگرین ؟

پۆلْینا : بەلاّم بۆچی دەبێت هەمیشە کەسانێکی وەکو من ببنە قوربانی ؟ بۆچی لە دواجاریشدا هەر دەبێت ئێمە ئەو کەسانە بین کە دەستبەرداری مافەکانمان بین ؟ ئەی کەی دەبێت مافی خۆمان وەرگرین ؟ بۆچی دەبێت هەمیشە ئەو کەسە من بم کە زمانی خۆی دەگەزێت ؟ بۆچی، بۆ ؟ باشە، نابێت ئەمجارە وابێت . ئەمجارە من خۆم بیر لە خۆم دەکەمەوە و بڕیاریش بۆ خۆم دەیدەم . هەتا ئەگەر دادوەریم تەنیا بۆ جارێک و بۆ یەک کەیسیش کرد بێ . چیم لە دەست دەچێت ؟ چیم لەدەست دەچێت ئەگەر یەکێکم لەو تاوانبارانە کوشتبێت ؟ چیم لە کیس دەچێت ؟ چیم لە کیس دەچێت ؟

( لە شوێنی خۆیاندا دەوەستن و ڕوناکی بە شێنەیی نامێنێت . گوێمان لە ئاوازی دوا پارچەی چوار ژەنیاری " لێکنەچونی " ی مۆزارت دەبێت . پەردەیەکی ئاوێنەیی دادەرێتەوە کە پۆلْینا و رۆبەرتۆمان لەبەرچاو دەشارێتەوە، پەردەکە وا لە بینەران دەکات خۆیان ببینن . بۆ ماوەیەکیش گوێمان لە ئاوازەکە دەبێت، لەو کاتەدا کە بینەران تەماشای خۆیان دەکەن لە ئاوێنەکەدا چەند بازنەی ڕۆشنایی دەکەوێتە سەر بینەران، کە هەر جارەی دوو کەس یان سێ کەس لە ریزەکانی خوارەوە و سەرەوەی هۆلْەکە هەلْدەبژێرێت )

## دیمەنی دووهەم

هۆڵێکی کۆنسێرتە، ئێوارەیەکە لە پاش چەند مانگێک دواتر . جیراردۆ و پۆڵینا بە جل و بەرگێکی ڕازاوەوە دەردەکەون . وا دانیشتوون کە ڕوویان لە ئاوێنەیەکە و پشتیان لە بینەرانە، لەوە دەچێت لەسەر دوو کورسی یان دوو جێگا، لەناو بینەرانا دانیشتبن . لەگەڵ مۆسیقاکەدا گوێمان لە چەند دەنگێکی بینەرانە کە تێکەڵ بە کۆنسێرتەکە دەبێت وەک : قورگ پاکردنەوە، کۆکە، تێبینی دان لەسەر پرۆگرامی کۆنسێرتەکە و هەناسە دان . کە مۆسیقاکە تەواو دەبێت، جیراردۆ چەپڵە لێ دەدات، گوێمان لە چەپڵەی نەبینراوی بینەرانیش دەبێت بە دوایدا . پۆڵینا چەپڵە لێ نادات . وردە وردە چەپڵەکان کز دەبێت . دوای ئەوەی کە بەشی یەکەمی بەرنامەکان کۆتایی دێ، گوێمان لە قسە کردنی ئاسایی بینەران دەبێت، لەناو هۆڵی کۆنسێرتەکەدا . قورگ پاک کردنەوەی خەڵک، دەنگە دەنگ، تێکەڵاو بوونی خەڵکەکان بۆ چوونە دەرەوە بەرەو تارمەیەک . پۆڵینا و جیراردۆش هەڵدەستن، چاک و چۆنی خەڵک دەکەن و رادەوەستن بۆ قسە کردن . بە هێواشی لە ریزە کورسیەکان دێنە دەرەوە و بەرەو تارمە خەیاڵیەکە دەڕۆن کە پڕە لە خەڵک، گوێمان لە هەرا و دەنگە دەنگە . جیراردۆ لەگەڵ چەند بینەرێکا قسە دەکات کە لە کۆنسێرتەکەدا بوون . قسەکانیان تێکەڵ دەبێت بەو هەرا و دەنگەی ناو تارمەکە .

جیراردۆ : ( بەگەرمی لەگەڵ چەند بینەرێکا قسە دەکات ) بۆچی، زۆر سوپاس، زۆر سوپاستان دەکەم ....
بەڵێ، من زۆر ماندووم، بەڵام ماندووبونەکەمان شایانی خۆی بوو ... بەڵێ، ئێمە بە ئەنجامی کۆتایی لیژنەکە زۆر شەرافەتمەند بووین .
( پۆڵینا بە شێنەیی لێی دور دەکەوێتەوە بەرەو بارێکی بچکۆلە دەڕوات کە لەو ناوەدایە .
جیراردۆ خەریکی قسە کردنە لەگەڵ بینەرەکاندا تا پۆڵینا دێتەوە )

لەڕاستیا خەڵک جوامێرییەکی زۆریان نواند بەبێ ئەوەی کەس بیر لەوە بکاتەوە پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە و بەرژەوەندی تایبەتی بەرێ ... بڕوا بکەن من هەمیشە دڵنیابووم لەوەی کە کارەکەمان هەوڵدانێکە بۆ ئاشتەوایی گشتی و سارێژ بوونی برینەکان، بەڵام ئەوەی پێم سەیر بوو، ئەوە بوو کە هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی دانیشتنی یەکەمەوە، خەڵک بە خۆشیەوە باوەشیان بۆ گرتینەوە .

پیرێژنێک هاتبوو گەواهی بدات، لەسەرەتاوە زۆر شەرمن بوو، هەر بە پێوە کەوتە قسە کردن .

" فەرموو دانیشە "

سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە داوای لێ کرد دانیشێت و بۆ خۆی هەستایە سەر پێ و کورسیەکی بۆ ڕاگرت تا لەسەری دانیشێت . ژنەکە دانیشت و دەستی کرد بە گریان . پاشان تەماشای ئێمەی کردو و گووتی : " گەورەم ئەوە بۆ یەکەم جارە " . ئەمجا پێی گووتین .... مێردەکەی بۆ چوارده ساڵە دیار نەماوە و بۆ خۆشی هەزاران کاتژمێری بە فیڕۆ داوە بە پێشکەش کردنی داخوازی بۆ ئێرە و ئەوێ . هەزاران کاتژمێری بەدەم چاوەڕوانییەوە بردۆتە سەر . " ئەوە بۆ یەکەمین جارە " بە ئێمەی دەگووت : " بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە، گەورەم، ئەوە بۆ یەکەمین جارە کەسێک داوام لێ بکات دانیشم " .

" بە درێژایی هەموو ژیانم، هیچ کەسێک پێی نەگووتوم دانیشم " .

( لەو کاتەدا پۆڵینا پارچە شوکولاتەیەک دەکرێت ... خەریکە پارەکەی دەدات . رۆبەرتۆ لە ژێر جۆرێک ڕۆشنایی کە زیاتر لە ڕۆشناییەکی کزی تریفەی مانگ دەچێت، دێتە ژورەوە . دەکرێت دەرکەوتنەکەی ڕاستی بێت، یان وەک تارماییەک لە ئەندێشەی پۆڵینادا بێت .

پۆڵینا هێشتا ئەوی بە دی نەکردوە، زەنگی دەست پێکردنەوەی ئاهەنگی مۆسیقاکە دەبیسترێت .

پۆڵینا دەگەڕێتەوە بۆ تەنیشت جیراردۆ کە لەوە دەچێت لەو کاتەداخەریک بێ لە قسەکانی بێتەوە .

رۆبەرتۆ لە پشتەوە دەمێنێتەوە و لەدورەوە تەماشای پۆڵینا و جیراردۆ دەکات )

ئەما دەربارەی پیاوکوژەکان، هەتا ئەگەر ناوەکانیشیان نەزانین، یان بۆمان نەکرێت

ناوەکانیشیان ئاشکرا بکەین . ئەها، پۆڵینا لەکاتی خۆتا هاتیتەوە . چاکە، یەکتری دەبینین پیرەمێرد .
ئەوە من لەوساوە نەمتوانی هەناسەیەک بدەم، ڕەنگە بتوانین لەماڵەوە دوو پێک بخۆینەوە .
پۆوەکەم، کۆکتێلێکی شەرابم بۆ ئامادە بکە کە هەموو تووکی سەرم ڕەق ڕابوەستێنێت .

( پۆڵینا و جیراردۆ لەسەر کورسییەکانیان دادەنیشن، رۆبەرتۆ دەچێتە سەر کورسییەکی تر . بەردەوام تەماشای پۆڵینا دەکات . ئامێر ژەنە خەیاڵییەکان دەردەکەون، گوێمان لە چەپڵە دەبێت . ئامێرەکان تاقیدەکرێنەوە و ئەمجا دەکەونە ئاواز لێدان، پاشان " مەرگ و پاکییزە " لێدەدەن . جیراردۆ تەماشای پۆڵینا دەکات کە خەیاڵی رۆیشتوە . دەستی دەگرێت و تەماشای پێشەوە دەکات . پاش ماوەیەک، پۆڵینا ئاوڕ دەداتەوە و تەماشای رۆبەرتۆ دەکات . بۆ ساتێک نیگاکانیان ئاوێزانی یەک دەبێ ئەمجا ڕوو دەکاتەوە پێشێ و تەماشای هۆڵەکە و ئاوێنەکە دەکات . ڕۆشنایی نامێنێت لە کاتێکا ئاوازەکە، بەردەوامە و بەردەوامە و بەردەوام .

پەردە دادرێتەوە

پاشکۆ

بۆ زیاتر ناساندنی ئێریەڵ دۆرفمەن، وا لە خوارەوە خوێندنەوەیەک بۆ بەرهەمێکی تری گرنگ و ناوازەی ئەو دەکەین، کە دەڵێم گرنگ، بەلای ئێمەی خوێنەری کوردەوە گرنگ . چونکە زیاد لە هەر گەلێک خۆمان لەو شانۆییەدا دەبینینەوە و بەو هیوایەی بۆمان بکرێ خزمەتێکی زیاتر بە خوێنەری کورد بکەین . هیوا دەخوازم لە داهاتوویەکی نزیکا ڕۆژگار یاریدە بدات ئەو بەرهەمەشی بکەینە کوردی یان کەسێکی دی ئەو کارە بکات .

شانۆیی بێوەژنەکان :

ئەم دەقە لای دۆرفمەن لە پێشدا وەک شیعرێکی درێژ لە دایک بوە و بەمجۆرە دەست پێدەکات :

ئەتەوێت چی بڵێی ... لاشەیەکی دییان دۆزیوەتەوە ؟

من گوێم لێت نییە ... ئەم بەیانییە لاشەیەکی دی کەوتۆتە سەر دەریا ؟

دەنگت هەڵبڕە .. تۆ تەنانەت گوێش بەوە نادەی کە کەس ناتوانێ بیناسێتەوە ؟

بەڵام ئەو چیرۆک و حیکایەتانەی کە لەپشتی ئەم شیعرەوەن، وەک تارمایی بەردەوام بەشوێن دۆرفمەنەوەن و لە کۆڵی نابنەوە، ئەوە تارمایی مردووەکانی شیلین، کە سەردەمانێک ئەوانیش زیندوو بوون و هاوڕێ و دۆست و کەسە نزیکەکانی بوون . دۆرفمەن دڵی ئاو ناخواتەوە و ئەمجا ڕۆمانێک بەو ناوەوە دەنوسێت، ئەو ڕۆمانەش بۆی ناکرێت، ئازارەکانی لەناو خۆیدا جێ بکاتەوە و پەنا بۆ شانۆ دەبات .

ئەوەی ئێمە لێرە بە دواوە هەوڵدەین قسەی لەسەر بکەین، ئەو تێکستە شانۆییەیە کە نەک هەر تەنیا بۆ گەلی شیلی، بەڵکو بۆ هەموو ئەو گەلانەش کە بەدەست زوڵم و زۆری دیکتاتۆرییەتەوە ناڵاندویانە، وێنەی خۆیانی تیا دەبیننەوە، بۆ ئێمەی کوردیش هەروەها .

ئەم شانۆییە چیرۆکی مرۆڤ و دەریامان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو دەریایەی کە ڕۆژانە لاشەی ئەو مردوانەمان بۆ دەهێنێتەوە، کە ڕۆژانێک بەر لە ئیستا لێرە بوون و لەگەڵمانا هەناسەیان دەدا و هەموان پێکەوە دەگریاین و پێدەکەنین . پێکەوە خەونمان دەبینی و بەدەم ژیانەوە گۆرانیمان دەچڕی، بەدەم زوڵم و زۆرەوە هەڵدەهاتین و دەمانویست ژیان و دەوروبەر جوانتر بکەین .

بۆیە قەدەرێکی سەیر نییە ئەم شانۆییە لە دونیای ئێمەوە  زۆر نزیک بێت .

دایە سۆفیا، ئەو پیرێژنەیە، کە باوکی و مێردەکەی و دوو کوڕی دیار نین، لە پاڵ ئەویشەوە هەموو بێوەژنەکانی ئەو دۆڵە دەبینین کە وێنەی دایە سۆفیا گیرۆدەی هەمان چارەنوسن .

شوێن کەناری دەریایەو هەموو بێوەژنەکان چاوەڕوانی گەڕانەوەی پیاوەکانیانن، کە جەنگ هەموویانی هاڕیوە و کەس شتێکیان لەبارەوە نازانێت .

ئەوە دایە سۆفیایە کە هەردەم چاوی بڕیوەتە دەریا و وێڵی بینینی شتێکە لە دەریاوە بێت .

دەنگێک لە دورەوە هەواڵێکی ئەوانی پێ بێ .

باوکە گابریڵ، کە نوێنەری ئایینە لەو دۆڵەدا، دێت و هەواڵی هاتنی کاپتنی تازە بۆ خەڵکەکە دێنێت، یان ڕاستر بۆ بێوەژنەکان دێنێت، چونکە پیاوێک لەو دۆڵەدا نەماوە، ئەو پیاوانەی لەوێن یان سەربازن یان دەستیان لەگەڵ ڕژێمدا هەیە . بێوەژنەکان بەرەو ڕووی کاپتنی تازە دەڕۆن، نەک بۆ بەخێرهاتنی، بەڵکو بزانن چ پەیامێکی بۆ ئەوان پێیە . کاپتن دێت و پەیامی رۆژگارێکی تازە دەدات بە گوێی بێوەژنەکاندا .

کاپتن : جەنگ دوایی هات، جەنگ لە هەموو شارەکان، لە هەموو

شاخەکان و تەنانەت لە دۆڵەکەشدا دوایی هات .

ئەرکی نیشتمانی، ئەوەیە کە ئاشتی بەرقەرار بێ، ئەو ئاشتییەی

لەگەڵ خۆی پێشکەوتن دەهێنێت . بەڵام لە یادەوەری هەندێکتانا

شەڕ هەر ماوە .

ئەم دەقە لەناو یادەوەریدا هەناسە دەدات، یادەوەری ئەو مرۆڤانەی کە ڕۆژگارێک لەگەڵماندا بوون و بەیانییەک لەخەو بە ئاگا هاتین، ئەوان لێرە نەمابوون، بەڵام سێبەرەکانیان لێرەیە، ئەوان رویشتن و هێشتا قاپی نان خواردنەکانیان لەسەر خوانەکان هەڵنەگیراوە . هێشتا خێزانەکانیان لەسەر جێگای

نوستنەکان دەست دەگێڕن و تەماشا دەکەن ئەوەی کە تۆزێک لەمەوبەر لەپاڵیاندا نوستبوو، لەوێ نەماون و بەردەوام چاوەڕێی گەڕانەوەیان دەکەن . منداڵان لە بەردەرگا چاویان بڕیوەتە کۆڵان و پێیان وایە ئیستا نا تاوێکی دی باوکەکان دێنەوە . لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەخاتە ڕوو، ئایا دەکرێت مرۆڤ دەستبەرداری یادەوەری بێت ؟ ئەگەر مرۆڤەکان بە خۆشی خۆیان دەستبەرداری یادەوەری نابن، لەژێر فشاری زەبروزەنگدا دەکرێت ئەوەیان بەسەردا بسەپێنرێت کە دەست لە یادەوەری هەڵگرن ؟

کاپتن : ئێمە دەبێت هەردولامان بە خۆمانا بچینەوە، ئێمە چ خەڵک و چ سوپا

زەرو زیانێکی گەورەمان لە یەکدی داوە . هەردولامان بە باوەش

کردنەوە بۆ داهاتوو، دەکرێت ئەو ڕابردوە ترسناکە لەیاد بکەین .

ئێمە ئامادەین لە ئێوە ببورین، کە بێگوێی ئێمەتان کردوە، بەڵام بە مەرجێک

ئێوە هەموو ئەو ئازارەنەتان لەبیر بچێتەوە کە ئێمە بەسەرمان هێناون و هەلسوکەوتی خۆتان باش بکەن . بەمەرجێک ئێوە ئامادە بن کە ڕابردوو لە یاد بکەن .

لە بیر کردنی ڕابردوو، تاکە زامنی پێکەوە ژیانی جەللاد و قوربانییە، ناکرێت من و تۆ پێکەوە بژین و دەریایەک خوێنیش لە نێوانمان بێت . بۆیە هەمیشە قوربانی داوای لێ دەکرێت، کە بەجۆرێکی دی بیر بکاتەوە . دەسبەرداری کەسێتی خۆی بێت و بڕوانێتە من، منی جەللاد . ئەوە منی جەللادم کە هەمیشە ئەوەت بۆ دیاری دەکەم تۆ چۆن بژیت و بیر لە چی بکەیتەوە .

کاپتن : بەو جۆرە برینەکان سارێژ دەکرێن، ئیدی لەمەودوا ئێمەش گوێتان پێ دەدەین .

گوێ بە زەوییەکانتان دەدەین و کارگەی پەینتان بۆ دەهێنین . گوێ بە ئاژەڵەکانتان دەدەین . قوتابخانەتان بۆ دەکەینەوە .

لە دیالۆژێکی زۆر ناسکدا کە دەکرێت وەڵامێکیش بێت بۆ ئەو داوایەی کاپتن لە قوربانییەکانی دەوێت، دایە سۆفیا لەگەڵ دەریا دەدوێت و دەڵێت :

دایە سۆفیا : ئەی دەریا چیت بۆ هێناوم ؟ من پیرەژنێکی داماوم و لەوە زیاتر

ناتوانم چاوەڕێ بکەم .

فیدیلیا کە کوڕەزای سۆفیایە و باوکی لە ریزی ونبوەکاندایە، دەڵێت :

فیدیلیا : داپیرە، باپیرە دەگەڕێتەوە ... هەموو ئەوانەی کە دیار نەماون دەگەڕێنەوە .

تریسیا : ( یەکێکە لە بێوەژنەکان ) فیدیلیا درۆ مەکە ...

فیدیلیا : درۆ ناکەم کاپتنی تازە وایگووت ... ئەو گووتی پیاوەکان دەگەڕێنەوە .

تریسیا : ئەو گووتی دەبێت ئێوە باش بن .

فیدیلیا : بەڵام ئێمە بۆ خۆمان هەر باشین، ئێمە شتێکی هەڵەمان نەکردوە .

تریسا : بەڵام سۆفیا نا .

لێرەوە خەڵکی دۆڵەکە بەناچاری مل بەوە دەدەن کە ڕابردوو لەیاد بکەن . بەڵام ئەوەی کە ناتوانێ ڕابردوو لەیاد بکات، دایە سۆفیایە، ئەو ژنەی کە هەمیشە چاوی بڕیوەتە دەریا و چاوەڕوانە دەریا، کە تاکە دەروازەی بەستنتەوەی دۆڵەکەو دونیاشە، هەواڵێکی لە دورەوە بۆ بهێنێت، هەواڵێک دەربارەی

ئەوانەی کە رۆژگارێک لێرە بوون و دیار نەمان. .

بڕوانە ئەو دیالۆژەی کە بێوەژنەکان لەناو خۆیاندا دوبارەی دەکەنەوە .

تریسا : ڕابردوو لەیاد بکەن .

کاسرینا : ڕابردوو بنێژن .

رۆسا : با مردوەکان بڕۆن .

تریسا : ئەو وای نەگووت .

کاسرینا : ئەو بەهیچ جورێک باسی مردوەکانی نەکرد .

لێرە بەدواوە ڕوانینێکی جیاواز لەناو بێوەژنەکاندا سەرهەڵدەدات، کە روانینی سۆفیا و هەر کەسێتی سۆفیاشە کە دەبێتە گرێی شانۆییەکە و کێشمە کێش دەخوڵقێنێ .

سۆفیا : منیش بینیم .

رۆسا : گوێی لێ بگرە، ئەویش خراپتر لە کوڕەزاکەی درۆ دەکات .

سۆفیا : ئەوە کاری تۆ نییە .

رۆسا : ئەوە کاری منە، ئەو گووتی باش بن .

سۆفیا : من دەزانم ئەو وتی چی، ئەو باسی پەینی کرد .

ئیدی لە نێوان دەستبەرداربوون لە یادەوەری و هەوڵدان بۆ ئەوەی بە دڵی جەللادەکەت بیت، کارەکتەرێکی دی خۆیمان پێ نیشان دەدات، کە هێندەی هەموو کارەکتەرەکانی نێو شانۆییەکە زیندوە و هەر لە هەناسەی یەکەمەوە تا کۆتایی شانۆییەکە گوێمان لە دەنگ و هاواری دەبێت ،

ئەویش دەریایە . بەر لە کۆتایی هاتنی پەردەی یەکەم دەریا لاشەیەک لەگەڵ خۆی دەهێنێت، لاشەیەک کە ڕوخساری شێواوە و کەس نایناسێتەوە، لاشەیەک کە دەکرێت، باوک یان برا، یان کوڕی هەموومان بێت . چونکە لە دواجاردا هەموومان لە دوای ونبوەکان دەگەڕێین .

دایە سۆفیا کە تاکە بێوەژنە لە دۆڵەکەدا دەستبەرداری یادەوەریی نەبوە و بەردەوام چاوی بڕیوەتە دەریا، پێی وایە ئەوە لاشەی باوکێتی و دەریا هێناوێتیەوە .

سۆفیا : فیدیلیا بڕۆ باوە بانگ کە و لەوێشەوە پاچێک لەگەڵ خۆت بهێنە .

ئالێکس : ( کوڕەزای سۆفیایە ) ئەوە کێیە داپیرە ؟

سۆفیا : ئەوە باوکمە .

تریسا : نا ئەو نییە ... ئەو نییە سۆفیا .

سۆفیا : ئەوە .

تریسا : تۆ ناتوانیت بینێژیت .

سۆفیا : لێره نا، ئەو لەلای دایکمەوە شوێنی خۆی هەیە . لەگۆرستانەکەی سەر گردەکە .

ناشتنی مردوو، واتە کەسێتیەک لەم دونیایەدا جێ و ڕێی خۆی هەیە، کەسێک بەشەرافەتمەندی ژیاوە و بەهەمان ڕێز و نرخیشەوە دەنێژرێت. ئەگەرچی باوک، روخساریشی شێوێنراوە و کەس نایناسێتەوە بەڵام سۆفیا دەیەوێت ئەو بایەخەی بۆ بگەڕێنێتەوە و وەک مرۆڤێک بە خاکی بسپێرێت . کەسێکیش کە گۆڕی خۆی هەبوو، دەکرێت بچیتە دادگا و داوایەک پێشکەش بە دادوەر بکەیت تا هۆی مردنەکەیت بۆ ڕوون بکاتەوە.

ئایا سۆفیا بۆی دەکرێت لاشەی باوکی وەک ئینسانێک بە خاک بسپێرێت ؟

ئەفسەر، کە کەسێتیەکە هاوکاری کاپتنە و پێش کاپتنیش لەناوچەکەدا بووە و خۆی بکوژ و ببری هەموو قوربانییەکان بوە، ناشیەوێت تاوانەکانی بکەونە ڕوو . پێچەوانەی کاپتن پێی وایە نابێت ڕێگا بە کەس بدرێ لاشەی یاخی بوەکان بەخاک بسپێرێت . کاپتن پەیمان بە دایە سۆفیا دەدات کە ڕێگای بدات لاشەی باوکی بەخاک بسپێرێت . بەڵام لە دەرەوەی ئیرادەی کاپتنا ئەفسەر لاشەکە دەسوتێنێت .

کاپتن : تۆ دڵنیایت لەوەی کە ئەو پیاوە خنکاوە، باوکتە ؟

سۆفیا : بەڵێ .

کاپتن : بەڵام بۆچی پیرەمێردێکی ئاوا تێکەڵ بەکاری سیاسی بوە ؟

سۆفیا : باوکم سیاسی نەبوە .

کاپتن : باشە، تۆ گوتت باوکت بەند کراوە، بەڵام بۆچی ؟

سۆفیا : لەسەر هیچ .

کاپتن : خاتوو فیونتس، هیچ کەسێک بەبێ هۆ بەند ناکرێت ؟

پرسیاری سەرەکی لەم دیالۆژەوە دەخولقێت، ئایا دیکتاتۆرەکان چ پاساوێکیان بۆ گرتن و کوشتنی هەزاران مرۆڤی بێ گوناه هەیە، کە ڕۆژانە لێرە و لەوێ دەبنە قوربانی ؟

کاپتن، بەخاتری ئەوەی کە نەخشەکەی سەربگرێ و هەرێمەکەی ناوچەیەکی بێ دەنگ و سەلامەت بێ، بەڵێنی ئەوە بە دایە سۆفیا دەدات کە ڕێگەی با، باوکی وەک مرۆڤ بشارێتەوە . بەڵام دواجار ئەفسەر لاشەکە دەسوتێنێ و دایە سۆفیا لەو ئومێدە بێ بەش دەبێت کە خەونی پێوە دەبینێت .

کاپتن و ئەفسەر، دەکەونە دیالوژێکی پێچەوانەوە، کە هەریەکەیان خاوەنی دوو بیرکردنەوەی شەرانگێزن، بەڵام دواجار دەچنەوە ناو یەک سەرچاوە، کە ئەویش بێدەنگ کردن و سڕینەوەی کەسێتی قوربانییەکانە.

کاپتن : تۆ لاشەکەت سوتاند ... چۆن وێرات ئەوە بکەیت ... من فەرمانم پێدایت کە لاشەکە بگەڕێنیتەوە بۆ ....

ئەفسەر : ببورە گەورەم، گوێ لە خۆت بگرە . لەوانەیە ئیستا لە شوێنێکی ئەم وڵاتەدا

فەرماندارەکەی تۆ، پارچە پەڕەیەک ون بکات . ئیمزایەک بگۆڕێت.

لاشەیەک بسوتێنێ تا پاشەڵی تۆی پێ داپۆشێت . بۆم داپۆشە . لەم بەهەشتی

دیموکراتیەدا وا نەکەین، سوپا بەڕێوە ناچێت . تۆ بۆ منی داپۆشە، منیش بۆ تۆی دائەپۆشم .

کەمێک پێش ئەمەش لە دیمەنێکی ناوازەی شانۆییەکەدا ئەفسەر و پزیشک خەریکی پشکنینی لاشەکەن، بۆ ئەوەی بۆیان روون بێتەوە کە ئەم لاشەیە کێیە . ئەوان دەیانەوێت ئەوە ڕوون بکەنەوە کە لاشەکە لێدان و ئەشکەنجەدانی بە خۆوە نەدیوە، بەڵکو ئەوە دەریایە مرۆڤەکان دەکوژێت و

لاشەکان دەشێوێنێت .

ئەفسەر : ئێمە هیوا دەخوازین دکتۆر زانیاری تەواومان دەربارەی لاشەکە پێ بدات.

پزیشک : سوتێنراوە، لێیدراوە، ئێسقانەکانی ورد و خاش کراوە . کارەساتە .

پێوەی دیارە بەرلەوەی فڕێی بدەنە دەریاوە، چاکیان لێداوە . هەروەها

برسیشی بووە، تەماشای پەراسووەکانی بکە .

ئەفسەر : من پێم وایە دەریا وای لێ کردبێت .

پزیشک : ئەی بۆ سوتاوییەکەی ؟

ئەفسەر : من هیچ سوتاوییەک نابینیم، جوانتر لێی وردبەرەوە .

پزیشک : ئەوەی من دەیزانم پێم گووتی، بەڵام ئەگەر تۆ شتێکی جیاوازتر دەبینی ....

ئەفسەر : هیچ بەڵگەیەکت دەربارەی کەسێتی لاشەکە بۆ دیاری ناکرێت ؟ تەمەنی ؟

پزیشک : من ناتوانم تەمەنی دیاری بکەم . لەوەدەچێ بۆ چەندەها مانگ خۆر لێی

نەدابێت، بەڵکو بۆ چەندەها ساڵ . بەڵام گوندییە . تەماشای دەستەکانی بکە .

بە دڵنیایی شکێنراون ... پێم وایە دەریا شکاندبێتی .

لە پەردەی دووەمدا، دەریا جارێکی دی لاشەیەکی دی فڕێ دەداتەوە سەر وشکانی .

ئەمجارە، سۆفیا لاشەکە دەناسێتەوە، ئەوە لاشەی میشێلی مێردێتی .

بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە، سۆفیا تاکە بێوەژنێکە کە هانی بێوەژنەکانی دی دەدات کە

دەسبەرداری یادەوەری نەبن، ئەمەش دەبێتە گەورەترین مەترسی بۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە .

دەستەڵاتدارانی ناوچەکە دەستەپاچەن لەبەرانبەر ئەو لاشانەی کە ڕۆژانە دەریا بۆیان دەهێنێت و کێشەیان بۆ دەخوڵقێنێت. بەڵام گرنگ ئەوەیە بەهەر پاساوێک بێت، ڕێگە نەدەن ئەو لاشانە بنێژرێن . ئایا ڕێگە دەدرێت دایە سۆفیا لاشەی میشێلی مێردی لە خاکدا بشارێتەوە ؟

ئەمانوێیل کە خۆی خەڵکی ناوچەکەیە و پیاوی رژێمە بۆ داپۆشینی تاوانەکانی ئەفسەر فێڵێک دەدۆزێتەوە .

ئەمانوێیل : ئەگەر کەسێکی تر داوای لەسەر لاشەکە هەبوو . کەسێک بەربەرەکانێ بکات.

بۆ نمونە ئەوە لاشەی مێردی کەسێکی ترە . هەر کەسێک کە مێردەکەی لە ڕوداوێکا

تیا چوو بێت . دونیایەک پیاو هەن کە دیار نەبن و ئەفسەر بەندی نەکردبن .

پرسەی هەر کەسێک کە ئەفسەر تیا شەرمەزار نەبێت .

کاپتن : تۆ کێت لە مێشکایە ؟

ئەمانوێیل : زیۆ سانجیس .

ئەمانوێیل لە نمونەی ئەو کەسە بێ هەست و سۆزانەن کە پێیان گرنگ نییە لە وڵاتا چی روو دەدات، ئەوەندی بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە . ئەو سیسیلیای ژنی زیۆی تەفرە داوە بەوەی کە مارەی دەکات و دەیبات بۆ شار و دونیایەک مناڵی لێ دەخاتەوە . کە مناڵ تاکە هیوای سیسیلیایە .

ئەمانوێیل : تۆ دەتەوێت مێردەکەت بگەڕێتەوە .

سیسیلیا : من تۆم دەوێت .

ئەمانوێیل : کەواتە بە خاکی بسپێرە .

سیسیلیا : بەڵام ئەوە مێردەکەم نییە .

ئەمانوێیل : ئەوە خۆیەتی ئەگەر تۆ ئارەزوو بکەیت .

سیسیلیا : نەخێر . ئەوە کەسێکی ترە . زیۆ دەگەڕێتەوە .

ئەمانوێیل : بڕۆ بینێژە و دڵنیابە ئەو نایەتەوە .

سیسیلیا : خۆزگە ئەوەندە ئاسان بوایە .

ئەمانوێیل : گوێم لێ بگرە . بڕۆ بینێژە، ئەو هەرگیز ناگەڕێتەوە . ئەوە بە خاتری

کاپتن بکە و کاپتنیش دڵنیات دەکات لەوەی کە زیۆ جارێکی تر

سەرهەڵناداتەوە .

سیسیلیا : من ناتوانم ئەوە بکەم .

ئەمانوێیل : کەواتە یەکێکمان هەڵبژێرە، من یان ئەو .

سیسیلیا : ( ئەمانوێیل ماچ دەکات ) بەڵێنم پێ دەدەیت کە چووینە شار بمکەیت

بە دایکی هەزاران مناڵ .

ئەمانوێیل : ملوێنێک مناڵ .

ڕەنگە قەدەر نەیەوێت دایە سۆفیا مردوەکانی وەک ئادەمیزاد و بەوپەڕی ڕێزەوە بشارێتەوە . دوای ئەوەی کە لاشەی باوکی سوتێنرا، ئەوەتا لاشەی مێردەکەی بەناوێکی ترەوە بە خاک دەسپێردرێت .

مرۆڤەکان تەنیا بە زیندوێتی کێشە بۆ دەسەڵات نانێنەوە، ئەوەتا بە مردویش دەبنە کێشە .

دایە سۆفیا : من هەمیشە دەتوانم بیناسمەوە، ئەگەر چاوەکانیشم بنوقێنم، یان لە تاریکیشدا و کوێریش بم دەتوانم میشێلەکەی خۆم بناسمەوە .

دەسەڵات دەتوانێت هەموو شتێک بکات و هیچ دەستە و تاقمێکیش بۆیان نییە دەنگ هەڵبڕن، تەنانەت نوێنەری ئاینیش کە خۆی لە باوە گابرێلا نمایش دەکات و بۆ خۆشی دڵنیایە کە ئەوە میشێلە و زیۆ نییە، کەچی دەنگ هەڵنابڕێ تا خواوەندی خۆی ڕازی بکات و لە ترسی گیانی خۆی، یان لە ترسی لە دەست نەدانی کارەکەی مل بۆ ئارەزووی کاپتن شل دەکات .

کاپتن : من ڕێگەی پێ دەدەم کە مردووەکەی بنێژێت .

باوە گابریڵ : تۆ کەسێکی بەخشندەیت .

کاپتن : باوە تۆ پێت وایە خواوەندی گەورە دەمانبەخشێت .

باوە گابریڵ : تا ئەو کاتەی بۆ خاتری ئاشتی کار بکەین، بەڵێ دەمانبەخشێت .

کاپتن : ناتوانم پێت بڵێم ئەوە چەندێک ئارامیم پێ دەبەخشێت .

باوە گابریڵ : ئەوە هەروەها ئارامیش بە گیانی ماندووی دایە سۆفیاش دەبەخشێ .

کاپتن : سۆفیا، وا بزانم تۆ هێشتا ئەوەت نەزانیوە . ئەوە هەڵە بوو . هەڵەی سۆفیا بوو .

ئەو لاشەیە لەلایەن سیسیلیاوە داوای لەسەر تۆمار کراوە .

باوە گابریڵ : من ناتوانم نوێژی لەسەر بخوێنم . میشێل هاوڕێم بوە . ئەو بۆ چەندین جار لەسەر ئەو کورسیە دانیشتوە کە تۆ ئیستا لەسەری دانیشتوویت .

بەڵام لە دواجاردا باوە گابرێل ناچار دەبێت، بۆ ئەوەی کە کوڕەزا بچکۆڵەکەی سۆفیا نەکوژرێت و کاپتن بۆی ئازاد بکات نوێژ لەسەر میشێل بکات و وەک زیۆی مێردی سیسیلیای بناسێنێت .

دیمەنی سێهەم لە بارودۆخێکی چاوەروان نەکراودا، ئالۆنسۆی کوڕی دایە سۆفیا لە دونیای ونبوانەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام وەک کەسێکی ئاسایی نا، بەڵکو دوای ئەوەی کە لە زینداندا چۆکی داداوە و بڕیار دەدات ناوی هەموو ئەوانە بڵێ کە لە دژی ڕژێم کاریان کردوە . ئالۆنسۆ دەگەڕێتەوە بەڵام هیچ شتێک لە ڕوداوەکان ناگۆڕێت، ئەو تەنیا وەک جەستەیەکی بێ گیان گەڕاوەتەوە و کەسێکی زیندوو نییە، ڕەنگە ئەگەر وەک هەموو ئەوانی دی دەریا لاشەکەی بهێنایەتەوە لە ئیستای شەرافەتمەندانەتر تەماشای بکرایە .

ئالونسۆ لە شانۆییەکەدا باوکی منداڵێکە کە فێری قسە کردن نابێت و ڕەنگیشە تا ئەبەد بەلاڵی بمێنێتەوە . لە سەرەتای شانۆییەکەدا و لە دیمەنی یەکەمدا دۆرفمەن سەرنجمان بۆ ئەو منداڵە ڕادەکێشێت .

تریسا : منداڵەکە نایەوێت بدوێت ؟

یانینا : ( دایکی منداڵەکەیە و خێزانی ئالۆنسۆیە ) هەر هیچ .

تریسا : تەمەنی چەندە ؟

یانینا : لەوە تێپەڕیوە کە فێری قسەکردن بێت .

ئەو کاتەش کە کاپتن چی دی بۆ نامێنێتەوە کە دایە سۆفیای پێ بێدەنگ بکات، ئەو سۆفیایەی کە هەموو بێوەژنەکانی دیشی هان داوە کە داوای مردوەکانیان بکەنەوە . مێرد و کوڕ و باوکەکانمان دەوێتەوە، ئەگەر زیندوون، ڕێگایان بدەن بێنەوە ماڵێ . ئەگەر مردووشن ئەوا لاشەکانمان بدەنەوە تا

بیاننێژین . بەڵام دوای ئەوەش دەبێت پیاوکوژان دادگایی بکرێن . ئەوە داوای دایە سۆفیا و هەموو بێوەژنەکانی تریشە .

لە دیمەنێکی ناوازەدا کە دەشێت بە زیندووترین و مانادارترین دیمەنی شانۆییەکەی تەماشا بکەین، ئەو ساتەیە کە کاپتن، داوا لە دایە سۆفیا دەکات، سەرپشک بێت لە هەڵبژاردن لەوەی کە ئایا بۆ هەتاهەتایی بێدەنگ بوون هەڵدەبژێرێت یان ئەوەی لەبەردەمیا، ئالێکسی کورەزای، کە دواین نێرینەی زیندووی خێزانەکەیە بکوژرێت .

گرانترین بڕیار لێرەدایە، ئایا دایە سۆفیا بێدەنگی هەتایی هەڵدەبژێرێت و دەستبەرداری گەڕان لە دوای لاشەی مردوەکان دەبێت، بەرانبەر بەوەی گیانی دواین نێرینەی زیندووی خێزانەکەیان بپارێزێت یان ئامادەیە گیانی دواین نێرینەش بکاتە قوربانی بەرانبەر داوایەک کە داوایەکی ئینسانییە و بێدەنگ بوون و وازهێنان لە بەرانبەر ئەو داوایەش نەک هەر مانای خۆکوشتن دەدات، بەڵکو ڕازی بونیشە بەسەرشۆری و مل دانە  بە قەدەرێک کە قەدەرێکی ئینسانی نییە .

کاپتن : ئەگەر کوڕەزاکەت بدەمەوە تۆ چیم پێ دەبەخشیت ؟

سۆفیا : بۆ ماوەیەک ئاشتی . تەنیا بۆ ماوەیەک .

لەو کاتەدا کە کاپتن داوا لە دایە سۆفیا دەکات کە ساتێکی کورتی ماوە، هەرچی هەیە دەتوانێت بە کوڕەزاکەی بڵێ . ئەویش داوای لێ دەکات تەنیا ڕێگای بدات دەستی لێوە بدات . دایە سۆفیا، بۆ دواجار دەست لەسەر دڵی دواین نێرینەی زیندووی بنەماڵەکەی دادەنێت و پێی دەڵێ .

سۆفیا : دەتوانی گوێت لێم بێت ؟

ئالێکس : بەڵێ .

سۆفیا : ئەوان ناتوانن گوێیان لێمان بێت، پیاوە پچکۆلەکەم .

من ناتوانم تۆ بپارێزم، ڕۆڵەکەم . لەوە تێدەگەیت بۆچی ؟

ئالێکس : نەخێر .

سۆفیا : تۆ لە من دەبوریت ؟

ئالێکس : بەڵێ .

سۆفیا : من شتێک هەیە پێتی بڵێم . گوندێک هەیە بۆ زیندووان و گوندێکیش هەیە بۆ مردووان و بۆ هەمیشەش ئابڵۆقەی ئێمەیان داوە . خۆت بنوسێنە بەو دیوارەی کەوتۆتە پشتەوە . دەستێک هەیە لەناو بەردەکەدا . دەستی لێوە بدە و بیگرە .

ئالێکس : من دەترسم، من ...

سۆفیا : بەڵێ، بەڵێ، دەستەکانی لەوێن، هەستی پێ دەکەیت ؟

ئالێکس : من هەست بە هیچ ناکەم .

سۆفیا : ئەوە باوکتە . دەستی دەناسیتەوە .

ئالێکس : بەڵێ .

سۆفیا : ئەوانە دەستێکی پۆلاینن، زۆر ناسکن بۆ تۆ . بۆیە دەبێت ئازا بیت .

هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوانەی کە لەدوای تۆوە دێن . خەڵکانی وەکو ئێمە نامرن .

کاپتن : خودا بتبەخشێ، خودا هەموومان ببەخشێت .

( تاریکی . دەنگی گوللەیەک دێت و بەدوایا گوێمان لە دەنگی گوللەیەکی تریش دەبێت )

لە کۆتایی شانۆییەکەدا فیدیلیا کە کچی ئەلکسەندرایە و کوڕەزای سۆفیاشە، ڕوو دەکاتە منداڵە لاڵەکە و دەڵێ :

تۆ دەبێت فێری ئەوە بیت چۆن قسە بکەیت، تۆ پێویستت بەوەیە قسە بکەیت . کۆمەڵێ شت هەن کە تۆ دەبێت باسی بکەیت . ئەگەر تۆ بڕیارت داوە کە هەر قسەش نەکەیت، ئەوا هەر چۆنێک بێت چیرۆکەکەت هەر دەگێردرێتەوە . دەیان چیرۆک هەن کە هاواردەکەن بگێردرێنەوە، ئەگەر وشەش نەبێت ئەوا لەڕێی پێستەوە بۆ خۆیان دزە دەکەنە دەرەوە .

ئەگەر لە شانۆی جیهانیدا بەدوای قەدەری دایە سۆفیادا بگەڕێین، قەدەری ئەنتیگۆنا دەبینینەوە کە سۆفۆکلیس لە شانۆیی ئەنتیگۆنادا نیشانی داوین . ئەو خوشکەی کە مل نادات لاشەی براکەی قەل و داڵ بیخوات و گیانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە بەرانبەر بە شاردنەوەی لاشەی براکەی . دواجار ئەنتیگۆناش و دایە سۆفیاش، دوو کارەکتەرن کە ئامادە نین بێدەنگ بوون هەڵبژێرن .

PLAY

# DEATH AND THE MAIDEN

WRITTEN BY : ARIEL DORFMAN

TRANSLATED TO KURDISH BY : FAROUQ HOMAR